لە گەڵ پایەداراندا

(١)

زانای پایە بەرز

ئەحمەدی کوڕی حەنبەل

نوسینی :

باوكي يوسف

م . مەجید حەمید مەجید

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ ساتیی بەهەشت

www.ba8.org

1428 کۆچی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وكفى ، والصلاة والسلام على نبيه المصطفى ، وصحبه الـــمجتبى ...
أما بعد :-

كاتێـك نوسـەرێك ژياننامـەی كەسـێك دەنوسـێت ديـارە ئـەو كەسـە چـەند رەوشتێكی تيادايە كە لە كەسانی تـردا نیـیە يـان كەمـە ، جـا لێـرەدا مەبەسـتم نوسينە لە سەر (ئيمامی ئەحمەدی كوڕی حەنبەل) كە چەند هۆكارێك هەبوون بۆ دەستنيشـان كردنـی ئـەم كەسـايەتیيە پايـەدارە ، چـەند ڕەوشـت و سـيفاتێكی تيادابوو كە لە خەڵكانی ئەو سەردەمەی خۆيـدا نـەبووە و بـەو شـێوە لـە كەسـی تردا كۆ نەبووەتەوە لەوانە : ـ

١. ئيمامی ئەحمەد كابرايـەكی زانـا و زاهيـد و فەقيـە و فـەرموودەناس و لـە خواترس بوو .
٢. ئەو (علم)ـەی كە پێی بوو كردەوە و (عمل)ی پێ دەكرد .
٣. بـە جۆرەهـا شـێوە تاقيكرايـەوە و لـە هەموويشـيدا بـە سـەركەوتوويی دەرچوو .

وە چەندين خاڵی تر .

وە من لە نوسـينی ئـەم كتێبـەدا پـەيڕەوێكم هەڵبـژاردووە خـۆم و بـە باشـم زانيوە ئەويش ئەوەيـە كـە بـە زمـانێكی سـادە و سـاكار و دوور لـە رەوانبێـژی و خۆماندوو كردن لـە هێنانـەوەی وشـەی گـران دا كـە زۆر جـار نوسـەر لـە ئامـادە كردنيدا ماندوو دەبێت و برای خوێنەريش ماندوو دەبێـت بـۆ دۆزينـەوەی مانـای وشەكە و تێگەيشتن لـێی ، جـا بـە باشـم زانـی كـە بـە زمـانێكی پـاراو و سـادە مەبەستەكە بە خوێنەر بگەيەنم .

نوسەر

م. مجيد حميد مجيد / كفری

پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل

ناو و نەسەبی : ـ

ناوی ئەم پێشەوایە باوکی عبدالله (**أحمد**)ی کوڕی (**محمد**)ی کوڕی (**حنبل**)ی کوڕی (**هلال**)ی کوڕی (**أسد**)ی کوڕی (**ادريس**)ی کوڕی (**عبدالله**)ی کوڕی (**حيان**)ی کوڕی (**عبدالله**)ی کوڕی (**أنس**)ی کوڕی (**عوف**)ی کوڕی (**قاسط**)ی کوڕی (**مازن**)ی کوڕی (**شيبان**)ـە [(١)] .

ئیمامی ئەحمەد لە سکی دایکیدا دەبێت کە باوکی لە شاری (مرو)ەوە چوو بۆ بەغدا و لەوێ لە مانگی رەبیعی یەکەمی ساڵی (١٦٤)ی کۆچی لە دایك دەبێ [(٢)] ، وە باوك و باپیری خۆی نەبینیوە چونکە لە تەمەنی سێ ساڵیدا دەبێ کە محمدی باوکی لە تەمەنی سی ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات ، بۆیە کەس بە ناوی باوکی‌یەوە نایناسێتەوە چونکە باوکی موجاهید بووە و ناوبانگی نەبووە بەڵام باپیری (حنبل) والی بووە لە (سرخس) و خەڵکی ناسیویەتی و ناوبانگی بووە ئێستا دەڵێن (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) وە حەنبەل یەکێك بووە لەوانەی کە بانگەوازیان بۆ خیلافەتی عەباسی کردووە لەسەردەمی ئەمەویدا چونکە ئەوی بە راستتر زانیوە [(٣)] .

وە دایکی ئیمامی ئەحمەد ناوی (صفية)ی کچی (ميمونة)ی کچی (عبد الملك)ی کوڕی (سوادة)ی کوڕی (هند)ی شیبانی بووە [(٤)] پاش کۆچی دوایی باوکی ئەم دایکە بە سۆزە ئیمامی ئەحمەد بە خێو دەکات ، لێرەدا بۆمان

---

(١) البداية والنهاية :(١٠ / ٢٧٣) ، مناقب الامام احمد بن حنبل : (١٦) ، طبقات الحنابلة : (٤) ، الائمة الأربعـــة : (١٥٩) ، حلية الاولياء : (٩ / ١٦٢) ، تاريخ بغداد : (٤ / ٤١٤) ، سير أعلام النبلاء: (٤٥٥/٧) ، طبقات الشافعية: (٥٦/٢) .

(٢) البداية والنهاية :(٢٧٣/١٠) حلية الأولياء : (٩ / ١٦٢ ــ ١٦٣)،المناقب :(١٣)، ابن حنبل:(١٢) ،الائمة الاربعـــة: (١٥٨) ،تاريخ بغداد: (٤١٥/٤) ، سير أعلام النبلاء : (٤٥٥/٧)،طبقات الشافعية : (٥٨/٢)،طبقات الفقهاء:(١٠١/١) .

(٣) ابن حنبل : (١٤) ، المناقب : (١٥) ، الأئمة الأربعة : (١٥٩) ، سير أعلام النبلاء : (٤٥٨/٧).

(٤) المناقب:(١٩)، الائمة الأربعة: (١٥٩) .

دەردەکەوێت کە دایك و باوکی ئیمامی ئەحمەد لە بەنی شیبانن[٥] بۆیە زۆر جار ئەگەر بڕۆیشتایە بۆ شاری بەسرە لە مزگەوتی بەنی مازن نوێژی دەکرد و دەیفەرموو: ئەمە مزگەوتی باوباپیرمە[٦]. وە خێڵی (بەنی شیبان) لە بەصرەدا زۆر بوون بۆیە بە ئیمامی ئەحمەد دەڵێن (بەصری)[٧].

گەڕان بە دوای زانستدا

ئیمامی ئەحمەد هەر لە منداڵیەوە ئارەزووی لە وەرگرتنی زانست کردووە لە ژێر دەستی مامۆستاکان و زاناکانی بەغدادا پەروەردە بووە[*] ، ئیمامی ئەحمەد بە هەتیوی گەورە بووە و زۆر دایکی خۆش دەویست تەنانەت دەڵێ : جارێکیان لە کووفە رۆیشتمە دەرەوە تووشی سەر ئێشە بووم بۆیە گەڕامەوە بۆ لای دایکم چونکە مۆڵەتم لێ وەرنەگرتبوو[٨] ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە گومانی ئەوەی بووە هۆی سەر ئێشەکەی ئەوە بووە کە بە بێ پرسی دایکی لە ماڵ دەرچووە ، زۆر جار دایکی بەزەیی پێدا دەهاتەوە کە چەند ماندوو دەبێت بۆیە جاری وا بوو جلوبەرگەکەی لێ دەشاردەوە چونکە ئیمامی ئەحمەد بەردەوام پێش شەبەق دەڕۆیشتە دەرەوە بۆ وەرگرتنی زانست[٩] ، وە جاری وابوو هێندە زوو دەچوو بۆ وەرگرتنی زانست تەنانەت دایکی دەیفەرموو : کوڕم جارێ با لە خەو هەستن[**] .

---

[٥] ابن حنبل : (١٢) .

[٦] ابن حنبل : (١٣) ، المناقب : (١٩) .

[٧] المناقب : (٢١) ابن حنبل: (١٣) ،الائمة الاربعة: (١٥٨) .

[*] المناقب :(٢٠) ، علوم الحديث ومصطلحه :(٣٩٤) ، تاريخ بغداد : (٤١٢/٤) .

[٨] المناقب:(٢٥) ،الائمة الاربعة:(١٥٩).

[٩] المناقب:(٢٦) ،الائمة الاربعة :(١٦٠) .

[١٠] الحديث والمحدثون :(٣٥١)، ابن حنبل: (٢٠)،المناقب : (٢٣)،الائمة الاربعة : (١٦٠)،البداية والنهاية:(١٠\٢٧٣) ، سير أعلام النبلاء: (٤٦١/٧).

[**] المناقب :(٢٦) ، ابن حنبل : (٢٣) .

ئیمامی ئەحمەد لە سەرەتای ژیانیدا قورئانی پیرۆزی لە بەر کرد ئەمجار ڕووی کردە کۆڕ و کۆمەڵی (أبو یوسف) کە یەکێ بووە لە قوتابییە گەورە و زیرەگەکانی ئیمامی (أبي حنیفة)، ئیمامی ئەحمەد چەند کتێبێکی لە سەر بۆچوون (رأي) لە بەر کرد پاشان (أبو یوسف) بە جێ دەهێڵێت و ڕوو دەکاتە گوێ گرتن لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)[10] ، وە بە شوێن فەرموودەدا چوو بۆ یەمەن بۆ لای (عبد الرزاق) لە گەڵ (یحیی بن معین) و(إسحاق بن راهویە)دا وە دەڵێ : ئەگەر نەوەت دەرهەمم ببوایە دەچووم بۆ لای (جریر بن عبد الحمید) لە شاری (الري) هاورێکانم ڕۆیشتن چونکە توانایان بوو بەڵام من نەمتوانی بڕۆم چونکە نەمبوو[11] ، (حرملة) دەڵێ : گوێم لێ بوو ئیمامی شافعی فەرمووی:ئیمامی ئەحمەد بەڵێنی پێدام کە بێت بۆ لام بۆ میصر کە چی نەهات .

(ابن أبي حاتم) دەڵێ:رەنگەلەبەر دەست کورتی نەیتوانی بێت ئەو بەڵێنە جێبەجێ بکات[12].

(أبو عفیفة) دەڵێت : ئیمامی ئەحمەد قوتابی بوو لە گەڵ ئێمەدا زۆر بەتواناو لێهاتوو بوو کاتێ کە خەلیفە لە (الرقة) بوو سەربازەکان نامەیان دەنووسی بۆ ماڵەوە ئەمجار خێزانەکانیان دەیاننارد بۆ لای مامۆستاکەمان کە ئیمامی ئەحمەدمان بۆ بنێرە بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم نامەیانە بنووسێ ئەویش دەینارد، ئیمامی ئەحمەد کاتێ دەچوو سەری لە خوارەوە بوو تەماشایانی نەدەکرد و وەڵامەکانی دەنووسی ئەگەر بیانگوتایە کە شتێکی خراپ بنووسە ئەوا

---

[11] البداية والنهاية:(١٠\٢٧٤) ،الائمة الاربعة:(١٦٠)،المناقب:(٢٥)،ابن حنبل:(٢٤)، سير أعلام النبلاء :(٤٥٨/٧).

[12] البداية والنهاية:(١٠\٢٧٤) ،ابن حنبل:(٢٦).

[13] المناقب:(٢٠) ،ابن حنبل:(١٨) .

[14] ابن حنبل:(٢١) ،المناقب:(٢٢) ،الاعلام:(١٩٢/١) ،الائمة الاربعة : (١٦٠)، تاريخ بغداد: (٤١٢/٤) .

نەیدەنووسی [١٣] ، ئیمامی ئەحمەد بە شوێن زانستدا زۆر جێگا گەڕاوە لەوانە کووفە و پێنج جار چووە بۆ بەصرە لە ساڵی (١٨٦) و (١٩٠) و (١٩٤) و (٢٠٠) وە هەروەها چووە بۆ مەککە و مەدینە و یەمەن و شام و جەزیرە و پێنج جار چووە بۆ حیجاز و چەندەها جێگەی دی .[١٤] وە جاری وا بووە بە پێ دەچوو بۆ یەمەن و طەرسوس [١٥] ، جارێکیان کابرایەك ئیمامی ئەحمەدی بینی (محبرة) یەکی بە دەستەوە بوو کابرا فەرمووی : ئەی باوکی عبدالله گەیشتویتە ئەم تەمەن و زانستە و تۆ پێشەوای موسڵمانانی (محبرة) بۆ هەڵدەگری ؟ ئیمامی ئەحمەد فەرمووی : لە (محبرة) وە بۆ (مقبرة) واتە گۆڕستان.

ئیمامی ئەحمەد دەڵێت : بە شوێن زانستدا دەگەڕێم تاکو دەچمە ناو گۆڕەوە [١٦] .

(محمد)ی کوڕی (اسماعیل الصایغ) دەڵێت : جارێکیان لە بەغدا بووین ئیمامی ئەحمەد بە تەنیشتمانەوە بە پەلە تێپەری و هەردوو نەعلەکەی بە دەستەوە بوو باوکم کراسەکەی گرت و فەرمووی: ئەی باوکی عبدالله ئایە شەرم ناکەی ؟ تاکەی لە گەڵ ئەو منداڵانەدا ڕادەکەیت ؟ ئیمامی ئەحمەد وەڵامی دایەوە و فەرمووی: تاکوو مردن [١٧] ، ئیمامی ئەحمەد هێندە تامەزرۆی زانست وەرگرتن بووە کاتێکی زۆری خۆی پێوە بردووەتە سەر، چەندەها سەفەری لە پێناوی دا کردووە تەنانەت کاتی ئەوەی نەبووە کە ژن بهێنێ تاکوو تەمەنی گەیشتە چل ساڵ [١٨] .

---

(١٥) المناقب:(٢٨).

(١٦) المناقب:(٣١) ،ابن حنبل:(٢٦) ،الائمة الاربعة: (١٦٣) .

(١٧) المناقب :(٣٢) .

(١٨) المناقب:(٥٨) .

(١٩) المناقب :(٢٦٩).

(٢٠) المناقب :(٢٣) ، ابن حنبل : (٢٨) ، تاريخ بغداد (٤١٦/٤).

گوێ گرتن لە فەرمووده

يەكەم جار كە پێشەوا دەستى كرد بە گوێ گرتنى فەرمووده بوو بە قوتابى لاى (هُشيَم) لە سالّى (١٧٩) كە تەمەنى شازده سالّ بوو[٢٠] (هُشيَم بن بشير بن أبي حازم) : پێشەواى فەرموودەناسان لە شارى بەغدا ژياوه لە سالّى (١٠٤) لە دايك بووه و لە سالّى (١٨٣) كۆچى دوايى كردووه يەكێكە لە (تابعى تابعى)يەكان چەند (تابعى)يەكى ديوه وەك (عمرو بن دينار) و(الزهري) موسڵمانێكى زۆر لە خواترس بووه ئيمامى مالك فەرموودەى لێ گێڕاوەتەوە زۆر زيرەك و لێهاتوو بووه هەرگيز ئيمامى ئەحمەد پرسيارى لێ نەدەكرد، لە ماوەى ئەو پێنج ساڵەدا جارێك يان دوو جار ئيمامى ئەحمەد پرسيارى لێكرد لە شەرم و هەيبەتى (هُشَيم) دا [٢١] وە هەر لەم ساڵەدا چوو بۆ مەجليسى (ابن مبارك) فەرموويان:- چووه بۆ طەرسوس [٢٢]وە هەر لەم ساڵەدا (حماد بن زيد) و (مالك بن انس) و (خالد بن عبدالله الطحان) و (أبو الأحوص) كۆچى دواييان كرد .

(أبو سراج) دەڵێ : كاتێ باسى ئيمامى ئەحمەد بكرايە باوكم دەيفەرموو :- من پارەيەكى زۆر بۆ منداڵەكانم خەرج دەكەم و نازيان هەڵدەگرم بۆ ئەوەى سەر بكەون كەچى سەر ناكەون بەڵام ئيمامى ئەحمەد بەبێ ناز و بەبێ باوك تەماشا كەن چۆن سەر دەكەوێت ! ! [٢٣].

ئيمامى ئەحمەد هەر لەم ساڵەدا واتە سالّى (١٧٩) فەرموودەى لە (علي بن هاشم بن بريد) وەرگرد و هەر لەم ساڵەدا جارێكى دى گەڕايەوە بۆ لاى بەڵام كۆچى دوايى كردبوو [٢٤] ، وە لە سالّى (١٨٢) فەرموودەى لە (عبد المؤمن بن

---

[٢١] ابن حنبل : (٩٤).

[٢٢] ابن حنبل: (١٠٠)،حلية الاولياء:(٩ :١٦٢)، سير أعلام النبلاء :(٤٥٨/٧) ، تاريخ بغداد : (٤١٦/٤) .

[٢٣] المناقب:(٢١) ،ابن حنبل:(١٨) .

[٢٤] المناقب:(٢٤) .

عبدالله بن خالد) وەرگرت[(٢٥)].

ئیمامی ئەحمەد لە تەمەنی بیست ساڵیدا دەبێت واتە ساڵی ١٨٣ کاتێ کە(هُشَیم)ی مامۆستای کۆچی دوایی دەکات وە لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا واتە لە ساڵی ١٧٩ تاکو ساڵی ١٨٣ زیاتر لە سێ هەزار فەرموودەی لێ وەرگرت [(٢٦)] ، وە ئەوەی کە لە (هُشَیم)ـەوە بیستبوی لە بەری کرد بوو هێشتا (هُشَیم) زیندوو بوو [(٢٧)].

وە لە ساڵی ١٨٧ ئیمامی ئەحمەد چوو بۆ لای (سفيان بن عيينة) وە دەڵێ : لای (سليمان بن حرب) فەرموودەم دەنووسی (ابن عيينة) زیندوو بوو وە لە ساڵی ١٩٤ لە بەصرە گوێم گرت لە (سليمان بن حرب) و (أبي النعام) و (قارم) و(أبي عمر الحوض) ، وە لە ساڵی ١٩٨ لە یەمەن دەبێ لای (عبد الرزاق) هەواڵی کۆچی دوایی (سفيان بن عيينة) و(عبد الرحمن بن مهدي) و (يحيى بن سعيد)ی پێ دەگات[(٢٨)].

لە کاتی زانست وەرگرتندا

لە کاتی زانست وەرگرتندا هاوەڵانی ئیمامی ئەحمەد زۆر ڕێزیان لێ دەگرت و زۆر خۆشیان دەویست ئەوەتا (أبو بكر الأثرم) دەڵێ : جارێکیان لای (إسماعيل بن علية) بوین ئیمامی ئەحمەد هاتە ژوورەوە کەس نەمایەوە لەژوورەکەدا بە بێ جوڵانەوە بۆ ڕێکخستنی جێگایەکی شیاو بۆ ئیمامی ئەحمەد[(٢٩)].

---

(٢٥) المناقب:(٢٥) .

(٢٦) المناقب:(٢٢) ،ابن حنبل:(٢٢)،الائمة الاربعة:(١٦٢) ، سير أعلام النبلاء : (٤٥٨/٧) .

(٢٧) المناقب:(٥٩) ، سير أعلام النبلاء : (٤٥٨/٧) .

(٢٨) المناقب :(٢٣) .

(٢٩) المناقب:(٢٢) .

ئیمامی ئەحمەد ماوەیەك قوتابی بوو لای (يحيى بن سعيد القطان) پاشان چوو بۆ (واسط)، (يحيى) پرسیاری كردبوو : ئیمامی ئەحمەد كوا ؟ وەڵامیان دایەوە : چووە بۆ (واسط) ، ئەویش فەرمووی : چی دەكات لە (واسط) ؟ فەرموویان: چووە بۆ لای (يزيد)ی كوڕی (هارون) بۆ وەرگرتنی زانست ، (يحيى) فەرمووی : لای يزيد چی دەكات ؟ مەبەستی ئەوەیە كە ئیمامی ئەحمەد لە (يزيد) زیاتر دەزانێت .

هەروەها (إبراهيم بن هاشم) دەڵێ : كاتێ كە(جرير بن عبد الحميد) هات بۆ بەغدا لە ساڵی ١٨٦ لە (بني مسيب) جێگیر بوو چووە بەشی رۆژهەڵات (الجانب الشرقي) ئاوی دیجلە هاتبوو، بە ئیمامی ئەحمەدم گوت: بابڕۆین بۆ لای (جرير) ، ئیمامی ئەحمەد فەرمووی : نایەم چونكە دایكم ڕێی پێ نەداوم [٣٠] (ابن منيع) دەڵێ : باپیرم فەرمووی : جارێكیان ئیمامی ئەحمەد بە تەنیشتمەوە تێپەڕی لە كووفەوە دەهات و چەند كتێبێكی بە دەستەوە بوو منیش دەستی ئیمامی ئەحمەدم گرت و پێم ووت : جارێك بۆ كووفە و جارێك بۆ بەصرە تاكو كەی ؟ ئەگەر كەسێك سی هەزار فەرموودە بنووسێ بەسی نییە؟ ئیمامی ئەحمەد هیچی نەگوت ، ئەمجار ووتم : شەست هەزار ؟ ئیمامی ئەحمەد هیچی نەگوت ، ئەمجار ووتم : سەد هەزار ؟ ئیمامی ئەحمەد فەرمووی : ئەو كاتە شتێك دەزانێ . (ابن منيع) دەڵێ : بینیمان ئیمامی ئەحمەد سێ سەد هەزار فەرموودەی لە (بهز بن أسد) و (عفان)ەوە نوسیوە وابزانم فەرمووی : لە (روح بن عبادة) يشەوە [٣١] .

(شاذان) دەڵێ : پرسم بە ئیمامی ئەحمەد كرد ئایە لە (حماد)ەوە لە (قتادة) وە لە (عكرمة) وە لە (ابن عباس)ەوە فەرموودە بگێڕمەوە ئەویش ڕێی پێ دام [٣٢] .

---

[٣٠] المناقب:(٢٧) .

[٣١] المناقب:(٢٩) .

[٣٢] المناقب:(٨٥).

گێڕانەوەی فەرمووده

ئیمامی ئەحمەد لە ساڵی ١٩٨ لە مزگەوتی (الخیف) دەیانبینی پشتی دەدایە دنگەیەكەوە و (أصحاب الحدیث) دەهاتن ئەویش فێری(فیقه) و (حدیث) ی دەكردن فەتوای بۆ خەڵكی دەدا دەربارەی (المناسك)[٣٣] . بەڵام وەكو مەجلیسێكی تایبەت بە خۆی دانابێ رۆژانە خەڵكی سەردانی بكەن ئەوە لە ساڵی ٢٠٤ بوو كە تەمەنی ئیمامی ئەحمەد چل ساڵ بوو [٣٤] رەنگە لە پێش ئەو كاتە هۆی نەگێڕانەوەی فەرموودە ئەوە بوو بێ كە زۆر بەی مامۆستاكانی زیندوو بوونە و ئەویش شەرمی كردووە كە مامۆستای زیندوو بێت و ئەویش فەرموودە بگێڕێتەوە وە یاخود حەزی كردووە كە تەمەنی بگاتە چل ساڵ كە ئەوە تەمەنی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) كاتێ كە وەحی بۆ هات وە تەمەنی كامل بوونی مرۆڤە لە چەند روویەكەوە .

(الصیرفـي) دەڵێ : لە گەڵ ئیمامی ئەحمەد دا بووم لە پێش دەرگای ماڵی ئیمامی ئەحمەد فەرموودەیەكی بۆ گێڕامەوە كە (عبد الرزاق) ریوایەتی كردبوو ووتم : ئەی باوكی عبد الله دووبارەی كەرەوە تاكو بینووسم، فەرمووی : ئەی باوكی جەعفەر چی لێ دەكەی ؟ (عبد الرزاق) زیندووە ، ووتم : باوەرم پێ دەكەی ؟ فەرمووی : بەڵێ . ووتم : سوێندت بۆ دەخۆم ئەگەر بۆم بگێڕیتەوە پاشان لەم دەرگا چوومە دەرەوە و(عبد الرزاق)م لە سەر كۆڵانەكە بینی پرسیاری لێ ناكەم .[٣٥]

جارێكیان ئیمامی ئەحمەد فەرموودەی بۆ خەڵكی دەگێڕایەوە كابرایەكی خەڵكی (مرو) پرسیارێكی لێ كرد دەربارەی فەرموودەیەك ئیمامی ئەحمەد

---

(٣٣) المناقب :(١٨٧) ،ابن حنبل :(٣٤) ،حلیة الاولیاء :(٩ / ١٦٤) ، سیر أعلام النبلاء : (٤٦٣/٧)

(٣٤) المناقب:(١٨٨) ،ابن حنبل :(٣٣).

(٣٥) المناقب:(١٨٨) ،ابن حنبل:(٣٣).

فەرمانی کردە عبدالله ی کوڕی کە کتێبی (الفوائد) ی بۆ بهێنێ ئەویش هێنای ئەمجار بە شوێنیدا گەڕا و بەڵام نەیدۆزییەوە پاشان خۆی هەستاو چووە ژوورەوە زۆری پێ نەچوو گەڕایەوە بۆ لای جەماعەت و چەند کتێبێکی بە دەستەوە بوو ئەمجار دانیشت و بە شوێنیدا گەڕا زۆری پێ چوو ، کابرا کە پرسیارەکەی کردبوو فەرمووی : باوکی عبدالله ماندوو بویت وازی لێ بهێنە . ئیمامی ئەحمەد فەرمووی : نەخێر خۆمان پێویستمان پێیەتی ئەمجار بینیان دیسان چووە ژوورەوە تەماشای کتێبەکانی دەکرد وە هەرچی کتێبێك تەماشای بکردایە لە ماڵەوە تەماشای نەدەکرد بەڵکو دەهاتە ناو مەجلیسەکەو تەماشای دەکرد چونکە پێی ناخۆش بوو ئەو کۆمەڵە خەڵکە بە جێ بهێڵێ .[٣٦]

مامۆستاکانی ئیمامی ئەحمەد

هەروە کو باسمان کرد کە (أبو یوسف) ئەو مامۆستایە بوو کە ئیمامی ئەحمەد یەکەم جار رووی کردە کۆڕ و کۆمەڵەکەی بۆیە بە یەکەم مامۆستای ئیمامی ئەحمەد دەژمێردرێت بەڵام لێکۆڵەرەوان دەڵێن : (أبو یوسف)زۆر کاریگەری نەبووە لە سەر ئیمامی ئەحمەد بەڵکو (هشیم بن بشیر بن ابي حازم الواسطي) بە یەکەم مامۆستای دێتە ژماردن وە (ئیمامی شافعی) بە دووەم مامۆستای دەژمێردرێت یەکەم جار لە حیجاز یەکیان بینی ساڵی ١٨٧ کاتێ ئیمامی ئەحمەد چوو بۆ حەج (ئیمامی شافعی) لە (مسجد الحرام) خەریکی وانەوتنەوە بوو لەوەوە چەند فەرموودەیەکی وەرگرد و دووەم جار لە بەغدا یەکیان بینی کە ساڵی ١٩٨ بوو وە زۆر پێی خۆش بوو کە ئیمامی ئەحمەد لە گەڵیدا سەفەر بکات بۆ میسر .

وە پاش ئەو چەند مامۆستایەکی دی وەکو (عمیر بن عبدالله بن خالد) و(عبدالرحمن بن مهدي) و(ابي بکر بن عیاش) و (یحیی بن القطان) و (یزید بن

---

[٣٦] ابن حنبل:(٢٧) ،المناقب :(١٨٩-١٩٠).

زريع) و(عمر بن ايوب العابد) و (حسن بن محمد المروزي) و (سليمان بن داود الهاشمي) و (ام عمر بنت حسان بن زيد الثقفي) كه ئافرەت بوو ...هتد) [٣٧].

ئیمامی ئەحمەد دەڵێ : ئیمامی(مالك)م له دەست دەرچوو خوای گەورە (سفیان ی کوڕی عیینه) ی له جێ بۆ دانام و (حماد ی کوڕی زید) م له دەست دەرچوو خوای گەورە(اسماعیل ی کوڕی عەلیه)ی له جێ بۆ دانام .[٣٨]

ئیمامی ئەحمەد و شافعی

ئیمامی ئەحمەد یەکێکه له قوتابیيه هەره زیرەکەکانی ئیمامی شافعی و چەند فەرموودەیەکی لێ گێڕاوەتەوه که نزیکەی بیست فەرموودە دەبێت، یەکێك لەو فەرموودانه ئەوەیه که پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (**نسمة المؤمن طائر تعلق في شجر الجنة حتى يرجعه الى جسده يوم البعث**) وه له جاری دووەمدا کاتێ ئیمامی شافعی له گەڵ ئیمامی ئەحمەد دا یەکیان بینی له بەغدا ساڵی ١٩٨ تەمەنی ئیمامی ئەحمەد سی و چوار ساڵ بوو ئیمامی شافعی به ئیمامی ئەحمەدی فەرموو : (ئەی باوکی عبدالله ئەگەر فەرموودەیەکی ڕاست (صحيح)ت پێ گەیشت فێرم بکه با بڕۆم بۆ لای جا ئەگەر فەرموودەکه حیجازی بوو یان شامی ، عێراقی بوو یان یەمەنی)[٣٩].

واته: وەکو فەقیهەکانی حیجاز ناکات تەنها فەرمودەیان له حیجازییەکانەوه وەردەگرد، به راستی ئەمه شایەتییەکی گەورەیه و ڕێزی ئیمامی ئەحمەد بەرزتر دەکات و ئەوه دەگەیەنێت که ئیمامی ئەحمەد له ئیمامی شافعی بلیمەت تر بووه له فەرموودەناسیدا . ئیمامی ئەحمەد چل ساڵ له

---

[٣٧] ئیمامی ئەحمەد له زۆر مامۆستاوه فەرمودەی وەرگردووه زیاتر له ٤٠٠ مامۆستا بووه ابن الجوزی له کتێبی (مناقب الامام احمد بن حنبل) ناوی زۆر له مامۆستاکانی هێناوه له لاپەره ٣٣ تا ٥٦ ، وه بڕوانه : (سير اعلام النبلاء) (٤٥٦/٧) و (تاريخ بغداد) (٤١٢/٤-٤١٣) .

[٣٨] المناقب:(٣٠) ابن حنبل:(٣٢) .

[٣٩] البداية والنهاية:(٢٧٤:١٠)،ابن حنبل:(٢٤)،الطبقات:(٦) الحديث والمحدثون:(٣٥١)،سير اعلام النبلاء (٤٧٦/٧).

نوێژەکانیدا دوعای کردووە بۆ ئیمامی شافعی جارێکیان ئیمامی ئەحمەد بە محمدی کوڕی ئیمامی شافعی فەرموو : باوکت یەکێکە لەو شەش کەسەی کە هەموو سبەینانی دوعایان بۆ دەکەم[٤٠]. وەدەیفەرموو : پێنج کەس لە پاش هەموو نوێژێك دوعایان بۆ دەکەم یەکێکیان (ئیمامی شافعی) یە[٤١] .وە کاتێ باسی ئەو فەرموودەیە بکرایە کە دەڵێت : ((**إن الله يبعث لهذه الأمة على رأس كل مائة سنة من يجدد لها أمر دينها**)) ئیمامی ئەحمەد دەیفەرموو : (عمر بن عبد العزيز) لە سەدەی یەکەم بووە و (ئیمامی شافعی) لە سەر سەدەی دووەم بوو.[٤٢]

ئیمامی ئەحمەد زۆر شتی لە (ئیمامی شافعی) یەوە وەرگرد وەك (ئەنسابی قورەیش) و (فیقهە) ،کاتێ ئیمامی ئەحمەد وەفاتی کرد هەردوو نامەکەی (ئیمامی شافعی) لەو شتانە بوو کە جێی هێشتبوو .[٤٣]

(ئیمامی شافعی) دەڵێ : ئیمامی ئەحمەد پێشەوایە لە هەشت رەوشتدا، پێشەوایە لە فەرموودە و فیقهە و زمانەوانی و قورئان و هەژاری و زوهد و وەرع و سوننەت دا [٤٤]

جارێکیان (ئیمامی شافعی) دەچێت بۆ لای ئیمامی ئەحمەد دەڵێ : ئەی باوکی عبد الله ئەمڕۆ لە گەڵ چەند کەسێکی خەڵکی عێراقدا بووم لە فلان مەسەلەدا گفت و گۆمان دەکرد خۆزگە فەرموودەیەکی پێغەمبەرم پێ بوایە(ﷺ)؟ ئیمامی ئەحمەد سێ فەرموودەی لەو بابەتە پێ گوت .

(ئیمامی شافعی) فەرمووی : خوا پاداشتی خێرت بداتەوە[٤٥] .

---

[٤٠] المناقب :(٢٨٦)، سير اعلام النبلاء :(٤٨٥/٧) .

[٤١] المناقب :(٢٨٦) .

[٤٢] البداية والنهاية: (٢٥٣/١٠) ، ابن حنبل:(٩٧) .

[٤٣] البداية والنهاية :(١٠:٢٧٤) .

[٤٤] الطبقات:(٥) .

[٤٥] الطبقات :(٦) .

ئیمامی ئەحمەد دەڵێت :–هەر مەسەلەیەك بەڵگەم لە سەری نەبێت ئەوا من قسە و بۆچوونەکەی (ئیمامی شافعی) دەکەم * .

ئیمامی شافعی دەڵێت : لە بەغدا دەرچووم کەسم تیادا بە جێ نەهێشت لە خواترستر و زاناترو فەقیهـ ترو باشتر بێت لە ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل .(٤٦) وە دەڵێت : کەسم نەبینیوە لە(ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) و(سلیمان ی کوڕی داود الهاشمی) عاقڵ تربێت(٤٧).وە دەڵێت : سێ زانا هەن لە سەر سوڕهێنەرەکانی ئەم سەردەمەن یەکێکیان عەرەبێکە یەك وشە (تعریب)ناکات ئەویش (ابو ثور)ە وئەعجەمییەك یەك وشە هەڵە ناکات ئەویش (الحسن الزعفرانـي)ـە وە بچۆکێك ئەگەر قسە بکات ئەوا گەورەکان باوەڕی پێ دەکەن ئەویش (ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل)ـە(٤٨) . وە ئەگەر لە هەر شوێنێکدا (ئیمامی شافعی) بڵێت : (حدثني ثقة)ئەوا مەبەستی ئیمامی ئەحمەدە(٤٩) .

اسحاق بن راهویە دەفەرمووێت :– جارێکیان ئەحمەدی کوڕی حەنبەل پێی فەرمووم :– وەرە تاکو کەسێکت پیشان بدەم کە هیچ کەسێك وەکو ئەوی نەبینیوە ، ئەمجار منی برد بۆ لای شافعی .

اسحاق دەفەرمووێت :– ئیمامی شافعی کەسی نەبینیوە وەکو ئەحمەدی کوڕی حەنبەل * .

جارێکیان (ئیمامی ئەحمەد) و (ئیمامی شافعی) و (یحیی ی کوڕی مەعین) پێکەوە چوون بۆ مەککە کاتێ گەیشتنە ئەوێ لە جێگایەکدا لایان دا (ئیمامی

---

* طبقات الشافعية : (٥٦/٢) .

(٤٦) البداية والنهاية:(١٠:٢٨١)،الطبقات:(١٨) ،مناقب:(١٠٧) ،ابن حنبل:(٨٠) ،مباحث في تـدوين السـنة المطهـرة (١٩٣)، الحديث والمحدثون:(٣٥١)،تاريخ بغداد: (٤ :٤١٩) ، سير اعلام النبلاء :(٤٦٥/٧) .

(٤٧) المناقب:(١٠٨) ،ابن حنبل:(٨٠) ، سير اعلام النبلاء:(٤٦٥/٧) .

(٤٨) المناقب:(١٠٧)،ابن حنبل:(٨٠) .

(٤٩) المناقب:(٨٤) ، سير اعلام النبلاء : (٤٥٧/٧) .

* سير اعلام النبلاء(٤٦٦/٧).

شافعی) و (یحیی) ڕاکشان بەڵام(ئیمامی ئەحمەد) نوێژی کرد سبەینی کە هەستان (ئیمامی شافعی) فەرمووی :ئەمشەو دوو سەد مەسەلەی موسڵمانانم شیکار (حل) کرد. (یحیی) فەرمووی : دوو سەد فەرمووده کە بە زمانی پێغەمبەرەوە(ﷺ) دانرابوو بە درۆم خستەوە ، (ئیمامی ئەحمەد)یش فەرمووی : چەند رکاتێك نوێژم کرد هەموو قورئانم تیادا خوێندەوە .[٥٠]

ئیمامی شافعی دەڵێت : چووم بۆ لای خەلیفەی موسڵمانان (الأمین)([٥١] پاش گفت و گۆ پێم گوت : کاتیٚ یەمەنم بە جیٚ هێشت حاڵیان باش نەبوو پێویستیان بە حاکمێك هەیە . (الأمین) فەرمووی: یەکێك لەوانەی کە دێن بۆلات و خۆت بە باشی دەزانی بینێرە بۆ لام تاکو بیکەین بە حاکمی یەمەن ، کاتیٚ ئیمامی شافعی گەڕایەوە مەجلیسەکەی خۆی و ئیمامی ئەحمەدی بینی فەرمووی : لە گەڵ (الأمین)دا قسەم کردووە کە حاکمێك بۆ یەمەن دابنیٚ ئەویش فەرمانی پیٚ کردم کە یەکێك هەڵبژێرم لەوانەی کە دێن بۆ لام منیش تۆم هەڵبژاردووە تۆیش خۆت ئامادە بکە تاکو بچین بۆ لای (الأمین) و بتکات بە حاکمی یەمەن ، ئیمامی ئەحمەد زۆر پێی ناخۆش بوو فەرمووی : من دێم بۆ لات بۆ ئەوەی عیلمت لیٚ وەرگرم کەچی تۆ داوام لیٚ دەکەیت ببم بە قازی ئەگەر ئەم قسەیە ببیسم جارێکی دی ئەوا ئیتر نامبینی ،بۆیە ئیمامی شافعی زۆر شەرمی کرد[٥٢] .

ڕێزی زانایان لای ئیمامی ئەحمەد

ئیمامی ئەحمەد زۆر ڕێزی لە مامۆستاکانی دەگرد جاری وا بوو لە بەر دەستی مامۆستاکانیدا ڕادەوەستا و شەرمی دەکرد دابنیٚشی بۆ نموونە ،(قتیبة بن سعید) دەڵیٚ : هاتم بۆ بەغدا هیچ مەبەستێکم نەبوو تەنها بینینی ئیمامی

---

[٥٠] المناقب:(٢٨٧).

[٥١] دەڵێن هارون الرشید بووە بەڵام ئەوەی سەرەوە ڕاستترە والله اعلم.

[٥٢] البداية والنهاية:(١٠:٢٧٥)،ابن حنبل:(٧٥)،المناقب:(٢٧)،سير أعلام النبلاء :(٤٨٢/٧-٤٨٣) .

(٥٣) المناقب :(٥٧) .

ئەحمەد نەبێ بەڵام ئیمامی ئەحمەد هات بۆ لام لە گەڵ (یحیی بن معین) دا دەستمان کرد بە باس کردنی چەند بوارێکی زانستی ئەمجار ئیمامی ئەحمەد هەستاو لە بەر دەستمدا دانیشت فەرمووی : ئەوەی کە فەرمووت دووبارەی بکەرەوە تاکو بینوسم منیش دووبارەم کردەوە دیسان دەستمان کرد بە باس کردنی هەندێ مەسەلەی دی دیسان هەستاو لە بەر دەستمدا دانیشت ، ووتم : ئەی باوکی عبدالله لە جێگەی خۆت دانیشە فەرمووی: بە منەوە خۆت خەریك مەکە دەمەوێت زانست لە رووەوە وەربگرم [٥٣] وەئەگەر باسی (یحیی بن یحیی) بکرایە ئیمامی ئەحمەد دەیفەرموو : یحیی پێشەوا بوو ئەگەر پارەی رێگەکەم بوایە دەرۆیشتم بۆ لای [٥٤] (اسحاق الشهید) دەڵێ : (ابن یحیی القطان)م دەبینی نوێژی عەسری دەکرد ئەمجار پشتی دەدایەوە بە دنگەی مزگەوتەکەوە (علي بن المدیني) و (الشاذکوني) و(عمرو بن علي) و(احمد بن حنبل) و (یحیی بن معین) ...هتد لە بەر دەستیدا بە پێوە رادەوەستان و گوێیان لە فەرموودە دەگرد تاکو نوێژی مەغریب و کەسیان دانەدەنیشتن لە هەیبەت و مەزنی مامۆستاکەیاندا[٥٥].هەروەها (حلف) دەڵێت : ئیمامی ئەحمەد هات بۆ لام بۆ ئەوەی فەرموودەکانی (ابي عوانة) ببیسێ ویستم لە ژوورەوەی خۆمی دابنێم و خۆم لە خوارەوە دانیشم بەڵام ئیمامی ئەحمەد رازی نەبوو و فەرمووی: دانانیشم لەبەر دەستتدا نەبێت چونکە فەرمانمان پێ کراوە خۆمان زۆر بە بچووك بزانین بەرانبەر ئەوانەی کە لێیانەوە فێر دەبین .[٥٦]

وە لە ساڵی ٢١٣ داوایان لە ئیمامی ئەحمەد کرد بۆ گێڕانەوەی فەرموودە ئەویش فەرمووی: گوێ لە من دەگرن و کەسانی وەك (ابو عاصم) زیندوون ، بڕۆن بۆ

---

[٥٤] المناقب :(٢٩)، ابن حنبل:(٣٢) .

[٥٥] المناقب:(٥٧) .

[٥٦] المناقب :(٥٨) .

لای ئەو[٥٧].جارێكیان (ابو زرعة) هات بۆلای ئیمامی ئەحمەد ڕۆژێك مایەوە پاشان ئیمامی ئەحمەد فەرمووی : ئەمڕۆ لە نوێژی فەرز زیاتر هیچ نوێژێكی سوننەتم نەكردووە چونكە گفتو گۆ كردن لە گەڵ (ابو زرعة) دا دەربارەی زانست و زانیاری لە نوێژی سوننەت پێم خۆشترە[٥٨].و(ابو زرعة) یش دەڵێت: ئیمامی ئەحمەد هەزار هەزار فەرموودەی لەبەر بووە* .

جارێكیان ئیمامی ئەحمەد بە(یحیی بن معین) دەڵێت : مەڵێ (حدثنا اسماعیل بن علیة) بەڵكو بڵێ (حدثنا اسماعیل بن ابراهیم) چونكە اسماعیل پێی ناخۆش بووە بە ناو دایكییەوە بانگی بكەن ، بۆیە یحیی لە وەڵامدا فەرمووی : ئەوا لە تۆمان وەرگرد ئەی مامۆستای خەیر[٥٩] .هەروەها ئیمامی ئەحمەد دەڵێت : لە ناو دڵمدا كەس پێش (سفیان الثوري) ناكەوێ وە سفیان پێشەوایە[٦٠]

تێگەیشتنی ئیمامی ئەحمەد

ئیمامی ئەحمەد زۆر شارەزا بوو لە ماناو مەبەستی فەرموودەكانی پێغەمبەر (ﷺ) وای لێ كردبوو كە ئیمامی ئەحمەد ببێتە یەكێك لەو چوار پێشەوا فیقهیە كە تاكو ئێستا زۆربەی خەڵكی لە سەری دەڕۆن وە نوسینەكانی شاهیدی ئەم قسانەن و تاكو ئێستا بۆچوونەكانی دەخوێنرێت و بووەتە مامۆستایەك بۆ خەڵكی ئەوەتا(اسحاق بن راهویە) دەڵێت : لە عێراق دادەنیشتم لە گەڵ ئیمامی ئەحمەد و یحیی بن معین و هاوەڵانی تردا باسی فەرموودەیەكمان دەكرد لە ڕێگایەكەوە یا دوو ڕێگا یا سێ ڕێگاوە یحیی دەیفەرموو : لە فلان

---

[٥٧] المناقب:(١٨٩) .
[٥٨] المناقب:(٢٨٩) ، سير أعلام النبلاء : (٤٨٥/٧) .
* سير أعلام النبلاء : (٤٦٠/٧) ، تاريخ بغداد : (٤١٩/٤) ، طبقات الشافعية : (٥٧/٢) .
[٥٩] المناقب:(٢٦٧) .
[٦٠] ابن حنبل :(١٠٢) .

رێگايشەوە ئەم فەرموودەيە بە ئيجماع دروست(صحيح) ە ؟ دەيانفەرموو : بەڵێ . منيش دەمگوت : باشە ، مەبەستى چييە ؟ماناى چييە؟ فيقهى چييە ؟ هەموو بێ دەنگ دەبوون تەنها ئيمامى ئەحمەد نەبێ وەڵامى دەدايەوە[٦١] .

وە ئەگەر باسى فيقه بكرايە(ابو عاصم) دەيفەرموو :لە بەغدادا كەس وەك ئەو پياوە نييە (واتە ئيمامى ئەحمەدى كورِى حەنبەل)[٦٢] بۆيە (حبيش بن مبشر) دەڵێ : ئێمە تێڕوانينمان دەكرد (مناظرة) و رەخنەمان لە خەڵكى دەگرد ئەگەر ئيمامى ئەحمەد بهاتايە هەمومان بێ دەنگ دەبوين[٦٣] .

وە هەروەها ئيمامى ئەحمەد زمانى فارسى دەزانى و دەيتوانى قسە بەو زمانە بكات* .

چەند نمونەيەك لە فيقهى ئيمامى ئەحمەد

هەر وەكو باسمان كرد كە ئيمامى ئەحمەد زۆر شارەزاى مەبەست و فيقهى فەرموودە بووە لێرەدا چەند نمونەيەك دەهێنينەوە لەو بوارە فيقهيانەى كە ئيجتهادى تيادا كردووە :

پرسيار كرا لە ئيمامى ئەحمەد : ئەگەر موسڵمانێك بە كابرايەكى (نصرانى) گوت : خوا رێزدارت بكات ، ئايە دەبێ؟ ئەويش فەرمووى : بەڵێ مەبەستى رێزدارت بكات بە ئيسلام** .

وە پرسيارى لێ كرا : كابرايەك سوێندى خوارد بە سێ (طلاق) كە ئەمشەو دەچێتە لاى خێزانييەوە بەڵام بۆى دەركەوت خێزانى لە بێ نوێژى دايە

---

[٦١] المناقب:(٦٣)،ابن حنبل:(٨٣) ، سير أعلام النبلاء :(٤٦١/٧) ، تاريخ بغداد : (٤١٩/٤) .
[٦٢] المناقب:(٦٣) ، تاريخ بغداد : (٤١٩/٤) .
[٦٣] المناقب:(٦٤) .
* سير أعلام النبلاء : (٤٧٩/٧) ، ابن حنبل : (٣١) .
** سير أعلام النبلاء : (٥٣٥/٧) .

ئایە چی بکات ؟ ئیمامی ئەحمەد فەرمووی: تەڵاقی دەکەوێت وناچێتە لایەوە چونکە خوای گەورە تەڵاقی حەڵاڵ کردووە بەڵام چوونە لای ئافرەت کە لە بێ نوێژیدا بێت حەرامی کردووە .[٦٤]

وە پرسیاری لێ کرا : کابرایەك نزری کردووە کە لە سەر چوار (طواف) بکات بە دەوری کەعبەدا (واتەلە سەر هەردوو دەست و هەردوو پێی) ؟ فەرمووی:_ دوو طواف بکات و لە سەر چوار طواف نەکات . تەماشای ئەم فیقهە بکەن بینی کە مرۆڤ لە سەر چوار وەك ئاژەڵی لێ دێت و جوان نییە بۆ مرۆڤ و بۆ کەعبەیش، بۆیە هەردووکی پاراست و نەیهێشت سوێندەکەی بکەوێت چونکە دوو جار طواف دەکاتە چوار*** .

وە پرسیاری لێ کرا دەربارەی خوێندنەوەی قورئان بە ئاوازەوە (ألحان) ؟ فەرمووی : بیدعەیە**** .

(إسحاق بن هانیء) دەڵێ : لەماڵ ئیمامی ئەحمەد دانیشتبوین (المروزي) و (مهنی بن یحیی) لەوێ بوون یەکێك دای لە دەرگا و فەرمووی : المروزی لێرەیە ؟ (المروزی پێی ناخۆش بوو کە ئەو کابرایە جێگەی بزانێت) بۆیە(مهنی بن یحیی) پەنجەی خستەسەر سکی خۆی و فەرمووی : (المروزی) لێرە نییە (المروزی) لێرە چی دەکات ؟ ئیمامی ئەحمەد پێکەنی و ئینکاری لێ نەکرد.[٦٥]

ئیمامی ئەحمەد و سوننەتەکانی پێغەمبەر (ﷺ)

ئیمامی ئەحمەد هەردەم دەستی بە سوننەتەکانی پێغەمبەرەوە(ﷺ) گردبوو وە زۆر لەوە بە ناو بانگ ترە کە لێرەدا باسی شوێنکەوتنی ئیمامی

---

[٦٤] المناقب:(٦٤) .

*** سير أعلام النبلاء : (٥٣٦/٧) .

**** سير أعلام النبلاء : (٤٧٨/٧) .

[٦٥] المناقب:(٢٢١) ، سير أعلام النبلاء : (٥٣٥/٧) .

ئەحمەد بۆ سوننەتەكان بكەين بەڵام چەند نمونەيەك دەهێنينەوە چونكە دەڵێن مشتێك نموونەى خەروارێكە .

دەڵێن جارێك ئيمامى ئەحمەد جاريەيەكى كڕى ناوى لێ نا(ريحانة) وەك شوێن كەوتنێكى پێغەمبەر(ﷺ).[٦٦]

وە ئەگەر پرسيارى لێ بكرايە دەربارەى هەر شتێكى تازە دەيفەرموو : هاوەڵان و شوێن كەوتووان قسەيان دەربارى كردووە .؟[٦٧] وە هێندە ئەهلى سوننەى خۆش دەويست تەنانەت دەڵێن جارێك فەرموويان : ئەى باوكى عبد الله لە مەككە باسى (**أصحاب الحديث**) يان بۆ (ابى قبيلە) كردووە گوتويەتى : ميلەتێكى خراپن (قوم سوء) ، ئيمامى ئەحمەد هەستايە سەر پێ و جلوبەرگەكەى خۆى تەكاند وفەرمووى : زنديق زنديق زنديق تاكو چووەماڵەوە .[٦٨]

ئيمامى ئەحمەد دەڵێ : كێ رێز لە(**أصحاب الحديث**) بگرێ رێزدار دەبێ لاى پێغەمبەر (ﷺ) و كێ بێ رێز تەماشايان بكات بێ رێز دەبێ لاى پيغەمبەر (ﷺ) چونكە (**أصحاب الحديث**) زاناو (احبار)ى پێغەمبەرن(ﷺ) .[٦٩]

(عبد الملك الميموني) دەڵێ : چاوەكانم لە (ئيمامى ئەحمەدى كوڕى حەنبەل)ى باشتر نەبينيوە وە كەسم نەبينيوە لە فەرموودەناسان زۆر رێز لە (حُرُمات)ى خواو پێغەمبەرەكەى(ﷺ) بگرێ وەك ئيمامى ئەحمەد وە ئەگەر فەرموودەيەكى دروست (صحيح) بوايە كەس نەبوو وەك ئيمامى ئەحمەد شوێن كەتووى بێت .

---

[٦٦] المناقب:(١٧٧) .

[٦٧] المناقب:(١٧٩) .

[٦٨] طبقات:(٣٨)،المناقب:(١٨٠) ، سير أعلام النبلاء : (٥٢٤/٧) .

[٦٩] المناقب:(١٨٠) .

وە هێندە فەرموودە ناسانی خۆش دەویست تەنانەت دەڵێن جارێكیان پرسیار كرا لە ئیمامی ئەحمەد فەرموویان : ئەی باوكی عبدالله كەسێك فەرموودە دەنووسێت و كەسێك نوێژ و ڕۆژووی سوننەت دەكات، كامیان باشترە؟فەرمووی : فەرموودە بنووسیٚ .فەرموویان: چۆن فەزڵی نوسینی فەرموودە دەدەی بە سەر نوێژ و ڕۆژوودا ؟فەرمووی : لە بەر ئەوە كەس نەڵیٚ خەڵكانێكمان بینی لە سەر شتێك بوون و ئێمەیش شوێنیان كەوتین .[٧٠]

وەدەیفەرموو : ئەگەر كەسێك فەرموودەیەكی پێغەمبەر (ﷺ) ڕەت بكاتەوە ئەوا لە لێواری هەلاكەتدایە[٧١] .(عبد الرحمن الطیب) دەڵێت :(ئیمامی ئەحمەد) و(بشر بن الحارث الحافي) نەخۆش كەوتن دەچووم سەرم لێیان دەدا كاتیٚ دەچوومە ژوورەوە بۆ لای بشر دەمگوت : چۆنی ؟ دەیفەرموو : سوپاس بۆ خوا ئەمجار باسی حاڵی خۆی بۆ دەكردم . وە دەچووم بۆ لای ئیمامی ئەحمەد و هەواڵی حاڵی ئەوم دەپرسی دەیفەرموو: باشم . ڕۆژێكیان بە ئیمامی ئەحمەدم گوت : بشر نەخۆشە كاتیٚ هەواڵی دەپرسم دەڵیٚ : سوپاس بۆ خوا ئەمجار باسی حاڵی خۆی دەكات . ئیمامی ئەحمەد فەرمووی : پرسیاری لیٚ بكە بزانە لە كیٚ وە وەریگردووە ؟ ووتم : شەرم دەكەم . ئیمامی ئەحمەد فەرمووی : بڵیٚ ئیمامی ئەحمەد پرسیاری كردووە . عبد الرحمن دەڵیٚ : چووم بۆ لای بشر و پێم گوت ، بشر لە وەڵامدا فەرمووی : ئیمامی ئەحمەد هیچ شتێك وەرناگرێت بە سەنەدەوە نەبێت (عن ابن عون عن ابن سيرين) دەڵیٚ : ئەگەر كەسێك پێش سكاڵاكەی سوپاسی خوای كرد ئەوا بە سكاڵا ناژمێردرێت .كاتیٚ پێت دەڵێم حاڵم وایە دەزانم دەسەڵات و توانای خوا بە سەرمەوەیە .عبد الرحمن دەڵیٚ : چووم بە ئیمامی ئەحمەد م گوت . پاشان ئەگەر سەردانی ئیمامی ئەحمەدم بكردایە و

---

[٧٠] المناقب:(١٨٢) .

[٧١] المناقب:(١٨٢)،ابن حنبل:(٩٠) ، سير أعلام النبلاء :(٥٢٣/٧) .

پرسيارى حاڵى ئەوم بكردايە دەيفەرموو : سوپاس بۆ خوا پاشان باسى حاڵى خۆى بۆ دەكردم .[٧٢] پێشەوا بە هەموو كەسێك نەيدەفەرموو(**أصحاب الحديث**) هەرچەندە فەرموودەى بنووسايە بەڵكو تەماشاى كردەوەكان و رادەى شوێنكەوتنى كەسەكە بۆ فەرموودەكانى پێغەمبەر (ﷺ)دەكرد ، (ابو القاسم منيع) دەڵێ : ويستم برۆم بۆ لاى (سويد بن سعيد) بە مەبەستى وەرگرتنى فەرموودە بە ئيمامى ئەحمەدم گوت كە نامەيەكم بۆ بنووسێ ئەويش نوسى : ئەم كابرايە فەرموودە دەنووسێ . پێم گوت : ئەى باوكى عبد الله پێم خۆشە بنووسى ئەم كابرايە (**أصحاب الحديث**) ە . ئيمامى ئەحمەد فەرمووى : (**أصحاب الحديث**) لاى ئێمە ئەو كەسەيە كە كار بە فەرموودەكان دەكات .[٧٣]

ئيمامى ئەحمەد دەڵێت : **هيچ** فەرموودەيەكم نەنوسيوە و كارم پێ نەكردبێ، تەنانەت جارێكيان فەرموودەيەكم بينى كە پێغەمبەرى خوا (ﷺ) كەڵە شاخى كردووە (احتجم) و بە كابرا يەك دينارى داوە منيش كاتێ كەڵە شاخم كرد دێنارێكم دا بە كابرا .[٧٤]

ئيمامى ئەحمەد لە ژيانيدا پێنج جار حەجى كردووە و سێ لەم حەجانە بە پێ بووە يەكەميان ساڵى ١٨٧ بووە، وە لە يەكێك لەو حەجانە تەنها سى دەرهەمى خەرج كردووە وە دەڵێ جارى وابوو رێگام لێ بزر دەبوو منيش لە بەر خۆمەوە دەمگوت ئەى بەندەكانى خوا رێگام پيشان بدەن كاتێكم دەزانى وام لە سەر رێگا* .

---

(٧٢) المناقب:(١٧٨-١٧٩) .

(٧٣) المناقب:(٢٠٧) .

(٧٤) المناقب:(١٧٩) ،ابن حنبل:(٩٠،٣٣) ،سير أعلام النبلاء : (٤٧٦/٧) .

* سير أعلام النبلاء : (٤٥٨/٧) ، البداية والنهاية : (٢٧٣/١٠) ، ابن حنبل : (٢٤) .

ئیمامی ئەحمەد دەیفەرموو : بۆچوونەكانی من مەنووسن رەنگە ئێستا شتێك بڵێم و سبەینی لێی پەشیمان ببمەوە .[٧٥]

وە دەیفەرموو : قسەكانی (مالك) و(سفیان) و(الشافعي) و(اسحاق بن راهویە) و(أبي عبید) مەنووسن بەڵكو لە سەرتانە لە(أصل)ەوە شت وەرگرن [٧٦].

لێرەدا ئەوە دەردەكەوێت كە ئیمامی ئەحمەد زۆر رقی لە بۆچوون (رأي) بووە.

وەجارێكیان كابرایەك پرسیاری كرد لە ئیمامی ئەحمەد ئایە كتێبەكانی (رأی) بنووسم .فەرمووی: نەخێر .فەرمووی: ئەی (ابن مبارك) دەینوسیَ فەرمووی: ابن مبارك لە ئاسمانەوە دانەبەزیوە بەڵكو فەرمانمان پیَ كراوە كە لە سەرەوە عیلم وەرگرین[٧٧].وە لە جێگایەكی تردا ئیمامی ئەحمەد دەڵیَ : پێم گەیشتووە كە (إسحاق الكوسج) لە خوراسان چەند بۆچوونێك لە بۆچوونەكانی منی نوسیوەو بڵاوی دەكاتەوە ئێوە شایەت بن كە من لە هەموو ئەو بۆچوونانە گەڕاومەتەوە [٧٨]

(أبو بكر المروزي) دەڵیَ : كابرایەكی خەڵكی خوراسان هات بۆ لای ئیمامی ئەحمەد كتێبێكی دا بە دەستییەوە ئیمامی ئەحمەد تەماشای كرد و بینی وا چەند قسەیەكی خۆی (واتە: ئیمامی ئەحمەد) تیادایە ، بۆیە ئیمامی ئەحمەد پەست بوو و كتێبەكەی فڕیَ دا [٧٩] .

هەروەكو باسمان كرد كە ئیمامی ئەحمەد زۆر رقی لە ئەهلی بیدعە بووە، جارێكیان(أبو داود السجستانـي) پرسیاری لیَ كرد وفەرمووی :ئەگەر

---

[٧٥] الطبقات:(٣٩)، ابن حنبل:(١٦٩) .

[٧٦] الطبقات:(٥٧)،المناقب:(١٩٢) ،ابن حنبل:(٣٩،١٥٦) .

[٧٧] ابن حنبل:(٣٩) ،المناقب:(١٩٣) .

[٧٨] المناقب:(١٩٤) ،ابن حنبل:(٣٩،١٥٦) .

[٧٩] المناقب:(١٩٤) ،ابن حنبل:(٣٩) .

کەسێکی ئەهلی سوننەم بینی لە گەڵ کەسێکی ئەهلی بیدعەدا ئایە وازی لیٚ بهێنم و لە گەڵیدا قسە نەکەم ؟ فەرمووی: نەخێر تاکو پێی نەڵێیت ئەو کەسەی کە هاوەڵتە خاوەن بیدعەیەو ئەهلی بیدعەیە ئەگەر وازی لیٚ هێنا ئەوا باشە وە ئەگەر وازی لیٚ نەهێنا ئەویش وەکو ئەوەو قسەی لە گەڵ دا مەکە[٨٠].

وە هەروەها ئیمامی ئەحمەد دەڵێت : هیچ سەردەمێك نازانم خەڵکی زیاتر پێویستیان بە داوا کردنی فەرموودە بێت وەك ئەم سەردەمە . فەرموویان : بۆ ؟ فەرمووی: چونکە بیدعە پەیدا بووە ئەگەر کەسێك فەرموودەی پیٚ نەبیٚ ئەوا دەکەوێتە ناو بیدعەوە .[٨١]

وە دەڵیٚ : ئەهلی بیدعەو ئارەزوو پەرستان نابیٚ پەنایان پیٚ بگیردرێت لە هیچ شتێك لە کار و باری موسڵمانان دا چونکە گەورەترین زیانیان هەیە بۆ دین[٨٢]. وەجارێکیان(الحزامی)هات بۆ لای ئیمامی ئەحمەد بەڵام پێش ئەوە چوو بوو بۆ لای(ابن ابي دؤاد) کاتیٚ ئیمامی ئەحمەد(الحزامی) بینی دەرگای لە سەر داخست و چووە ژوورەوە [٨٣]

وەهەروەها (الحارث المحاسبي) دەربارەی عیلمی کەلام قسەی دەکرد بۆیە ئیمامی ئەحمەد وازی لیٚ هێناو رووی پیٚ نەدا و هەجری کرد ئەویش ناچار بوو لەماڵێکدا لە بەغدا خۆی شاردەوە و تاکو مرد وەکاتێك مرد تەنها چوار کەس نوێژیان لە سەر کرد* .

---

[٨٠] المناقب:(١٨٣) .
[٨١] المناقب:(١٨٣) .
[٨٢] المناقب :(١٨٤) .
[٨٣] المناقب:(١٨٢) .
* سير أعلام النبلاء : (٥٣٩/٧) .

ئیمامی ئەحمەد و عیزەتی نەفس :

ئیمامی ئەحمەد هێندە عیزەتی نەفسی بەرز بوو کە وای لێ کردبوو لە ڕەوشتیدا ڕەنگ بداتەوە قوتابیەکانی لەوەوە فێربوون کە شوێن کەوتەی ئەو بن ، (ابن الجروی) کە ئیمامی ئەحمەد زۆر ڕێزی لێ دەگرد دەڵێت : چووم بۆ لای ئیمامی ئەحمەد و هەزار دینارم پێدا بۆ ئەوەی پێویستییەکانی خۆی و منداڵەکانی پێ جێ بە جێ بکات ئیمامی ئەحمەد ڕازی نەبوو، پێی فەرمووم : پێم خۆشە ئیتر نەیەیت بۆ لام وە ئەگەر پێویستیت بوو یان پرسیارێکت بوو ئەوە نامەیەکم بۆ بنێرە[٨٤]

وە دەڵێن گەنجێك بوو دەهات بۆ لای ئیمامی ئەحمەد و هاتووچۆی دەکرد ڕۆژێکیان ئیمامی ئەحمەد دوو دەرهەمی دا بە گەنجەکە وفەرمووی: چەند پەڕە کاغەزێکم بۆ بکڕە ، ئەویش چوو بۆی کڕی و پێنج سەد دیناری کردە ناو کاغەزەکەوە و توند بەستی و گەیاندی‌یە ماڵی ئیمامی ئەحمەد کاتێ درا بە دەستی ئیمامی ئەحمەد و ئەویش کردی‌یەوە هەموو پارەکە پەرت و بڵاو بووەوە ئیمامی ئەحمەد گەڕانی‌یەوە جێگەی خۆی و پرسیاری گەنجەکەی کرد تاکو ماڵیانی دۆزی‌یەوە چوو بۆ لای و هەموو پارەکەو کاغەزەکەی گەڕانەوە ، گەنجەکە شوێن ئیمامی ئەحمەد کەوت وفەرمووی : کاغەزەکان بە پارەی خۆت کڕیومە بیبە ، بەڵام ئیمامی ئەحمەد ئەویشی وەرنەگەرد[٨٥] .

وە هەرچەندە پێویستی بە پارە بوایە هەرگیز داوای لە خەڵکی نەدەکرد و قەرزی لە کەس وەرنەدەگرد وا ڕێك کەوت جارێکیان چوو بۆ لای (یزید بن هارون) لە گەڵ چەند قوتابییەکی تردا لە (واسط) هەموویان پێویستیان بە پارە

---

(٨٤) المناقب:(٢٣٥) .

(٨٥) المناقب ٢٣٨ .

بوو و هەموو قەرزیان کرد تەنها ئیمامی ئەحمەد نەبێ که رۆیشت جبەکەی خۆی فرۆشت (هەرچەندە زۆر ساردیش بوو)[٨٦] .

وەجارێکیان کابرایەك هەزار دیناری دا بە ئیمامی ئەحمەد کەچی ئەو وەری نەگرد* .

وە دەیان جاری تر خەڵکی پارەیان دەدا بە ئیمامی ئەحمەد کەچی ئەو وەری نەدەگرد .

بژێوی ژیانی ئیمامی ئەحمەد

لە گەڵ ئەو هەموو هەژاری و بێ دەستییەدا ئیمامی ئەحمەد هەر بە شوێن زانست و زانیاری دا دەگەڕا زۆر شار و وڵاتی دیوە و زۆر بایەخی دەدا بە ماڵی حەڵاڵ و هەرچەندە هەژاری بێ تاقەتی بکردایە ئەوا زیاتر لە ماڵی حەرام دوور دەکەوتەوە.

کاتێ باوکی ئیمامی ئەحمەد کۆچی دوایی کرد هیچ شتێکی بۆ بە جێ نەهێشت جگە لە خانویەك نەبێ کە تیایدا دەژیاو کرێ یەك (عەقار) کە بە کرێکەی دەژیا کە ١٧ دەرهەم بوو[٨٧] .وە زۆر جار کرێکاری دەکرد و زۆر جاریش بە کرێ شتی بۆ خەڵکی دەنووسی و یان جلوبەرگی دەکرد و دەیفرۆشت** بە گشتی دەتوانین بڵێین کە ئیمامی ئەحمەد لە سێ رێگاوە پارەی دەست دەکەوت بۆ چەرخاندنی رەورەوەی ژیانی ئەویش [٨٨]: –

١_ کۆکردنەوەی پاشماوەی کشتو کاڵییەکان لە زەوێکاندا پاش پرس پێ کردنی خاوەنەکەی .

---

(٨٦) المناقب :(٣١ ، ٢٢٨– ٢٢٩) .

* سير أعلام النبلاء : (٤٧٠/٧) ، المناقب : (٢٣٤) .

(٨٧) ابن حنبل:(٧١) .

** المناقب :(٢٢٦) .

(٨٨) ابن حنبل:(٧١ –٧٣)،الائمة الاربعة:(١٥٩)،المناقب:(٢٢٤)،سير أعلام النبلاء : (٥٣٥/٧) .

٢-یاخود کرێکاری دەکرد و شتی دەنووسی وشتی دەچنی بە کرێ.

٣-جاری وا هەبوو قەرزی دەکرد (ئەویش لە هەموو کەسێك و جیگایەك نا)

دەڵێن جارێ لە کابرایەك قەرزی کردبوو پاش ماوەیەك قەرزەکەی بۆ گەڕاندەوە کابرا فەرمووی: من پارەم پێت نەدا بۆ ئەوەی لێت وەرگرمەوە ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی: منیش پارەم لێت وەرنەگرد بۆ ئەوەی بۆت نەگێڕمەوە* .

وە ئەگەر ماڵێك بچووکترین گومانی تیادابوایە ئەوا نەیدەخوارد و هەرگیز دیاری یا شتێکیان پێ بدایە وەری نەدەگرد.[٨٩]

وەدەڵێ: دایکم بە منداڵی گوێی کون کردم و دوو(لۆلۆ)ەی تێ کرد کاتێ گەورە بووم فرۆشتم بە سی دەرهەم .[٩٠]

ئەو پاڵنەرانەی کە بووە هۆی ئەوەی ئیمامی ئەحمەد ببێتە ئەو زانایە[٩١]

جاری واهەیە پاڵنەرێك یان رووداوێك لە ژیانی مرۆڤدا روو دەدات وا لە مرۆڤەکە دەکات کە گۆڕانکارییەك دێنێتە سەر ژیانیدا جا لێرەدا مەبەستمان ئیمامی ئەحمەدە کە چەند هۆکار و پاڵنەرێك بوو وای لە ئیمامی ئەحمەد کرد کە ببێتە ئەو زانا بلیمەتە لەو هۆکارانە :

یەکەم : رەوشتی : چەند رەوشتێك هەبوو ئیمامی ئەحمەد هەردەم دەستی پێوە گردبوو خوای گەورەش یارمەتی دەری بوو یەکێك لەو بەهرانە ئەوە بوو کە ئەگەر هەر فەرموودەیەك یا هەر شتێکی دی بخوێندایە بە زووترین کات لە بەری دەکرد چیتر لە یادی نەدەچوو وە ئەوەی کە دەیخوێندەوە لە بەری

---

* سير أعلام النبلاء : (٤٧٧/٧) .

(٨٩) الائمة الاربعة:(١٦٠) ،ابن حنبل:(٧٠) .

(٩٠) البداية والنهاية:(١٠ :٢٧٣) ، سير أعلام النبلاء : (٤٥٦/٧) .

(٩١) ابن حنبل:(٨١-١١٥) .

دەكرد و بە جوانترین شێوە و بە زووترین كات لێی تێ دەگەیشت وە ئارامییەكی زۆری هەبوو لە زانست وەرگردندا ، گوێی نەدەدایە هەر كۆسپ و چەڵەمەیەكی ژیان گەر رووی بدایە و خۆی زۆر دەپاراست و لەتاوان خۆی بە دوور دەگرد وو هەرگیزاو هەرگیز بە قسەی نەفسەكەی خۆی نەدەكرد و زۆر پارێزگاری لە ئیمانەكەی دەكرد چونكە لەو سەردەمەو لە هەموو سەردەمێكدا پاراستنی ئیمان ئاسان نییە و لەو كاتەدا كە ئەو هەموو (كۆمەڵانە) پەیدا بوون ئیمامی ئەحمەد نەیدەهێشت عەقڵ بەشدار بێت لە مەسائلی ئیماندا بەڵكو تەرازووی ئەو تەنها قورئان و فەرموودە بوو .

دووەم : دڵسۆزی(الاخلاص): ئیمامی ئەحمەد لە ژیانیدا زۆر دڵسۆز بوو وەزۆر خۆی لە ریاوە بە دوور دەگرد و هەوڵی دەدا كە لە هەموو كارەكانیدا تەنها مەبەستی خوا بێت و هەیبەت و سامێكی بوو كە مامۆستاو قوتابییەكانی شەرمیان لێ دەكرد .

سێیەم :مامۆستاكانی : چەند مامۆستایەك بوون كە زۆر كاریگەریان لە سەر ژیانی ئیمامی ئەحمەد بوو وە بوونە كۆڵەكەیەك بۆی نەك تەنها لە رووی زانستەوە بەڵكو لە رەوشت و زوهد و وەرع و لە خواترسان و...هتد لەو مامۆستایانە (سفیان الثوري) و(ابن مبارك)بوون هەرچەندە ئیمامی ئەحمەد ئەوانی نەبینیبوو بەڵام كردبوویە پێشەوای خۆی و زۆر سوودی لێیانەوە وەرگرد وە هەروەها(هشیم بن بشیر)و (ئیمامی شافعی) كە ئیمامی ئەحمەد زۆری خۆش دەویستن و سوودێكی زۆر ی لێ وەرگرتن .

چوارەم : لێكۆڵینەوە تایبەتییەكانی خۆی : ئیمامی ئەحمەد كاتێ فەرموودەیەكی وەردەگرد وەكو هەندێ لە هاوەڵانی تەنها فەرموودەكەی لە بەر نەدەكرد بەڵكو زیاتر هەوڵی دەدا كە لە فەرموودەكە بگات هۆی وتنی ئەم

فەرموودەیە چی بوو ؟ چەند سوودی فیقهی تێدایە ؟ چەند ئەحكامی تێدایە ؟ .....هتد

پێنجەم : سەردەمی ئیمامی ئەحمەد :هەروەكو باسمان كرد لە سەردەمی ئیمامی ئەحمەد دا چەند كۆمەڵێك لە كۆمەڵی ئەهلی سوننەو جەماعە جیا بوونەوە وەك (مرجئة) و (معتزلة) و (جهمية) و (شيعة) ..هتد هەرچەندە لە پێش ئیمامی ئەحمەد هەبوون بەڵام لە سەردەمی ئیمامی ئەحمەد دا زۆر بوون و پەرەیان سەند چونكە زۆر لە كتێبە فەلسەفییەكان وەرگێررانە سەر زمانی عەرەبی و تێكەڵی عەقیدەی موسڵمان بوو كە بووە هۆی لادانی هەندێ لە موسڵمانان لە سەر مەنهەجی ئەهلی سوننەو جەماعە چونكە كاتێ عەقڵ تێكەڵی هەندێ بابەتی ئیمانی دەبێت ئەوا پەنا بە خوا موسڵمان تێدەكەوێت بێ ئەوەی ئاگای لێی بێت چونكە موسڵمان دەبێ عەقیدەو ئیمانی خۆی تەنها لەقورئان و فەرموودەوە وەربگرێت .

كۆڕ و مەجلیسی ئیمامی ئەحمەد

لە كاتی وتنەوەی دەرسەكاندا لە مەجلیسی ئیمامی ئەحمەد دا چەند دیاردەو جیاوازییەك هەبوو كە لە كۆڕ و كۆمەڵەكانی تردا بە دی نەدەكرا لە و جیاوازییانە:

یەكەم : بە هیچ شێوەیەك گاڵتەو پێكەنین و قسەی بێ سوود نەدەكرا چونكە باوەڕی وابوو كە گێڕانەوەی فەرموودە عیبادەت و خوا پەرستییە وەلە كاتی عیبادەتدا نابێ گاڵتەو پێكەنین بكرێ .

دووەم : تاكو داوای لێ نەكرایە فەرموودەی نەدەگێڕایەوە و ئەگەر داوای لێ بكرایە لە كتێبەوە نەبوایە نەیدەگێڕایەوە هەرچەندە فەرموودەكەی لە

بەر بوایە . وەلەماوەی ئەو چل ساڵەدا كە فەرموودەی تیادا گێڕاوەتەوە ژماردوویانە نزیكەی سەد فەرموودەی بە بێ كتێب گێڕاوەتەوە* .

سێیەم : بە گشتی دەرسەكانی ئیمامی ئەحمەد لە دوو بەش پێك هاتبوو یەكەمیان نوسینی فەرموودە بوو كە قوتابییەكان دەیاننوسی . وەبەشی دووەم فیقه بوو كە پرسیار دەكرا و ئەویش وەڵامی دەدایەوە و نەیدەهێشت بینووسن(٩٢) .

وە جاری وابوو نزیكەی پێنج هەزار كەس دادەنیشتن لە مەجلیسەكەیدا كەچی تەنها پێنج سەد كەس فەرموودەیان دەنووسی، بەڵام ئەوانی دی دەهاتن بۆ فێر بوونی رەوشت و ئەدەب لە ئیمامی ئەحمەدەوە .(٩٣)

چەند رەوشتێكی ئیمامی ئەحمەد**

ئیمامی ئەحمەد كابرایەكی زۆر روو خۆش بوو، جلوبەرگێكی سپی لە بەر دەكرد و عەمامەیەكی دەبستە سەرەوە ، كابرایەكی باڵا بەرز بوو، سەری دەگرد لە خنە و خۆی ئەسمەر بوو ، ئەگەر باسی دونیا بكرایە بەشداری نەدەكرد و گەر باسی عیلم و زانیاری بكرایە ئەوا قسەی دەكرد . جلو بەرگەكەی زۆر بە پاكی رادەگرد و زۆر رێزی لە خەڵكی دەگرد بە تایبەت لە مەجلیسەكەی خۆیدا ، حەزی لە قسەی بێ سوود و بێ كەڵك نەبوو تەنها باسی فەرموودە یا باسی زاهیدان و پیاو چاكانی دەكرد، زۆر رێزی لە زانایان دەگرد هەروەها ئەوانیش رێزیان لێ دەگرد، گەر كەسێكی خۆش بویستایە تەنها لە بەر خوا خۆشی دەویست و گەر رقی لە كەسێ بوایە ئەوا لە بەر خوا رقی لێی دەبوو، وەهێندە خەڵكی شەرمی لێ دەكرد تەنانەت(بدوی) دەڵێ : جارێكیان ئیمامی

---

* سير أعلام النبلاء : (٤٧٦/٧) .

(٩٢) ابن حنبل:(٣٦-٤٠) .

(٩٣) المناقب:(٢١٠) ،ابن حنبل:(٣٥) ، سير أعلام النبلاء :(٥٣٣/٧) .

** سير أعلام النبلاء : (٤٨٠/٧-٤٨١) .

ئەحمەد منی بینی پێ دەکەنیم بۆیە لەو رۆژ بە دواوە شەرمم لێی دەکرد[٩٤] . وە جاری وابوو خەڵکی دەهاتن بۆ لای نەك تەنها بۆ وەرگردنی فەرموودە بەڵکو بۆ وەرگردنی رەوشت ئەوەتا (ابوبكر المطوعي) دەڵێ : دوازدە ساڵ سەردانی ئیمامی ئەحمەدم دەکرد کە (المسند) ی بۆ کوڕەکانی دەخوێندەوە کەچی یەك فەرموودەم نەنووسی تەنها تەماشای رەوشت و ئەدەبی ئەوم دەکرد .[٩٥]

(هارون بن عبدالله الـحمال) دەڵێت : شەوێك لە شەوان ئیمامی ئەحمەد سەردانی کردم و فەرمووی : ئەمڕۆ دڵم لای تۆ بوو ، منیش ووتم: لەبەر چی ؟فەرمووی: ئەمڕۆ بە تەنیشتتەوە تێپەڕیم دانیشتبووی فەرموودەت دەگێڕایەوە کەچی خۆت لە سێبەر دانیشتبویت و ئەوانەی کە دەیاننوسی لە بەر هەتاو بوون بۆ جارێکی دی ئەگەر فەرموودەت گێڕایەوە ئەوا لە گەڵ خەڵکەکەدا دانیشە[٩٦]

جارێکیان کابرایەك فەرمووی: ئەی باوکی عبدالله غەیبەتم کردووی گەردنم ئازاد بکە .ئیمامی ئەحمەد فەرمووی: گەردنت ئازاد بێت گەر دووبارەی نەکەیتەوە. فەرموویان: — گەردنی ئازاد دەکەیت کەچی ئەو غەیبەتی کردووی .؟فەرمووی: ئەی نەتانبینی مەرجم لەسەر دانا[٩٧] .

ئیمامی ئەحمەد لە وتەو کردەوەکانیدا زۆر دڵسۆز بوو کە لە ژیانیدا رەنگی دابووەوە ، ئەگەر کەسێکی ببینیایە(محبرە) ی بە دەستەوە بوایە بۆ ئەوەی خەڵکی بیبینێ دەیفەرموو: ئەوە لە ریاوەیە[٩٨]. هەرگیز دەیفەرموو: خەڵکی بە راست گۆیی و دڵسۆزی پلەو پایەیان بەرز دەبێتەوە[٩٩] . لە ژیانیدا

---

[٩٤] المناقب:(٢١٢) ، سير أعلام النبلاء :(٤٥٨/٧) .

[٩٥] المناقب:(٢١٠) ،ابن حنبل:(٣٦) ، سير أعلام النبلاء :(٥٣٣/٧) .

[٩٦] المناقب:(٢٢٠) .

[٩٧] المناقب:(٢٢٢) .

[٩٨] المناقب:(١٩٥)،ابن حنبل:(٩٠) .

[٩٩] المناقب:(١٩٥) .

زۆر بايەخى بە نانى حەڵاڵ وخواردنى حەڵاڵ دەدا و دەيفەرموو: بە خواردنى حەڵاڵ دڵەكان نەرم دەبن[١٠٠] .ئيمامى ئەحمەد زۆر موسڵمانى خۆش دەويست ئەوەتا(اسماعيل بن العلاء) دەڵێ :جارێكيان (رزق الله الكلواذي) بانگى كردين بۆ نان خواردن لەماڵى خۆيان چەند موسڵمانێكى دى بانگ كردبوو لەوانە (ئيمامى ئەحمەدى كورِى حەنبەل) و(يحيى ى كورِى مەعين) و (ابو خيثمة) و كۆمەڵێكى دى كاتێك نانيان هێنا بينيان خواردنى (لوزينجا) ى بۆ ئامادە كردوون كە هەشتا دەرهەمى تێ چوو بوو (كە پارەيەكى زۆر بوو) (ابو خيثمة) فەرمووى: بە راستى ئەمە ئيسرافە.ئيمامى ئەحمەد فەرمووى: باش بزانە ئەگەر ئەم دونيايە هى موسڵمانێك بوايە و بيكردايە بە تەنها پارويەك و بيدا بە برايەكى موسڵمانى خۆى ئەوا ئيسراف نەبوو . يحيى فەرمووى : راست دەكەيت ئەى باوكى عبدالله[١٠١] .

ئيمامى ئەحمەد كابرايەكى زۆر سەغى بوو وەهەرچى بوايە دەيكرد بە خەير ، (هارون المستملي) دەڵێ : –جارێكيان بە ئيمامى ئەحمەد م گوت: لە ماڵەوە هيچمان نييە . ئەويش پێنج دەرهەمى پێدام وفەرمووى لەوە زياتر شك نابەم .[١٠٢]

هەروەكو باسمان كرد كە ئيمامى ئەحمەد زۆر بليمەت بوو لە لەبەر كردنى فەرموودەدا بۆيە جارێكيان پرسيار كرا لە(ابو زرعة) فەرموويان : ئايە تۆ لە لەبەركردندا زيرەگى يا ئيمامى ئەحمەد ؟ فەرمووى : ئيمامى ئەحمەد . فەرموويان :چۆن دەزانى ؟ فەرمووى: كتێبەكانى ئيمامى ئەحمەد م بينى لە سەرەتاى بەشەكانييەوە ناوى فەرمودەناسانى تيادا نەبوو كە فەرموودەكەى لێ

---

[١٠٠] المناقب:(١٩٦) .

[١٠١] المناقب:(٢٠٢)،ابن حنبل :(٨٨) ، **ئيمامى الذهبي دەڵێت :(ئەم چيرۆكە (منكر) ە)** سير أعلام النبلاء :(٥٢٦/٧) .

[١٠٢] المناقب:(٢٤٠) ، سير أعلام النبلاء :(٤٧٩/٧) .

گێڕاوەتەوە چونکە ئیمامی ئەحمەد هەموو بەشێکی لە کەسێکەوە دەبیست لە بەری دەکرد ، کەچی من ئەوە ناتوانم .[١٠٣]

بۆیە هەردەم (ابو زرعة) دەیفەرموو :کەسم نەبینیوە لە فەرموودەناسان و مامۆستایاندا لە لەبەر کردندا زیرەگ بێت وەك ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل [١٠٤].

وە جارێکیان ئیمامی ئەحمەد هەموو قورئانی خوێندەوە ، ئەو جێگایانەی کە باسی (صەبر) دەکات ژماردی بینی لە نەوەت جار زیاترە[١٠٥] .

وەجارێکیان ئیمامی ئەحمەد بە عبدالله ی کوڕی فەرموو : هەر کتێبێك لە کتێبەکانی وەکیع دەخوێنی بخوێنە ئەگەر حەز دەکەیت پرسیارم لێ بکەیت ئەوا تۆ فەرموودەکە بڵێ و من سەنەدەکەی دەڵێم وەیان تۆ سەنەدەکەی بڵێ من فەرموودەکەت بۆ دەڵێم [١٠٦] .

وەئیمامی ئەحمەد زۆر لە خواترس بوو زۆر جار گەر دوعای بکردایە ئەوا خوای گەورە دوعاکەی لێ وەردەگرد (علی بن ابی حراره) دەڵێت : دایکم بیست ساڵ بوو لە پێ کەوتبوو نەیدەتوانی رێ بکات جارێکیان پێی وتم : کوڕم برۆ بۆ لای ئیمامی ئەحمەد داوای لێ بکە کە دوعایەکم بۆ بکات ، منیش چووم بۆلای ئیمامی ئەحمەد و لە دەرگام دا ئەویش فەرمووی : ئەوە کێیە ؟ ووتم : کابرایەکی نزیكماڵتان دایکم داوای لێ کردووم (کە ماوەیەکە لە سەر جێ کەوتووە) داوات لێ بکەم کە دوعایەکی بۆ بکەیت . گوێم لێ بوو وەڵامی دایەوە وەکو کابرایەکی پەست وابوو فەرمووی: ئێمە زیاتر پێویستیمان بە دوعا هەیە بۆ خۆمان . کابرا دەڵێ : منیش گەڕامەوە بەڵام پێش ئەوەی دوور بکەومەوە پیرە

---

[١٠٣] المناقب:(٦٠)، سير أعلام النبلاء :(٤٦١/٧) .

[١٠٤] ابن حنبل:(٨٢) .

[١٠٥] المناقب:(٢٨٧) .

[١٠٦] المناقب:(٦٢) ، سير أعلام النبلاء :(٤٦٠/٧) .

ژنێك لە ماڵی ئیمامی ئەحمەد هاتە دەرەوە فەرمووی : تۆ بویت کە لە گەڵ (ابو عبدالله) دا قسەت دەکرد ؟ ووتم : بەڵێ . فەرمووی : کاتێ من بە جێم هێشت دوعای بۆ دایکت دەکرد . دەڵێ : منیش بە پەلە گەڕامەوە ماڵ لە دەرگام دا بینیم دایکم بە پێی خۆی هات دەرگای بۆ کردمەوە و فەرمووی: خوای گەورە لەش ساغی پێ بەخشیم [١٠٧].

قوتابی‌یەکانی ئیمامی ئەحمەد

ئیمامی ئەحمەد یەکێکە لەو مامۆستایانەی کە لە شارە دوورەکانەوە قوتابیانی زانست و زانیاری روویان دەکردە کۆڕ و کۆمەڵەکەی بۆ وە رگرتنی زانست و نووسینی فەرموودە وە بەسە بۆ ئیمامی ئەحمەد کە ئیمامی (البخاري) و (مسلم) (ابو داود)[١٠٨] قوتابی ئەو بن وەهەروەها (يحيى بن ادم الكوفي) و (علي بن المديني)و(ابن مهدي)[١٠٩] ....هتد .

تەنانەت هەندێ لەوانەی کە فەرموودەیان لێ گێڕاوەتەوە مامۆستای خۆی بوونە وەك (ئیمامی شافعی) و(وكيع بن الجراح) و (عبد الرزاق)[١١٠] وە بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی قوتابییەکانی ئیمامی ئەحمەد تەماشای کتێبی (مناقب احمد بن حنبل) (سير أعلام النبلاء) و (تاريخ بغداد)و(ابن حنبل) و (طبقات الحنابلة) کە ناوی زیاتر لە حەوت سەد کەسی تیادایە.

وتەی زانایان دەربارەی ئیمامی ئەحمەد *

زۆر لە زانایان (بەڵکو هەموویان) پێك هاتوون لە سەر ئەوەی کە ئیمامی ئەحمەد شایەنی ئەوەیە بکرێتە پێشەوای موسڵمانان و ئیمامی ئەحمەد

---

[١٠٧] المناقب:(٢٩٦)، حلية الاولياء:(٩ :١٨٧) ، سير أعلام النبلاء :(٤٧٥/٧) .

[١٠٨] مباحث في تدوين السنة المطهرة:(١٩٣)الحديث والمحدثون:(٣٥١) ، سير أعلام النبلاء :(٤٥٧/٧) .

[١٠٩] علوم الحديث ومصطلحه:(٣٩٤) .

[١١٠] الحديث والمحدثون:(٣٥١) ، سير أعلام النبلاء :(٤٥٧/٧) .

* بۆ زانیاری زیاتر تەماشای کتێبی المناقب بکە (١٠٦ — ١٤٣) .

لە كردەوەو زانست دا پێشەوا بووە ، جا لێرەدا باسى قسەى هەندێ لە زانايان دەكەين دەربارەى ئيمامى ئەحمەد لەوانە:-

(ذو النون المصري) و(ابو يعقوب البويطي) و(ابو ثور) و (الحسن بن محمد الصباح البزار) دەڵێن [١١١]: -

(ئيمامى ئەحمەد ى كوڕى حەنبەل گەورەى ئێمەيەو مامۆستامانە) .

(يحيى بن ادم)و (سليمان بن حرب)و (محمد بن يحيى الازدي البصري) و (عبد الوهاب الوراق) و (اباعبيد القاسم بن سلام) و (ابو عبدالله محمد بن يحيى الذهلي) دەڵێن[١١٢]: (ئيمامى ئەحمەدى كوڕى حەنبەل پێشەوامانە)

علي ابن المديني دەڵێ : ئيمامى ئەحمەدم كردووەتە پێشەوايەك لە نێوان خۆم و خواى گەورەدا كێ ئەوە دەتوانێت كە ئەو دەيكات[١١٣].ئيمامى ئەحمەد گەورەى ئێمەيە[١١٤]، فەرمانى پێ كردم لە كتێبەوە نەبێ فەرموودە نەگێڕمەوە[١١٥]، ئيمامى ئەحمەد لە (سەعيدى كوڕى جوبەير) چاكترە چونكە ئەو لە سەردەمى خۆيدا وێنەى هەبوو بەڵام ئەم وێنەى نييە[١١٦] وە لە هاورێكانمدا كەس نييە وەك ئيمامى ئەحمەد شتى لەبەر بێت وە بيستوومە لە كتێبەوە نەبێ هيچ فەرموودەيەكى نەگێڕاوەتەوە ئەويش بۆ ئێمە نموونەيە[١١٧] ، خوا بيپارێزى ئەمڕۆ حوججەيە بۆ خەڵكى[١١٨]، پەنجا ساڵە دەيناسم هەر لە

---

[١١١] المناقب:(١٢١ ،١٢٤ ،١٣١)،تاريخ بغداد:(٤:٤١٧)،سير أعلام النبلاء:(٧/٤٦٦-٤٦٧) .

[١١٢] المناقب:(٧٧ ،١٣١ ،١٤٢ ،١١٢ ، ١٢٥) ،تاريخ بغداد:(٤ :٤١٧) ، سير أعلام النـبلاء : (٧/ ،٤٦٢، ٤٦١، ٥٢٦) ، الطبقات : (١٧) .

[١١٣] المناقب:(١٠٩) ،البداية والنهاية:(١٠ :٢٨٢) .

[١١٤] المناقب:(١٠٩)،طبقات:(١٧)،حلية الاولياء:(٩ : ١٦٥) ،تاريخ بغداد :(٤ :٤١٧)، سير أعلام النبلاء :(٧/٤٦٨)

[١١٥] المناقب:(١٠٩) ،ابن حنبل:(٣٩) ،الائمة الاربعة:(١٦٤)، سير أعلام النبلاء :(٧/٤٦٨) .

[١١٦] المناقب:(١٠٩) ، سير أعلام النبلاء :(٧/٤٦٦) .

[١١٧] المناقب:(١٠٩ ،٢٦٠) ،ابن حنبل:(٣٩)، حلية الاولياء :(٩ : ١٦٥) ، سير أعلام النبلاء :(٧/٤٦٨) .

[١١٨] المناقب:(١١٠) ، سير أعلام النبلاء :(٧/٤٦٢) .

خەیردا زیاد دەکات[١١٩]، بە ئیمامی ئەحمەدم گوت ئامۆژگاریم بکە فەرمووی: لە خواترسان بکە تێشووی خۆت و هەمیشە دوا رۆژت لە بەر چاو بێت[١٢٠]. وە جارێکیان چووم بۆ ماڵی ئیمامی ئەحمەد بە ڕاستی ماڵی ئیمامی ئەحمەد لە زوهد و تەواضع دا بە ماڵی (سوید بن غفلة)[١٢١] دەچوو[١٢٢].

(ابو قاسم بن الخيلي) دەڵێت : زۆر کەس وا تێدەگات کە ئیمامی ئەحمەد لە تاقیکردنەوەکەدا (المحنه)دا زیرەگ بوو بەڵام وانییە ئیمامی ئەحمەد گەر لە هەر بابەتێکدا پرسیاری لێ بکرایە وات دەزانی زانستی هەموو جیهان لە نێو چاوانیدایە[١٢٣].

(ابراهيم الحربي) دەڵێت : من دەڵێم(سعيد بن المسيب) لە سەردەمی خۆیداو (سفيان الثوري) لە سەردەمی خۆیدا و(احمد بن حنبل) لە سەردەمی خۆیدا[١٢٤]. وە لە جێگایەکی تردا دەڵێت : سێ کەسم بینیوە کەس وەك ئەوانی نەبینیوە و دایکان ناتوانن وەك ئەوان بهێنن (أبا عبيد القاسم بن سلام) م بینی وەکو شاخێك بوو روحی پیادا کرابێت (بشر بن الحارث)م بینی لە سەریەوە تاکو پەنجەی پێی بە عەقڵ پڕ کرابوو ، وە(احمد بن حنبل) م بینی وات دەزانی خوای گەورە زانینی پێشینەکان و پاشینەکانی تیادا کۆ کردووەتەوە لە هەموو بابەتێکدا[١٢٥]. وەزانستەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کە ئەهلی (مدینە) و (کووفە)و

---

[١١٩] ابن حنبل:(٨٠).

[١٢٠] المناقب:(٢٠).

[١٢١] یەکێکە لە گەورە شوێن کەوتووان چوو بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەڵام پێش ئەوەی بگات بە پێغەمبەر(ﷺ) ، پێغەمبەر ی خوا(ﷺ) کۆچی دوایی کردبوو پاشان لە خزمەتی ابو بکر و عومەر و عثمان و علی دا بوو خوایان لێ رازی بێت ، یەکێکە لە گەورە زاهیدان.

[١٢٢] المناقب:(٢٤٩).

[١٢٣] المناقب:(٦٢).

[١٢٤] المناقب:(١٣٩)،ابن حنبل:(٩٩)،حلية الالولياء:(٩ : ١٦٦)،تاريخ بغداد:(٤ :٤١٦)،سير أعلام النبلاء:(٤٧٠/٧).

[١٢٥] المناقب:(٦٢ ، ١٤١) ، ابن حنبل:(٨٣)، سير أعلام النبلاء :(٤٦١/٧)، طبقات الشافعية : (٥٧/٢) .

(بەسرە)و(شام) ريوايەتيان كردووە لاى چوار كەس كۆ بووەتەوە (يحيى بن معين) و (زهير بن حرب)و(ابي بكر بن ابي شيبة) و (احمد بن حنبل)وە ئيمامى ئەحمەد لە هەموويان فەقيهـ ترە[١٢٦] .

وەكاتێ (سعيدى كوڕى ئيمامى ئەحمەد) كۆچى دوايى كرد (ابراهيم الحربـي) چوو بۆلاى (عبد الله ى كوڕى ئيمامى ئەحمەد) عبدالله لە بەر پێى ابراهيم هەستا ابراهيم فەرمووى: بۆ لە بەر پێم هەڵدەستيت ؟ عبدالله فەرمووى :بۆ هەڵنەسم ؟ ئەگەرباوكم تۆى ببينيايە لە بەر پێت هەڵدەستا ، ابراهيم فەرمووى: والله ئەگەر(ابن عيينە) باوكتى ببينيايە لە بەر پێى هەڵدەستا[١٢٧] .

وە دەفەرمووێت:- كەسم نەبينيوە زاناتر بێت و لە ماناى فەرموودە تێبگات وەكو ئيمامى ئەحمەد .

(أبو الوليد الطيالسي) دەڵێت :كەس نييە لە كووفە وبەصرەدا خۆشم بوێت وەك ئيمامى ئەحمەدى كوڕى حەنبەل وەڕێزى لە هەمووكەس لاى من زياترە [١٢٨]

(ابن شماس) دەڵێت : داوام كرد لە وەكيع ئەو فەرموودانەى كە لە (خارجة بن مصعب)ەوە ريوايەت كراوە بۆ بگێڕێتەوە فەرمووى : نايگێڕمەوە چونكە ئيمامى ئەحمەد رازى نييە فەرموودەى لێ بگێڕمەوە [١٢٩]

(أبو عبيد القاسم بن سلام) دەڵێت : زانست و زانيارى لاى چوار كەس دەست دەكەوێت يەكەميان (احمد بن حنبل) ە كە لە هەموويان فەقيهترە (ابن ابي شيبة) لە هەموويان زياتر فەرموودەى لە بەرە و (علي بن المديني) لە هەموويان زانيار ترە و (يحيى بن معين) لە هەموويان زياتر فەرموودەى نوسيوە

---

[١٢٦] المناقب:(١٤٠) .

[١٢٧] المناقب:(١٤٠) ، سير أعلام النبلاء :(٧/٤٧٠) .

[١٢٨] المناقب:(٧٢) .

[١٢٩] المناقب:(٧١) ، سير أعلام النبلاء :(٧/٤٦١) .

وەدەڵێت : کەسم نەبینیوە وەك ئیمامی ئەحمەد شارەزای سوننەت بێت[١٣٠] [١٣١].

(قتيبة بن سعيد) دەڵێت : ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل پێشەوامانە کێ پێی رازی نەبێت ئەوا (مبتدع) ە[١٣٢]، وەباشترین کەس لەم سەردەمەدا (ابن المبارك)ە ئەمجار ئەو گەنجە فەرموویان: کام گەنج ئەی (ابو رەجا) ؟فەرمووی: (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل).فەرموویان : دەڵێیت گەنج و کەچی ئەو مامۆستا (شیخ) ی عێراقە ؟ فەرمووی : کاتێ من بینیم ئەو گەنج بوو[١٣٣].

وەدەڵێت : ئەگەر کەسێکت بینی ئیمامی ئەحمەدی خۆش دەویست ئەوا بزانە کە لە سەر مەنهەجی ئەهلی سوننەو جەماعەیە و لە سەر رێگای راستە و ئەگەر لە سەردەمی (الثوري) و (مالك) و (الأوزاعي) و (الليث بن سعيد) دا بوایە لە پێش هەموویانەوە دەبوو فەرموویان: ئەی قتیبە ئیمامی ئەحمەد دەکەیتە هاوڕێی شوێن کەوتووان (التابعين)فەرمووی: بەڵکو گەورە شوێن کەوتووان[١٣٤] .وە دەڵێت : ئیمامی ئەحمەد لە (يحيى بن يحيى) و(اسحاق بن راهويه) گەورەترە و ئەگەر ئیمامی ئەحمەد کۆچی دوایی بکات لە ناو خەڵکیدا بیدعە پەیدا دەبێتەوە[١٣٥].

وەدەفەرموێت :- (واتە قتيبه)ئەگەر الثوري نەبێت ئەوا (ورع) نامێنێت وە ئەگەر (ئەحمەد) نەبێت ئەوا بیدعە لە دیندا پەیدا دەبێت ، ئەحمەد پێشەوای ئەم دینەیە . سير اعلام النبلاء(٤٦٥/٧)

---

[١٣٠] المناقب:(١١٢) ،ابن حنبل:(٨٠) ، طبقات:(٥) ، سير أعلام النبلاء :(٤٦٨/٧،٤٦٦) .

[١٣١] ابن حنبل:(٨٠) ، سير أعلام النبلاء :(٤٦٦/٧) .

[١٣٢] طبقات :(١٥).

[١٣٣] المناقب:(٨٠) ، سير أعلام النبلاء :(٧/ ٤٦٥) .

[١٣٤] المناقب:(٨١) ،طبقات:(١٧) ، تاريخ بغداد:(٤ :٤١٧) ، سير أعلام النبلاء :(٤٦٥/٧) ، طبقات الفقهاء : (١٠١/١) .

[١٣٥] المناقب:(٨٢).

جارێکیان باسی ئیمامی ئەحمەد لای ابو عاصم النبیل کرا فەرمووی : بینیومە ....پاشان بە هاوەڵانی فەرمو: ئەمڕۆ لە بەغدادا کێ شارەزای فەرموودەیە ؟ فەرموویان: یحیی بن معین و احمد بن حنبل و ابو خیثمة و المعیطي و السویدي و ئەوانی دی.فەرمووی: ئەی لە کووفە ؟ فەرموویان: هەردوو کوڕەکەی ابی شیبە و ابن نمیر و ئەوانی دی.فەرمووی: ئەی لە بەصرەدا ؟ فەرموویان: علي بن المدیني و ابن الشاذکوني و ابن عرعرة ابن خدویة و ئەوانی دی ابو عاصم فەرمووی: هاهاها هەموو ئەوانەی کە ناوتان هێنا بینیویانم و هاتوون بۆ لام بەڵام کەسم نەبینیوە وەك ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل.

عباس دەڵێت: کاتێ ابو عاصم ئەم قسەیەی فەرموو ئیمامی ئەحمەد تاقینەکرابووەوە[١٣٦] .

(أبو عباس النسائي) دەڵێت :ئەگەر ئیمامی ئەحمەد بڕۆیشتایە بۆ لای فەرموودە ناسێك ئیزنی لێ وەردەگرد بۆ ئەو قوتابییەکانی دی تاکو ئەوانیش فەرموودە وەرگرن جا ئەوانیش بە هۆی ئیمامی ئەحمەدەوە فەرموودەیان دەگێڕایەوە[١٣٧]

(یـحیی بن معین) دەڵێت : پـەنجا ساڵ هاوەڵی ئیمامی ئەحمەدم کرد رۆژێ لە رۆژان نەمبینی فەخر بە سەر کەسدا بکات[١٣٨]، وەکەسم نەبینیوە لە بەر خوا قسە بکات سێ کەس نەبێت (یعلی بن عبید) و (القعنبي) و (أحمد بن حنبل)

---

[١٣٦] المناقب :(٧٦) ،طبقات:(٥) ، سير أعلام النبلاء :(٤٦٢/٧) .

[١٣٧] المناقب:(٦٦).

[١٣٨] المناقب:(٢٧٤) ، ابن حنبل:(٩١) ، سير أعلام النبلاء :(٧/ ٤٧٧) .

،[١٣٩] خەڵكى دەيەوێت وەكو ئيمامى ئەحمەد بم نەخێر والله هەرگيز وەك ئەو نابم [١٤٠].

وە دەڵێت:لە ئيمامى ئەحمەد دا چەند سيفاتێك بوو لە كەسى تردا نەمبينيوە ئەو فەرمووودەناس وحافظ و عالم و لەخواترس و زاهيد و عاقڵ بوو [١٤١]

(أبو عبد الرحمن احمد بن شعيب النسائي) دەڵێت : لە سەردەمى ئيمامى ئەحمەد دا كەس وەك ئەو چوار كەسە نەبووە(علي بن المديني) و (يحيى بن معين) و (اسحاق بن راهويه) و(احمد بن حنبل) وە زاناترينيان لە فەرمووودەو (عيلەل)ى فەرمووودەدا (على بن المدينى)ە وەزاناترينيان لە پياوانى فەرمووودەدا (رجال الحديث) و زياتر فەرمووودەى كۆ كردبێتەوە (يحيى بن معين) ە وە لە هەموويان زياتر فەرمووودەو فيقهى لەبەر بێت(اسحاق بن راهويه) ە بەڵام ئيمامى ئەحمەد لاى من لە اسحاق شارەزاترە لە عيلەلى فەرمووودەدا وەزانيارى لە فەرمووودەو فيقه و وەرع و زوهد و ئارامگرتندا لە هەموويان زياترە [١٤٢].

(أبو بكر الاثرم) دەڵێت : لاى (ابو عبيد) بووم لە گەڵ كابرايەكدا تێڕوانينمان دەكرد (المناظرة) كابرا فەرمووى : ئەم مەسەلەيە كىٚ فەرموويەتى؟ ووتم : كەسێك فەرمويەتى لە رۆژهەڵات و رۆژئاوادا وێنەى نييە .فەرمووى: كێيە ؟ ووتم :ئيمامى ئەحمەد ى كوڕى حەنبەل ، ابو عبيد فەرمووى : راست دەكەيت لە رۆژ

---

(١٣٩) المناقب:(١١٤) ، سير أعلام النبلاء :(٧/ ٤٦٦) .

(١٤٠) البداية والنهاية :(١٠ :٢٨٢) ،الطبقات: (١٤) ، الحديث والمحدثون :(٣٥١) ، ابن حنبل:(١١) ،المناقب :(١١٥) ،حلية الاولياء:(٩ : ١٦٨) ، سير أعلام النبلاء :(٧/ ٤٦٦) .

(١٤١) البداية والنهاية :(١٠ : ٢٨٢) ، الحديث والمحدثون :(٣٥١).

(١٤٢) المناقب:(١٢٧).

هەڵات و ڕۆژئاوادا وێنەی نییە و کەسم نەبینیوە وەکو ئەو شارەزای سوننەت بێت [١٤٣]

پرسیار کرا لە (محمد بن نصر المروزي)فەرموویان: ئیمامی ئەحمەد زیاتر فەرموودەی لایە یا خود (إسحاق بن راهويه) ؟فەرمووی : ئیمامی ئەحمەد ، فەرموویان : ئەی ئیمامی ئەحمەد (مضبوط) ترە یا اسحاق ؟ فەرمووی: ئیمامی ئەحمەد ، فەرموویان:ئیمامی ئەحمەد فەقیهترە یا اسحاق ؟ فەرمووی: ئیمامی ئەحمەد ، فەرموویان: –ئیمامی ئەحمەد زیاتر وەرعی بووە یا اسحاق ؟ فەرمووی: ئیمامی ئەحمەد .. .. پاشان فەرمووی: هەرچی شتێك بڵێن هەر ئیمامی ئەحمەدە ، چونکە ئیمامی ئەحمەد لە هەموو سەردەمی خۆی بردەوە .[١٤٤] وەدەڵێت : جارێکیان پرسیارم لە ئیمامی ئەحمەد کرد ووتم : چۆن (يزيد) سەردانت دەکات کاتیٚ نەخۆش دەکەویت ؟ فەرمووی: جارێکیان لە واسط لە مەجلیسی یزید دا دانیشتبووم یزید فەرمووی: (حدثنا يحيى بن سعيد قال سمعت سالم بن عبدالله يقول ...) ئیمامی ئەحمەد دەڵێت : ووتم : مامۆستا لێرەدا (سمعت) نیـيە بەڵکو (إنَّ سالـما قال) یزید چووە ژوورەوە کتێبێکی دەرهێنا بینیمان نوسراوە (إنَّ سالـما) یزید فەرمووی : کیٚ بوو کە وەڵامی دامەوە ؟ فەرموویان : ئیمامی ئەحمەد ی کوڕی حەنبەل ، فەرمووی: ئەوەی ئەو بنووسن ، جا بۆیە ئەگەر ئیمامی ئەحمەد لە هەر مەجلیسێکدا بوایە یزید دەیفەرموو– لێم نزیك بەرەوە [١٤٥]

---

(١٤٣) المناقب:(١٤١ ، ١١٣)، الطبقات :(٧) ، سير أعلام النبلاء :(٧/ ٤٧١) .

(١٤٤) المناقب:(١٣٧) ، سير أعلام النبلاء :(٧/ ٤٧٠) .

(١٤٥) المناقب:(٦٨) ، سير أعلام النبلاء :(٤٦٤/٧) .

وەهەروەها (المروزى) دەڵێت : پرسيار كرا لە ئيمامى ئەحمەد فەرموويان : ئەو خەڵكانە چۆن گەيشتونەتە ئەو پلەو پايە تاكو مەدح بكرێن ؟ فەرمووى: بەراست گۆيى [١٤٦] .

(أبو حاتم الرازي) و(ابو داود السجستاني) دەڵێن :ئەگەر كەسێكتان بينى ئيمامى ئەحمەدى خۆش دەويست بزانن ئەوە لە سەر رێبازى سوننەتە [١٤٧] .

وەجارێكيان پرسيار كرا لە ابو حاتم الرازى فەرموويان : ئايە (احمد بن حنبل) و (على بن المدينى) كاميان زياتر فەرموودەيان لە بەرە ؟ فەرمووى: لە فەرموودە لەبەر كردندا وەك يەكن بەڵام ئيمامى ئەحمەد فەقيهترە [*] .

(ابو داود السجستاني)دەڵێت :دووسەد مامۆستام بينيوە ە هەموويان زانا بوون كەسم نەبينيوە وەك ئيمامى ئەحمەدى كوڕى حەنبەل ئەگە باسى دونيا بكرايە بێ دەنگ دەبوو بەڵام ئەگەر باسى زانست بكرايە ئەوا قسەى دەكرد[١٤٨] .

(الهيثم بن جميل) دەڵێت : ئەگەر ئەو گەنجە بژێت دەبێتە حوججەى سەردەمى خۆى (واتە:ئيمامى ئەحمەد ى كوڕى حەنبەل)[١٤٩] .

(عبد الرزاق الهمام)دەڵێت : كەس نەهاتووە بۆ لامان وەك ئيمامى ئەحمەدى كوڕى حەنبەل وە كەس نييە وەكو ئەو فەقيه بێت[١٥٠] .

وەدەڵێت : چوار كەس لە عێراقەوە هاتن بۆ لامان لە فەرموودەدا سەركردە بوون يەكەميان (الشاذكوني) بوو كە لە هەموويان زياتر فەرموودەى

---

[١٤٦] المناقب:(٢٠٠).

[١٤٧] المناقب:(١٢٣ ، ١٣٩) سير أعلام النبلاء :(٥٦٧/٧) .

[*] سير أعلام النبلاء : (٤٦٧/٧) .

[١٤٨] المناقب:(١٣٩).

[١٤٩] ابن حنبل:(١٩) ، سير أعلام النبلاء :(٤٦٥/٧) .

[١٥٠] المناقب:(٦٩).

لە بەر بوو ، وە دووەمیان(علي بن المديني) بوو لە هەموویان شارەزاتر بوو لە جیاوازی فەرموودەکاندا وە سێیەمیان (يحيى بن معين) بوو لە هەموویان زیاتر پیاوانی فەرموودەی دەناسی وە چوارەمیان (احمد بن حنبل)بوو لەو زانیاریانەی ئەواندا لە هەموویان بلیمەت تر بوو .[١٥١]

وەدەڵێت : سێ کەس لە منەوە فەرموودەیان وەرگرد بایەخی پێ نادەم گەر کەسیتر نەینوسێت (ابن الشاذكوني) کە لە هەمویان زیاتری لە بەر بوو وە (يحيى بن معين) لە هەمووکەس زیاتر پیاوانی فەرموودەی دەناسی وە (احمد بن حنبل) لە هەموویان لە خواترس تر بوو .وەدەڵێت : کەسم نەبینیوە وەك ئیمامی ئەحمەد ، ئەگەر ئەو پیاوە بژێت دەبێتە جێگری هەموزانایان .[١٥٢]

وە هەوەها عبدالرزاق دەفەرمووێت :- کەسم نەبینیوە لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل فەقیهترو لە خواترستر بێت .. (الخطيب البغدادي) دەڵێت :- ئەمە لە کاتێکدایە کە عبدالرزاق کەسانی وەك (الثوري ومالك و ابن جريج) ی بینیوە * .

(وكيع بن الجراح)و (حفص بن غياث النخعي) دەڵێن : کەس نەهاتووە بۆ کووفە وەکو ئەو گەنجە (واتە:احمد بن حنبل)[١٥٣]

(حجاج بن الشاعر) دەڵێت : کەسم نەبینیوە وەك ئیمامی ئەحمەد ، شەوی وابوو پێکەوە دادەنیشتین کاتێ دەگەڕامەوە بۆ ماڵ لە خۆشەویستی ئەودا بیرم دەکرد و دەستم دەکرد بە گریان[١٥٤] .

وەدەڵێت:-کەسم نەبینیوە لە ئەحمەد چاکتر بێت ، سوێند بە خوا ئەو لە پێشەوایەتیدا لە (مالك و سفيان) گەورەترە .

---

(١٥١) المناقب:(٦٩).

(١٥٢) المناقب:(٧٠) ، سير أعلام النبلاء :(٧/ ٤٦٤) .

* سير أعلام النبلاء : (٧/ ٤٦٧) .

(١٥٣) المناقب:(٧١) ، سير أعلام النبلاء :(٧/ ٤٦٥) .

(١٥٤) المناقب:(١٣٥).

(اسماعيل بن خليل) دەڵێت : ئەگەر ئيمامى ئەحمەد لە ناو بنى ئيسرائيل دا هەڵبكەوتايە دەبووە ئايەتێك [155](لە جێگەيەكى تردا دەڵێت : پێغەمبەرێك)[156]

(اسحاق بن ابراهيم الحنظلي) دەڵێت : ئيمامى ئەحمەد حوججەيە لە نێوان خوداو بەندەكانى لە سەر زەويدا[157].

(زكريا بن يحيى الساجي) دەڵێت :لاى من ئيمامى ئەحمەد لە (مالك و الأوزاعي و الثوري والشافعى) باشترە چونكە ئەوان وێنەيان بوو بەڵام ئەم وێنەى نييە[158].

(يحيى بن سعيد القطان) دەڵێت :كەس نەهاتووە بۆ لام وەكو ئيمامى ئەحمەد ،وە كەس نەهاتووە بۆ بەغدا خۆشەويستر بێت لام وەك ئيمامى ئەحمەد .ئيمامى ئەحمەد يش دەڵێت : كەسم نەبينيوە وەك يحيى بن سعيد [159]. وە ئەو رۆژەى كە (بەصرە)م بە جێهێشت يحيى زۆرى پىٚ ناخۆش بوو .

(ابو سهل البغدادي) دەڵێت : لە هەموو سەردەمێكدا كەسێك دەبێتە حوججە ، (الفضيل بن العياض) حوجەى سەردەمى خۆى بوو، وە ئەگەر ئەو گەنجە بژێت دەبێتە حوججەى سەردەمى خۆى (واتە : أحمد بن حنبل)[160].

وەجارێكيان (أبو سهل) باسى فەرموودەكانى (هُشَيم) ى دەكرد فەرموويان : لە فەرموودەدا لە گەڵ تۆدا يەك دەنگ نين . فەرمووى:_كێيە ؟ فەرموويان : ئيمامى ئەحمەد ى كوڕى حەنبەل فەرمووى: حەزم دەكرد لە

---

(١٥٥) المناقب:(١٣٦) ،حلية الاولياء:(٩ : ١٦٧) ، تاريخ بغداد:(٤ : ٤١٨) ، سير أعلام النبلاء :(٤٧٠/٧) .

(١٥٦) البداية والنهاية : (٢٨١/١٠) .

(١٥٧) الطبقات:(١٧) ، الحديث والمحدثون:(٣٥١) ، تاريخ بغداد:(٤ : ٤١٧).

(١٥٨) الطبقات:(١٨).

(١٥٩) البداية والنهاية:(١٠ : ٢٨١) ،المناقب:(٧٤) ، سير أعلام النبلاء :(٤٦٢/٧) .

(١٦٠) المناقب:(٧٨).

(١٦١) المناقب:(٧٨).

تەمەنی من کەم بکرێتەوە و بخرێتە سەر تەمەنی ئەو چونکە ئەو سوودی بۆ موسڵمانان زیاترە[(١٦١)] .

(خلف بن سالم) دەڵێت : لە مەجلیسی (یزید بن هارون) دانیشتبوین یزید لە گەڵ ئەوانەی کە دەیان نوسی گاڵتەیەکی کرد ، ئیمامی ئەحمەد لە بەر خۆیەوە چەند قسەیەکی کرد ، یزید بە دەستی دای بە نێو چاوانی خۆیدا وفەرمووی : بۆ پێم ناڵێن ئیمامی ئەحمەد دانیشتووە تاکو گاڵتە نەکەم[(١٦٢)] .

ئەحمەدی کوڕی (سنان القطان) دەفەرموویت :- هیچ کەسێکم نەبینیوە (یزید) بەو شێوەیە بە گەورەیی تەماشای بکات چۆن تەماشای ئەحمەدی دەکرد وە لە هیچ کەسێك بەو شێوەیە رێزی نەدەگرد ، گەر دابنیشتایە لە تەنیشتی خۆیەوە دایدەنا و گاڵتەی لە گەڵدا نەدەکرد[*] .

(احمد بن شیبان)دەڵێت : (یزید بن هارون) هیچ کەسێکی وا بە گەورەیی و مەزنی و رێزەوە تەماشا نەدەکرد چۆن بۆ ئیمامی ئەحمەد دەیکرد وەئەگەر قسەی بۆ بکردینایە لە تەنیشتییەوە دادەنیشت و زۆر شەرمی لێ دەکرد و گاڵتەی لە گەڵدا نەدەکرد وە کاتێ ئیمامی ئەحمەد نەخۆش کەوت سەردانی کرد[(١٦٣)] .

کاتێ باسی ئیمامی ئەحمەد بکرایە لای (محمد بن معمرانـي الجمال) دەیفەرموو : کەس نەماوە رووی دڵی تێ بکەم ، کاتێ روو دەکەمە مەککە و مەدینە و بەصرە و کووفە و شام و جەزیرە وخوراسان و رووی دڵم دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەو[(١٦٤)]

---

(١٦٢) ابن حنبل:(٣٧) ،المناقب:(٦٧) ، سير أعلام النبلاء :(٤٦٥/٧) .

* سير اعلام النبلاء (٤٦٥/٧).

(١٦٣) المناقب:(٦٧).

(١٦٤) المناقب:(١٢٣).

(محمد بن مسلم بن وارة القومسي) دەڵێت : (احمد بن صالح) لە میصر،(احمد بن حنبل) لە بەغدا (النفيلي) لە حەڕان ،(محمد بن عبدالله) لە کووفە ، روکنی ئەم دینەن[١٦٥] .

(يعقوب بن سفيان) دەڵێت : لە هەزار مامۆستا(شیخ)ەوە فەرموودەم نوسیوە حوججەی نێوان من و خودا دوو کەسە فەرموویان : کێیە ؟فەرمووی:(احمد بن صالح المصري)و(احمد بن حنبل) ە [١٦٦] .

(ابو همام الوليد بن شجاع السكوني) دەڵێت : کەسم نەبینیوە وەکو ئیمامی ئەحمەد وە ئیمامی ئەحمەدیش کەسی نەبینیوە وەکو خۆی[١٦٧] .

ئەحمەد ی کوڕی سەعیدی الرازی دەفەرمووێت :—کەسم نەبینیوە وەك ئەحمەدی کوڕی حەنبەل فەرموودەکانی پێغەمبەری لە بەر بێت(ﷺ) و لە ماناکەی و فیقهەکەی تێگەیشتوو بێت * .

(ابو عمير الطالقاني) دەڵێت : مامۆستاکانم دەیانفەرموو(احمد بن حنبل) بیلبیلەی چاوی ئیسلامە .[١٦٨]

وەجارێکیان لە مەجلیسی (إسماعيل بن علية) دا کابرایەك گاڵتەیەکی کرد زۆربەیان پێکەنین ئیمامی ئەحمەدیش دانیشتبوو پاشان چوون بۆ لای اسماعیل بینیان پەست بووە فەرمووی : پێدەکەنن و ئیمامی ئەحمەدیش دانیشتووە ! ؟ وەئەگەر قامەت بۆ نوێژ بکرایە(إسماعيل بن علية) دەیفەرموو : ئەگەر ئیمامی ئەحمەد لێرەیە پێی بڵێن با پێش کەوێت [١٦٩]

---

[١٦٥] المناقب:(١٢٩) ، سير أعلام النبلاء :(٤٦٩/٧) .

[١٦٦] المناقب:(١٣٠) ، سير أعلام النبلاء :(٤٦٩/٧) .

[١٦٧] المناقب:(١٣٢) ، سير أعلام النبلاء :(٤٦٧/٧) .

* المناقب : (٦٣) ، ابن حنبل :(٨٠) .

[١٦٨] المناقب:(١٣٧).

[١٦٩] المناقب:(٦٨) ، سير أعلام النبلاء :(٤٦٤/٧) .

(أبـي العوام البزاز) دەڵێت :لای(ابو الولید) دانیشتبوین ابو الولید ڕاکشابوو فەرموویان : ئیمامی ئەحمەد هات، (أبو الولید) ڕاستەوە بوو دانیشت و بێ دەنگ بوو ، ئیمامی ئەحمەد چەند پرسیارێکی لێ کرد ئەویش وەڵامی دەدایەوە منیش لە دڵی خۆمدا ووتم : ئێمە هەموومان مامۆستاین (شیخ) ین کەچی (ابو الولید) لە بەر ئیمامی ئەحمەد دانیشت و ڕاستەوە بوو [١٧٠]

(عبد الرحمن بن مهدي) دەڵێت :کەس نییە شارەزای فەرموودەکانی (سفيان الثوري) بێت وەکو ئیمامی ئەحمەد ، وەچ کاتێك تەماشای ئیمامی ئەحمەد بکەم (سفیان)م دەکەوێتەیاد، کێ دەیەوێت سفیان ببینێ ئەوا با تەماشای ئیمامی ئەحمەد بکات[١٧١] .

(عبد الوهاب الوراق) دەڵێت : کەسم نەبینیوە وەك ئیمامی ئەحمەد فەرموویان :چێ وای لێ کردووی کە ئەوەندە بەرزی کەیتەوە بە سەر ئەوانیترا؟ فەرمووی: کەسێك پرسیاری لێ کرابێت دەربارەی شەست هەزار مەسەلە بۆ هەمووی وەڵامی دایەوە بە(حدثنا و أخبرنا)[١٧٢]

(الـحمیدي) دەڵێت : تاکو من لە حیجاز و ئیمامی ئەحمەد لە بەغدا و اسحاق لە خوراسان بێت کەس بە سەرماندا سەر ناکەوێت .[١٧٣]

النفیلی دەفەرمووێت : ئەحمەد ی کوڕی حەنبەل یەکێکە لە ناودارانی ئەم دینە* .

---

[١٧٠] المناقب:(٧٢).

[١٧١] ابن حنبل:(٨١ ، ٩٩) ،المناقب:(٧٣) ، سير أعلام النبلاء :(٤٦٢/٧) .

[١٧٢] المناقب:(١٤٢) ،الطبقات:(٦).

[١٧٣] المناقب :(١٠٨) ، سير أعلام النبلاء :(٤٦٨/٧) .

* سير اعلام النبلاء(٤٦٦/٧) .

جارێكيان لاى (ابن أبي أوس) بووين فەرموويان :فەرمووودەناسان رۆيشتن فەرمووى : خواى گەورە (ئيمامى ئەحمەدى كورِى حەنبەل)ى بۆ هێشتينەتەوە جارێ فەرمووودەناسان ماون [١٧٤] .

(ابو ثور) دەڵێت: ئيمامى ئەحمەد لە ثوري زاناترو فەقيهترە[١٧٥] .

وەدەڵێت : ئەگەر كەسێك بڵێت (ئيمامى ئەحمەدى كورِى حەنبەل) يەكێكە لە ئەهلى بەهەشت ئەوا زيادەرەوى نەكردووە چونكە گەر بچيت بۆ خوراسان ودەوروبەرى دەڵێن :ئيمامى ئەحمەد پياو چاكە و گەر بچيت بۆ عێراق و شام ودەوروبەرى دەڵێن : ئيمامى ئەحمەد پياو چاكە ، جا ئەمەش بە كۆڕاى زانايان دادەنرێت. [١٧٦]

(ابو عبد الله احمد بن يحيى الذهلي) دەڵێت :ئيمامى ئەحمەدم كردووەتە پێشەوايەك لە نێوان خۆم و خواى گەورە دا [١٧٧]

(سفيان بن وكيع) دەڵێت :ئەوەى ئيمامى ئەحمەد عەيبدار بكات فاسقە [١٧٨] .

(احمد بن صالح المصري) دەڵێت : لە عێراقدا كەسم نەبينيوە وەك ئەو دوو پياوە(ئيمامى ئەحمەد) لە بەغداو (محمد بن عبدالله بن نمير) لە كووفە* .

(نصر بن علي) دەڵێت : ئيمامى ئەحمەد باشترين كەسى سەردەمى خۆيەتى .[١٧٩]

---

[١٧٤] المناقب:(١٠٨) ، سير أعلام النبلاء :(٤٦٨/٧) .

[١٧٥] البداية والنهاية:(١٠ : ٢٨٢) ، ابن حنبل :(٥) ،الطبقات:(٧) ،المناقب:(١٢٤) ، سير أعلام النبلاء :(٤٦٧/٧) ،طبقات الفقهاء :(١٠١/١) .

[١٧٦] المناقب:(١٢٤) ، ابن حنبل:(٥).

[١٧٧] المناقب:(١٢٥) ، سير أعلام النبلاء :(٤٦٧/٧) .

[١٧٨] المناقب:(١٢٥) ، تاريخ بغداد : (٤٢٠/٤) .

* سير اعلام النبلاء:(٤٦٦/٧) ، المناقب : (١٢٦) .

[١٧٩] المناقب:(١٢٨) ، سير أعلام النبلاء :(٤٦٧/٧) ، تاريخ بغداد : (٤١٧/٤) .

(ابو معمر اسماعيل بن ابراهيم الهذلي القطيعي) دەڵێت : پەنجا ساڵە وەك ئیمامی ئەحمەدم نەبینیوە لە تەمەنی گەنجییەوە ئەو زانیارتر دەبێت[١٨٠] .

(عمر بن محمد الناقد) دەڵێت : گەر ئیمامی ئەحمەد لە فەرموودەیەکدا (موافق) م بێت گوێی پێ نادەم گەر خەڵکی(مخالف) م بێت [١٨١]

(احمد بن الحجاج) دەڵێت: کەسم نەبینیوە وەکو ئیمامی ئەحمەد گەر لە سەردەمی (ابن المبارك) دا بوایە دەمانگوت لەو چاکترە[١٨٢]

پرسیار کرا لە (ابو مسهر الغسانی) :- ئایە کەسێك دەناسیت لەم ئوممەتەدا ئەمر(کاروبار)ی ئەم دینەی لە بەر بێت ؟ فەرمووی:- گەنجێك لە رۆژهەڵاتە (واتە : ئەحمەد) .

دەست پێ کردنی تاقیکردنەوە ﴿ المحنة ﴾[١٨٣]

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموویت:- ﴿الـم (١) أَحَسِبَ النَّاسُ أَن يُتْرَكُوا أَن يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لاَ يُفْتَنُونَ (٢) وَلَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ (٣)﴾ وە پرسیارکرا لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) چ کەسێك زۆر تووشی بەڵا دەبێت ؟ فەرمووی : پێغەمبەران ئەمجار ئەوانەی وەکو ئەوانن ئەمجار ئەوانەی وەکو ئەوانن ، جا ئیمامی ئەحمەد توشی تاقیکردنەوەیەکی سەخت بوو کە هیچ کەسێك نەیدەتوانی بەرانبەری راوەستێ جگە لە ئیمامی ئەحمەد نەبێ ،(رەبیع) دەڵێت : ئیمامی شافعی کاتێ لە میسر بوو پێی وتم : ئەی (رەبیع) ئەم نامەیە ببە بۆ(احمد بن حنبل) لە بەغدا و وەڵامەکەیم بۆ بهێنەرەوە ، رەبیع دەڵێت : کاتێ گەیشتمە بەغدا شەبەق بوو

---

(١٨٠) المناقب:(١٢٨).

(١٨١) المناقب:(١٢٨) ، سير أعلام النبلاء :(٧/ ٤٦٧) .

(١٨٢) المناقب:(١٢٩).

(١٨٣) ابن حنبل:(٤٣-٦٨).

چووم بۆ مزگەوتەكەی ئیمامی ئەحمەد نوێژم كرد و پاشان نامەكەم دا بە دەستی ئیمامی ئەحمەد ووتم : ئەمە نامەی ئیمامی شافعی یە لە میسرەوە بۆی ناردووی ئیمامی ئەحمەد فەرمووی : تەماشات كردووە ؟ ووتم : نەخێر ، كاتێ نامەكەی كردەوە و خوێندییەوە چاوەكانی پڕ بوو لە فرمێسك ، ووتم : ئەی باوكی عبد الله چی تیادایە ؟ ئیمامی ئەحمەد فەرمووی : (ئیمامی شافعی) دەڵێت: پێغەمبەری خوام (ﷺ) لە خەودا بینیوە و پێی فەرمووم : نامەیەك بنووسە بۆ(باوكی عبدالله ئەحمەدی كوڕی حەنبەل) سەلامی منی پێ بگەیەنە و پێی بڵێ : كە تاقیدەكرێتەوە و بانگی دەكەن بۆ ئەوەی كە گوایە قورئان دروست كراوە تۆیش وەڵامیان مەدەرەوە خوای گەورە بە عیلم بەرزت دەكاتەوە تا ڕۆژی قیامەت ، (ڕەبیع) دەڵێت : ووتم : مزگێنیم بدەرێ ، ئیمامی ئەحمەد یش كراسەكەی كە لە بەر دا بوو پێی دام ، گەڕامەوە بۆ میسر، وەڵامی نامەكەم گەیاندە (ئیمامی شافعی) ،(ئیمامی شافعی)فەرمووی : چی پێت دا ؟ ووتم : كراسەكەی كە لە سەر پێستەكەی بوو،(ئیمامی شافعی) فەرمووی : لێت ناسێنم بەڵام تەڕی بكەو بیدە پێمان با منیش شەریكت بم .[١٨٤]

سەرەتایەك دەربارەی كێشەكە

تاكو سەردەمی خەلیفە(هارون الرشید) خەڵكی لە سەر بەرنامەی پاك و پاراوی پێشین بوون و دەیان فەرموو : قورئان كەلامی خوایە و دروست كراو نییە ، بەڵام كاتێ كۆمەڵی (المعتزلة) پەیدا بوون ئەوەیان بڵاو كردەوە كە قورئان یەكێكە لە دروست كراوەكانی خوا بەڵام لەم سەردەمەدا بە نهێنی بوو كاتێ ئەم قسەیە گەیشتە (هارون الرشید) فەرمووی: بیستومە كە (بشر المریسی) گوتویەتی قورئان دروست كراوە سوێند بە خوا گەر بیدۆزمەوە دەبێ بە شێوەیەك بیكوژم كەس وا نەكوژرابێت بۆیە (بشر المریسی) خۆی دەرنەخست

---

[١٨٤] البداية والنهاية:(١٠ : ٢٧٨) ،المناقب:(٤٥٥).

تاكو (هارون الرشيد) کۆچی دوایی کرد ئەمجار خۆی دەرخست و بانگەوازی خەڵکی کرد بۆ ئەو گومڕایی یە ،وە لە کاتی(الأمين)شدا نەیدەوێرا نزیك بکەوێتەوە و بەزەقی گومڕایەکەی بڵاو بکاتەوە بەڵام کاتیّ(مأمون) بوو بە خەلیفە چەند کەسێك لە زانایانی(المعتزلة) بوون بە هاوڕێی و نزیکی و توانیان قەناعەتی پیّ بکەن کە قورئان دروست کراوی خوایە (ولا حول ولا قوة الا بالله)(١٨٥)

دەست پیّ کردنی (المحنة)

لە مانگی رەبیعی یەکەمی ساڵی ٢١٢ کۆچی خەلیفەی موسڵمانان (مأمون) دووبیدعەی لەناو خەڵکیدا بڵاو کردەوە یەك لە یەك گومڕا ترو خراپتر بوو ، یەکەمیان ئەوە بوو کە دەیگوت قورئانی پیرۆز دروست کراوی خوایە (القرآن مخلوق) وە دووەمیان ئەوە بوو کە دەیگوت : (علي بن ابي طالب) لە هەمووخەڵکی باشترە(مەبەستی ابو بکر و عمر بوو) بێگومان ئەمە هەڵە و تاوانێکی گەورەیە(١٨٦) ، وە لە ساڵی ٢١٨ ك مأمون کە خۆی لە طرسوس بوو نوسراوێکی نارد بۆ جێگرەکەی خۆی لە بەغدا کە (اسحاق بن ابراهيم بن مصعب) بوو تیایدا فەرمانی پیّ کردبوو کە هەموو قازی و فەرموودەناسان تاقیبکاتەوە دەربارەی قورئان کە ئایە دروست کراوە یان نا ، وە کۆمەڵێکیان بۆ بنێرێت بۆ لای خۆی وچەند نوسراوێکی دی نارد کە زیاتر بایەخی دەدا بەو مەسەلەیە، هەموو ئەو نوسراوانە (ابن جرير) لە کتێبەکەیدا نوسیویەتی(١٨٧) وە ئەم قسەیە نەك تەنها فەرموودەناسان و زانایانی ئەهلی سوننەو جەماعە پێی رازی نەبوون تەنانەت زانایانی ئەهلی کەلامیش هەموو لە سەری یەك دەنگ نەبوون(١٨٨)،

(١٨٥) المناقب:(٣٠٨) ، ابن حنبل :(٤٤) ، سير أعلام النبلاء :(٧/٤٩٠) .

(١٨٦) البداية والنهاية:(١٠ : ٢٢٣).

(١٨٧) البداية والنهاية :(١٠ : ٢٢٨) المناقب:(٣١٠).

(١٨٨) بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر تەماشای کتێبی البداية والنهاية بکە:(١٠ : ٢٢٨ ، ٣٢٧).

وەکاتیێ نامەکانی (مأمون) دەگەیشتە بەغدا بە سەر خەڵکیدا دەخوێنرایەوە ، وەلە یەکێك لە نامەکاندا (مأمون) چەند کەسێکی دیاری کردبوو کە بینێرن بۆ لای خۆی ئەوانیش فەرموودە ناسان بوون لەوانە: (محمد بن سعد كاتب الواقدي) و (أبو مسلم المستملي) و (يزيد بن هارون) و(يحيى بن معين) و (ابو خيثمة) و (زهير بن حرب) و(احمد بن الدورق) وە هەموویانی نارد بۆ لای (مأمون) کە لە شاری (الرقة) بوو وە هەموو تاقیکرانەوە ئەوانیش بە ناچاری دانیان نا بەوەدا کە قورئان دروست کراوە ، پاشان (مأمون) هەموویانی گەڕانەوە بۆ بەغدا و فەرمانی کرد کە لە ناو فەقیهەکاندا بڵاو بکرێتەوە ، اسحاق فەرمانەکەی (مأمون) ی جێ بە جێ کرد ئەمجار اسحاق خەڵکێکی زۆری کۆ کردەوە لە فەرموودەناسان و فەقیهەکان و پێشەوا و وتاربێژی مزگەوتەکان و خەڵکی دی وە بانگەوازی هەموویان کران بۆ ئەو مەبەستە بە فەرمانی (مأمون) وەباسی ئەوەی بۆ کردن کە فەرموودەناسان رازی بوون لە سەر ئەو قسەیە ئەمجار ئەوانیش بە ناچاری رازی بوون لە سەر ئەوەو لە ناو خەڵکیدا فیتنەیەکی گەورە بڵاو بووەوە ، إنا لله وإنا إليه راجعون .[189]

ئەمجار (مأمون) چەند نوسراوێکی نارد بۆ اسحاق کەتیایدا هەندێ شوبهەی هێنایەوە بە مەبەستی بەڵگە هەرچەند هیچ لەوانە بەڵگە نەبوون بەڵکو بەڵگە بوون لە سەر خۆیان (ابن جرير) باسی ئەو شوبهانە دەکات ، وەفەرمان بە اسحاق کرا کە بۆ خەڵکی بخوێنێتەوە و بانگەواز بکات بۆ ئەوەی کە قورئان یەکێکە لەدروست کراوەکانی خوا ئەمجار اسحاق کۆمەڵێکی دی بانگ کرد لەوانە (احمد بن حنبل) و (قتيبة) و (ابو حيان الزيادي) و (بشر بن الوليد) و (علي بن

---

(189) البداية والنهاية:(١٠ : ٢٢٨).

ابي مقاتل) و (سعدوية الواسطي) و (علي بن الجعد) و(اسحاق بن ابي اسرائيل) و (ابن الهرش) و(ابن علية الاكبر) .. .. هتد [١٩٠]

کاتێ ئەو کۆمەڵە کەسە چوونە ژوورەوە اسحاق نوسراوەکەی(مأمون) ی خوێندەوە ئەمجار رووی کردە (بشر بن الوليد) فەرمووی : چ دەڵێیت دەربارەی قورئان ؟فەرمووی: کەلامی خوایە ، فەرمووی: دەربارەی ئەوە پرسیار ناکەم ، ئایە دروست کراوە ؟ فەرمووی : دروستکەر(خالق) نییە ، اسحاق فەرمووی : دەربارەی ئەوەش پرسیار ناکەم . ئەویش فەرمووی : لەوە باشتر نازانم و سوور بوو لە سەر ئەم قسەیە ، پاشان اسحاق فەرمووی : ئایە شایەتی دەدەی کە هیچ خوایەك نییە تەنها(الله) نەبێت ،تاك وتەنهایە ، هیچ شتێك پێش ئەو نەبووە و پاشی ئەویش هیچ نییە ، هیچ شتێك لە وێنەی نییە لە دروست کراوەکانی و لە مانایەك لە ماناکانی و هیچ روویەك لە رووەکانی ؟فەرمووی: بەڵێ ، ئەویش بە کاتبەکەی فەرموو : ئەوەی کە فەرمووی بینوسە ، ئەویش نوسی .

ئەمجار یەك بە یەك تاقییانی کردەوە زۆربەیان رازی نەدەبوون لە سەر ئەوەی کە قورئان دروست کراوێکە لە دروست کراوەکانی خوا ، بەو شێوەی کە (بشر بن الوليد) تاقیکرایەوە ئەوانیش تاقیکرانەوە ئەوانیش دەیانفەرموو : بەڵێ .کاتێ کە ئیمامی ئەحمەد هاتە پێشەوە اسحاق فەرمووی : ئایە دەڵێیت قورئان دروست کراوە ئەویش فەرمووی: قورئان کەلامی خوایە و لەمەیش زیاتر ناڵێم . فەرمووی : چ دەڵێیت بەو نوسینەی کە خوێندمانەوە ؟فەرمووی: دەڵێم (ليس كمثله شئ وهو السميع البصير) یەکێك لە موعتەزیلەکان کە ناوی (ابن البكاء الاصغر) بوو فەرمووی : ئەوە دەڵێت خوای گەورە دەبیسێ بە گوێ و دەبینێ بە چاو ، اسحاق فەرمووی : چیت دەوێت بەو قسەیەت کە دەڵێیت (سميعٌ بصير) ؟فەرمووی: ئەوەم دەوێت کە خوای گەورە دەیەوێت ئەویش ئەوەیە کە خۆی

---

(١٩٠) البداية والنهاية:(١٠ : ٢٢٩).

وەسفی خۆی کردووە و لەمە زیاتر ناڵێم ، (إسحاق)یش وەڵامی هەموویانی یەك یەك ناردن بۆ لای (مأمون) ، وەهەبوو لە دانیشتوان بە ناچاری دەیفەرموو قورئان دروست کراوە چونکە بڕیار بوو هەر کەسێك نەڵێت ئەوا لە سەر کارەکەی لادەبرێت و ئەگەر لە (بیت المال) ەوە پارەی بۆ بهاتبایە ئەوا چیتر نەدەهات و ئەگەر (مفتی) بوایە نەیاندەهێشت فەتوا بدات و ئەگەر فەرموودەناس بوایە نەیاندەهێشت کەس گوێی لێ بگرێت و گوێ لە کەس بگرێت وئەم فیتنەیە بڵاو بووە وە ولاحول ولا قوة الابالله .[١٩١]

کاتێ وەڵامی نامەکان گەیشتە (مأمون) سوپاسنامەیەکی نارد بۆ اسحاق و دەست خۆشی لێ کرد وەڵامی هەر یەکەی لەوانە دایەوە کە ناویان هاتبوو لە نامەکەی اسحاقدا ئەمجار فەرمانی کرد دیسانەوە تاقیان بکاتەوە ئەگەر هەر کەسێك رازی بوو با لە ناو خەڵکیدا بڵاوی بکاتەوە گەر رازی نەبوو ئەوا بە بەستراوی بیان نێرە بۆ سەربازگەی (مأمون) بە پارێزراوی بۆ ئەوەی (مأمون) خۆی بە چاوی خۆی بیانبینێ چونکە مأمون بەڵێنی داوە کێ رازی نەبێت ئەوا بە شیر(شمشێر) لە گەڵیدا بجوڵێتەوە دیسان اسحاق ئەو زانایانەی کۆ کردەوە لەوانە (ابراهیم المهدي) کە هاوڕێی (بشر بن الوليد الكندي) بوو ، چونکە (مأمون) فەرمانی کردبوو گەر ئەو دوو کەسە رازی نەبوون ئەوا بیانکوژن بەڵام کاتێ تاقیکرانەوە رازی بوون ئەو ئایەتەی خوای گەورەیان کردە بەڵگە کە دەڵێت ﴿إِلاَّ مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالإِيمَانِ﴾ هەموویان رازی بوون تەنها چوار کەس نەبێت ئەوانیش (محمدی کوڕی نوح الجنديسابوری) و(الحسن ی کوڕی حماد ی السجاده) و(عبيد الله ی کوڕی عمر القواريري) و(ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) اسحاق ئەو چوار کەسەی کەلەپچە کردو ئامادەی کردن کە بیاننێرێت بۆ لای (مأمون) ، بۆ سبەینی دیسان تاقیانی کردەوە بەڵام(سجادة)

---

[١٩١] البداية والنهاية:(١٠ :٢٢٩).

وەڵامی دانەوە و رازی بوو ئەویش ئازاد کرا ئەمجار بۆ رۆژی سێیەم بانگی کردن و تاقیکردنەوە بەڵام (القواريري) وەڵامی دانەوە و رازی بوو ئەویش ئازاد کرا ، بەڵام ئەو دوو کەسەی کە وەڵامی نەدانەوە (احمد بن حنبل) و(محمد بن نوح) بوون ئەوانیش سووربوون لە سەر قسەی خۆیان (اسحاق)یش بە ئاسن و زنجیر و کەلەپچە توند بەستنی و ناردنی بۆ لای (مأمون) کە لە طرسوس بوو لە گەڵیاندا نوسراوێکی نارد[١٩٢]،ئا لەو کاتەدا کە ئیمامی ئەحمەد لە بەندیخانەبوو لای اسحاق ، اسحاق بە هاوڕێکانی خۆی گوتبوو : گەر خواردنیان هێنا بۆ ئیمامی ئەحمەد پێم خۆشە ببینم کاتێ هێنایان بینی وا دوو نان و یەك خەیارە اسحاق فەرمووی : کەسێك بە ئەمە رازی بێت وەڵاممان ناداتەوە .[١٩٣]

أحمد و محمد بن نوح بە بەند کراوی لە سەر یەك حوشتر بەڕێ کەوتن لە رێگادا ئیمامی ئەحمەد دوعای دەکرد کە لەگەڵ (مأمون) دا کۆ نەبێتەوە و چاوی بە چاوی نەکەوێت[١٩٤] ، (صالح ی کوڕی ئیمامی ئەحمەد) دەڵێت : تاکو ئەنبار لە گەڵیاندا رۆیشتین (ابو بكر الأحول) بە باوکمی فەرموو: ئەی باوکی عبدالله گەر ناچاریان کردیت کە بە شیر (شمشێر) وەڵامت دەدەنەوە لە قسەی خۆت دەگەڕێیتەوە ؟ فەرمووی : نەخێر[١٩٥].

ئیمامی ئەحمەد دەڵێت : هیچ وتەیەك زۆر کاریگەری نەبووە لە سەرم وەك قسەی ئەو کابرا دەشتەکییە کە ناوی(جابر بن عامر) بوو ، پێی وتم : (ئەمڕۆ تۆ نوێنەری خەڵکیت تۆیش رەشبین مەبە لە سەریان و تۆ ئەمڕۆ گەورەی خەڵکیت ئاگادار بە وەڵامیان نەدەیتەوە گوناهی هەموو هەڵبگریت لە رۆژی قیامەتدا ، وەئەگەر خوات خۆش دەوێت ئارام بگرە لە ئەوەی کە لە سەریت

---

[١٩٢] البداية والنهاية:(١٠ : ٢٢٩) ، سير أعلام النبلاء :(٧/ ٤٩٠) .

[١٩٣] المناقب:(٢٥٢) ، سير أعلام النبلاء :(٥٣٨/٧) .

[١٩٤] البداية والنهاية:(١٠ :٢٢٩).

[١٩٥] المناقب:(٣١٢) ، سير أعلام النبلاء :(٤٩٢/٧) .

باش بزانه له نێوان تۆ و بەهەشتدا هیچ شتێك نییه تەنها كوشتنت نەبێت و گەر نەكوژرێیت ئەوا هەر دەمریت و گەر بژێیت به سەربەرزی دەژێیت) ئیمامی ئەحمەد دەڵێت : ورەی زۆر بەرز كردمەوه[١٩٦] ئیمامی ئەحمەد دەڵێت : كەسم نەبینیوه وەكو(محمدی كورِی نوح) له تەمەندا زۆر گەورە نەبوو و عیلمێكی كەمی پێ بوو كەچی زۆر سوور بوو له سەردینەكەی ، جارێكیان دوو به دوو بووین پێی فەرمووم : ئەی باوكی عبدالله ، الله الله تۆ وەك من نیت تۆ كەسێكیت خەڵكی چاوت لێ دەكەن و شوێنت دەكەون ، له خوا بترسه له سەر قسەی خۆت سوور به و خۆراگر به .ئیمامی ئەحمەد دەڵێت : زۆر سەرسام بووم له ئامۆژگارییه به نرخەكەی** .

پاشان (مأمون) به نوسراوێك(اسحاق)ی ئاگادار كردەوه كه ئەو خەڵكەی ناچار بوونه كاتێ رازی بوون و ئەو ئایەتەیان كرووەتەبەڵگە كه دەفەرموێت ﴿إِلاَّ مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالإِيمَانِ﴾ بەڵام ئەوانەهەڵەن و دەبێ هەموویان رەوانه بكرێن بۆ طرسوس ، ئەوانیش به رێ خران .

كاتێ ئیمامی ئەحمەد و هەموو ئەو خەڵكه له سەربازگەی (مأمون) نزیك بوونەوه خزمەتكارێك له خزمەتكارەكانی (مأمون) هات بۆ لایان به چمكی كراسەكەی فرمێسكی دەسری و فەرمووی : ئەی باوكی عبدالله (مأمون) شیر (شمشێر)ێكی دەرهێناوه تاكو ئێستا دەرنەهێنراوه و سوێندی خواردووه گەر وەڵامی نەدەیتەوه كه قورئان دروست كراوه ئەوا دەتكوژێت .

ئەمجار ئیمامی ئەحمەد هەردوو ئەژنۆی خۆی خسته سەر گڵەكەو سەری بەرز كردەوه بۆ ئاسمان وفەرمووی:﴿ گەورەم خودایه،، حیلم و میهرەبانی وبەزەییت ئەو فاجرەی له خۆبایی كردووه تاكو جورئەت بكات

---

[١٩٦] البداية والنهاية:(١٠ : ٢٧٨) ،المناقب:(٣١٣) ، سير أعلام النبلاء :(٤٩٢/٧) .

** سير أعلام النبلاء (٤٩٣/٧) .

خۆشەویستەکانی تۆ دەکوژێت ، خودایە ئەگەر قورئان کەلامی تۆیەو دروست کراو نییە لە کۆڵمانی بکەرەوە﴾[197] کاتێ لە خەیمەکەی (مأمون) نزیك بوونەوە لە نیوە شەودا کابرایەك خۆی کرد بە ژووردا وفەرمووی: موژدە وا (مأمون) کۆچی دوایی کرد[198]. خوای گەورە دوعای ئیمامی ئەحمەدی قبوڵ کرد و نە (مأمون) ئەوانی بینی وەنە ئەمان (مأمون) یان بینی .وە ئەمجار ئیمامی ئەحمەد و محمدی کوڕی نوح گەڕانەوە بۆ بەغدا ، لە گەڕانەوەدا لە ساڵی ٢١٨ ك (محمدی کوڕی نوح) کۆچی دوایی کرد و ئیمامی ئەحمەد نوێژی لە سەر کرد** .

لەو کاتەدا کە ئیمامی ئەحمەد بەند کرابوو خەڵکی دەهاتن بۆ لای وباسی ئەوەیان بۆ دەکرد کە (توقیە) بکات واتە شتێك بڵێت و بە دڵ مەبەستی نەبێت . ئیمامی ئەحمەد فەرمووی : جا چ لەو فەرمودەیە دەکەن کە دەڵێت : (ئیمانداری وابوو پێش ئێوە بە منشار دەیان کردە دوو لەتەوە کەچی وازی لە دینەکەی خۆی نەدەهێنا) من لە بەند ناترسم لە گەڵ ماڵی خۆمدا وەکو یەکە و لە کوشتن ناترسم بەڵام لەوە دەترسم لە کاتی ئازاردانمدا بە قامچی خۆڕاگر نەبم[199] جا بۆیە هەموو کاتێ لە خوای باڵادەست دەپاڕایەوە بۆ ئەوەی ئارامی پێ ببەخشێت ، ئیمامی ئەحمەد بۆ هەموو سجنەکان بەرنوێژی دەکرد و خەڵکی لە ناو بەندینخانەو لە دەرەوەش دوعایان بۆ دەکرد .

کاتێ (مأمون) کۆچی دوایی کرد دوو وەسێتی بە جێ هێشت یەکەمیان ئەوە بوو کە داوای لە (معتصم) ی برای کرد پاش خۆی خەڵکی تاقیبکاتەوە و لە سەر پەیڕەو و بەرنامەکەی ئەو بڕوات ، وەدووەمیان ئەوە بوو کە زیاتر بایەخ

---

[197] البداية والنهاية:(١٠ : ٢٧٨).

[198] المناقب:(٣١٤) ، سير أعلام النبلاء :(٤٩٢/٧) .

** سير اعلام النبلاء(٤٩٣/٧).

[199] المناقب:(٣١٦) ، سير أعلام النبلاء :(٤٩١/٧-٤٩٢) .

بدات بە(احمد بن ابي دؤاد) و بيكات بە وەزيرى خۆى و پشتى پىَ ببەستيَت چونكە (ابن ابي دؤاد) زياتر بايەخى دەدا بە كيَشەكەو (معتصم) پياويَك نەبوو خەريكى عيلم و زانيارى بيَت بەلَكو خەريكى شەڕ و غەزا كردن بوو بۆيە هەموو كيَشەكەى خستە ئەستۆى (ابن ابي دؤاد) .[٢٠٠]

لە بەر دەستى (معتصم) دا[٢٠١]

كاتىَ كە (مأمون) كۆچى دوايى كرد ئيمامى ئەحمەديان گەڕانەوە بۆ بەغدا پاشان معتصم بوو بە خەليفەى موسلَمانان كەچى ديسان(احمد بن ابي دؤاد) بوو بە (قاضي القضاة) و يەكيَك لە پياوە نزيكەكانى (معتصم)* لە رەمەزانى سالَى ٢١٩ ك دا ئيمامى ئەحمەد بە بەند كراوى برا بۆ مالَى (اسحاق بن ابراهيم) كە بەر پرسى پۆليسى بەغدا بوو لەوىَ بەند كرا و هەموو رۆژيَك دوو كەسيان بۆ لاى ئيمامى ئەحمەد دەنارد بە مەبەستى گفتوگۆ كردن يەكيَكيان (احمد بن رياح) و ئەويدى (ابو شعيب الحجاج)بوو وتوويَژيَكى زۆريان لە گەلَدا دەكرد پاشان ئەگەر بيانويستايە برۆن ئەوا دەيانگوت (قيد) يَكى دى بۆ زياد كەن ، قەيدەكانى پيَى گەيشتە چوار دانە لە يەكيَك لە وتوويَژەكاندا ئيمامى ئەحمەد بە يەكيَكيانى فەرموو: چ دەلَييت دەربارەى عيلمى خوا ؟ فەرمووى : عيلمى خوا دروست كراوە . ئيمامى ئەحمەد فەرمووى: ئەوا كوفرت كرد . كابرايەك بە تەنيشتيانەوە بوو فەرمووى : ئەى نازانى ئەمە نيَردراوى خەليفەى موسلَمانانە ؟فەرمووى: بەلَى بەلاَم ئەو كوفرى كرد .

بەم چەشنە ئيمامى ئەحمەد خواى لىَ رازى بيَت بيست و هەشت مانگ لە زيندانداا مايەوە لەو ماوەيەدا ئەو نويَژى بۆ سجنەكان دەكرد ، پاشان بانگ

---

(٢٠٠) ابن حنبل:(٦٥).

(٢٠١) البداية والنهاية:(١٠ : ٢٧٩ – ٢٨١) ،المناقب:(٣١٩–٣٤٨) ، سير أعلام النبلاء :(٥٠٤/٧،٤٩٤) .

* المناقب : (٣١٩، ٣٤٨) ، البداية والنهاية : (٢٧٩–٢٨١) .

کرا بۆ لای خەلیفە پێیان فەرموو: ئەگەر وەڵامی خەلیفە نەدەیتەوە ئەوا دەتخاتە جێگایەکەوە هەرگیز رۆژ بە چاو نابینی ، پاشان برا بۆ بەندینخانە و سبەینێ بردیان بۆ لای خەلیفە هەموو کۆت و کەلەپچەو ئاسنەکانی هەڵگرد و چووە ژوورەوە بۆ لای خەلیفە بینی وا خەلیفە و (احمد بن ابي دؤاد) و کۆمەڵێك لە زانایانی موعتەزیلە دانیشتوون[٢٠٢]. بە مەبەستی ترساندنی ئیمامی ئەحمەد بینی وا دوو کەس بە کوژراوی لە ژوورەکەدا فرێ دراون بەڵام ئیمامی ئەحمەد بایەخی پێ نەدا کەچی لەو کاتەدا رووی کردە (ابو عبد الرحمن الشافعي) کەلەوی دانیشتبوو فەرمووی: چی شتێك دەزانی دەربارەی (مەسح لە سەر خوف) لە (ئیمامی شافعی)یەوە ؟ ابن ابي دؤاد فەرمووی :تەماشا کەن ئەو کابرایە بانگ کراوە بۆ ئەوەی بدرێ لە ملی، کەچی ئەو باسی فیقھ دەکات[٢٠٣].

کاتێ (المعتصم) ئیمامی ئەحمەدی بینی فەرمووی: وەرە پێشەوە ، ئەویش پێش کەوت فەرمووی: دانیشە ، ئیمامی ئەحمەد دانیشت ، کەمێك بێ دەنگ بوون ئیمامی ئەحمەد فەرمووی: رێگام دەدەی قسە بکەم ، معتصم فەرمووی : بەڵێ ، ئیمامی ئەحمەد فەرمووی: ئەی پێشەوای ئیمانداران ئایە پێغەمبەری ئامۆزات (ﷺ) بۆ چ شتێك بانگەوازی خەڵکی کرد ؟ معتصم فەرمووی: بۆ ئەوەی خەڵکی شایەتمان بهێنن و بڵێن (لا إلــهَ الاَّ الله) ئیمامی ئەحمەد فەرمووی : من شایەتی دەدەم کە (لا إلــهَ الاَّ الله) . ئیمامی ئەحمەد چەند بەڵگەیەکی بۆ هێنانەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگەوازی خەڵکی کردووە بۆ (لا إلــهَ الاَّ الله) وە ئەگەر کێ ئەوە بڵێت چیتر خوێنی حەرام دەبێت لە سەر موسڵمانان . ئەمجار (ابن ابي دؤاد) چەند قسەیەکی کرد بەڵام ئیمامی ئەحمەد وەڵامی نەدەدایەوە چونکە لە قسەکانی تێنەدەگەیشت . (معتصم) فەرمووی: بۆ وەڵامی

---

[٢٠٢] المناقب:(٣١٩).

[٢٠٣] الطبقات:(٩٦) ،المناقب:(٣٢٠) ، ابن حنبل:(٩٦) ،حلية الاولياء:(٩ :١٨٦).

نادەیتەوە ؟ ئیمامی ئەحمەد فەرمووی: بە کەسێکی ئەهلی عیلمی نازانم تاکو قسەی لە گەڵدا بکەم . ئەمجار معتصم فەرمووی: ئەگەر کەسێکی پێش من تۆی بەند نەکردبایە ئێستا من تۆم نەدەگرد. ئەی عبدالرحمن فەرمانم پێ نەکردیت کە ئەم کێشەیە کۆتایی پێ بهێنی ؟ ئیمامی ئەحمەد فەرمووی : الله اکبر ئەمە دەرگایەکە لە موسڵمانان دەکرێتەوە ، ئەمجار معتصم فەرمووی : عبد الرحمن گفتو گۆی لە گەڵدا بکە . عبدالرحمن فەرمووی: چی دەڵێیت دەربارەی قورئان ؟ ئیمامی ئەحمەد وەڵامی نەدایەوە ، معتصم فەرمووی: وەڵامی بدەرەوە ، ئیمامی ئەحمەد فەرمووی: چی دەڵێیت دەربارەی عیلم ؟ عبدالرحمن بێ دەنگ بوو ، ئیمامی ئەحمەد فەرمووی : قورئانی پیرۆز لە عیلمی خوایە ، وە کێ بڵێت عیلمی خوا دروست کراوە ئەوا کوفری کردووە ، عبد الرحمن بێ دەنگ بوو ، بەڵام لە ناو خۆیاندا فەرموویان : ئەی پێشەوای ئیمانداران تۆ و ئێمەی کافر کرد ، بەڵام معتصم گوێی پێ نەدان عبد الرحمن فەرمووی : خودا بوو بەڵام قورئان نەبوو . ئیمامی ئەحمەد فەرمووی: ئایە خودا بوو عیلم نەبوو ؟ عبد الرحمن بێ دەنگ بوو ، ئەمجار لە ناو خۆیاندا دەستیان بە مقۆ مقۆ کرد ، ئیمامی ئەحمەد فەرمووی : ئەی پێشەوای ئیمانداران بەڵگەیەکم لە قورئان یا فەرموودەکان بۆ بهێنەوە تاکو منیش شوێنتان بکەوم ، (ابن ابي دؤاد) فەرمووی : بۆ تۆ تەنها شوێنی ئەو دوو شتە دەکەویت ؟ ئیمامی ئەحمەد فەرمووی: ئیسلام لە سەر ئەو دوو شتە بەندە ، ئەمجار گفتوگۆیەکی زۆر کرا بەڵام نەیانتوانی ئیمامی ئەحمەد ببەزێنن ، ابن ابي دؤاد فەرمووی : ئەی پێشەوای ئیمانداران واللە ئەم کابرایە گومڕایە و بانگی خەڵکی دەکات بۆ گومڕایی و بیدعە ئەمانەش هەموو فەقیهەکان وقازێکانی تۆن پرسیاریان لێ بکە ، ئەویش فەرمووی : چ دەڵێن ؟ ئەوانیش هەموو قسەکەی ئەویان کرد .

ئەمجار لە رۆژى دووەم وسێيەم بانگيان كرد بەڵام پشت بە خوا هەموو رۆژێك ئيمامى ئەحمەد سەردەكەوت بە سەرياندا گەر بێ دەنگ بوونايە ابن ابي دؤاد دەستى دەكرد بە قسە كردن لە بەر ئەوەى بێ دەنگ نەبن كەچى لە هەموويان جاهيل ترو نەفام تر بوو . وەشتى زۆريان باس دە كرد ئيمامى ئەحمەد دەيفەرموو: تاكو ئێستا شتى وام نەبيستووە ، ابن غوث كە يەكێك بوو لە زانايانى موعتەزيلە دەستى بە قسە كردن كرد و زۆرى گوت و درێژەى پێدا ئيمامى ئەحمەد فەرمووى : من نازانم تۆ چى دەڵێيت بەڵام هەر ئەوەندە دەزانم كە (إنَّ اللهَ أحدٌ صمدٌ ليس كمثله شيء) ئەويش بێ دەنگ بوو ئەمجار باسى بينينى خواى گەورەيان كرد لە قيامەتدا و ويستيان سەنەدى فەرموودەكە زەعيف بكەن بەڵام بەڵگەكانى ئيمامى ئەحمەد زۆر لەوە زياتر بوو كە ئەوان لە مێشكى خۆياندا دايان نابوو .

لە گەڵ ئەم هەموو قسانەدا معتصم بە زبانى خۆش لە گەڵ ئيمامى ئەحمەد دا قسەى دەكرد و دەيفەرموو: ئيمامى ئەحمەد وەڵامم بدەرەوە تاكو بتكەم بە نزيك ترين كەسى خۆم وە كەسێك كە هەموو شتێك بە دەستى ئەو بێت ، ئيمامى ئەحمەد : دەيفەرموو : يەك ئايەت يا يەك فەرموودەم بو بهێننەوە تاكو وەڵامتان بدەمەوە .

لە كاتى ئەو هەموو قسانەدا ئيمامى ئەحمەد بەڵگەى بۆ ئەوان دەهێنايەوە كەچى ئەوان دەيانگوت : ئەى پێشەواى ئيمانداران ئەم كابرايە گومڕايە و خەڵكى بانگ دەكات بۆ گومڕايى . كاتێ بينيان قسە كردن لە گەڵيدا هيچ سوودى نييە فەرموويان :ئەى پێشەواى ئيمانداران جوان نييە بۆ تۆ ئەم كابرايە ئازادكەيت و دوو خەليفە ببەزێنێت ، لەم كاتەدا معتصم پەست بوو بە ئيمامى ئەحمەدى فەرموو : لەعنەتى خوات لێ بێت حەزم كرد وەڵامم بدەيتەوە كەچى وەڵامت نەدامەوە ، بيبەن بۆ بەنديخانەو ئازارى بدەن ، ئەوانيش

دەستیان کرد بە لێدانی ئیمامی ئەحمەد و چەند تەڵێك لە قژی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە ئیمامی ئەحمەد پێی بوو لێیان سەند، ئەمجار ئیمامی ئەحمەد فەرمووی : ئەی پێشەوای ئیمانداران پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێت : ((لا يحل دم امرئ مسلم يشهد ان لا اله الا الله الا باحدى الثلاث)) وەدەفەرمووێت : ((أُمرت أنْ أقاتل الناس حتى يقولوا لا اله الا الله فاذا قالوها عصموا مني دماءهم واموالهم)) ئەی بە چ شتێك خوێنی من حەڵاڵ دەکەیت ، ئەی پێشەوای ئیمانداران بیر بکەرەوە وەستانت لە بەر دەستی خوادا وەکو وەستانم لە بەر دەستتدا ، لێرەدا معتصم سارد بووەوە بەڵام هێندە فەرموویان : ئەمە گومڕایەو خەڵکی بانگ دەکات بۆ گومڕایی ، دیسان معتصم فەرمانی کرد بە لێدانی ئیمامی ئەحمەد، ئەوانیش دەستیان کردەوە بە لێدانی . معتصم دەیفەرموو : توند توند لێیدەن خوا دەستتان ببڕێت .

کاتێ قامچی یەکەمی لێدرا ئیمامی ئەحمەد فەرمووی: (بسم الله) وە کاتێ دووەمیان لێدا فەرمووی: (لا حول ولا قوة الا بالله) وەلە سێیەمدا فەرمووی : (قورئان کەلامی خوایە و دروستکراو نییە) ، وەلە چوارەمدا فەرمووی : ﴿قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلاَّ مَا كَتَبَ اللّهُ لَنَا﴾ ، تاکو بیست ونۆ قامچی لێدرا . هێندە بە توندی لێیان دەدا کە هیچ کەسێك نەیدەتوانی بەرگەی بگرێت ئەوەتا (شاباص التائب) کە یەکێك بوو لەوانەی کە ئازاری ئیمامی ئەحمەدی دەدا پاشان تەوبەی کردبوو دەڵێت :(هەشتا قامچیم دا لە ئیمامی دا لە ئیمامی ئەحمەد ئەگەر بدرایە لە فیل راست نەدەبووەوە) پاشان چەند جارێك معتصم داوای لێ کرد کە وەڵامی بداتەوە کەچی وەڵامی نەدەدایەوە ، وەچەند جارێك ئیمامی ئەحمەد لە بەر دەستیاندا دەبورایەوە ، دواجار کە بورایەوە کاتێ بە خەبەر هاتەوە بینی لە ژوورێکدایەو دەست وپێی کراوەتەوە ،ئەمە لە بیست و پێنجی رەمەزانی ساڵی ٢٢١ ك ئەمجار

خەلیفە فەرمانی کرد کە بچێتەوە ماڵی خۆیان چونکە بە کەڵکی ئەوە نەدەهات چیتر لە بەندینخانەدا بمێنێتەوە .

(المروزي) دەڵێت : کاتێ ئیمامی ئەحمەد لە بەندینخانە بوو چووم بۆ سەردانی و ووتم : ئەی باوکی عبدالله خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت : ﴿وَلا تَقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ﴾ ئیمامی ئەحمەد وەڵامی دایەوە و فەرمووی: بچۆ دەرەوە بزانە چی دەبینیت؟، المروزی دەڵێت : کاتێ چوومە دەرەوە خەڵکێکی زۆرم بینی دانیشتوون کاغەز وپێنوسیان بە دەستەوەیە .ووتم : ئێوە چ دەکەن وا لێرە دانیشتوون ؟فەرموویان: چاوەروانی (ئیمامی ئەحمەد)ین چ وەڵامێك دەداتەوە تاکو بینوسین ، منیش بە ئیمامی ئەحمەدم گوت ، ئیمامی ئەحمەد فەرمووی : خۆم دەکوژم بەڵام ئەو خەڵکە گومڕا ناکەم و لە ڕێ لایان نادەم . ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەیەی ئیمامی ئەحمەد هیچ لە بیر وباوەڕی نەهێنایە خوارەوە سەربازەکان ناچار بوون ڕێگایەکی دی بگرنە بەر ئەویش ئەوەبوو کە یەکێك لە سەربازەکان بە معتصم ی گوت : ئەی خەلیفەی موسڵمانان ڕێگام بدەن با بیکوژم . ابن ابي دؤاد فەرمووی : نەخێر گەر لێرە بیکوژن ئەوا لە ناو خەڵکیدا ڕێزی زیاد دەکات و خەڵکی زیاتر شوێنی دەکەوێت بۆیە ابن ابي دؤاد چەند کەسێکی بانگ کرد و کردنی بە شایەت کەوا ئیمامی ئەحمەد بە سەلامەتی چووەتە دەرەوە .

کاتێ ئیمامی ئەحمەد گەڕایەوە ماڵەوە پزیشك سەردانی کرد و چەند پارچە گۆشتێکی مردووی لە لەشی بڕی و فرەی دا و دەستی بە تەداوی کردنی کرد . وەهەموو ساتێك هەواڵی دەگەیشتە لای معتصم چونکە معتصم پەشیمان بووەوە لە ئازاردانی ئیمامی ئەحمەد و حەزی دەکرد زوو چاك ببێتەوە و کاتێ چاك بووەوە معتصم و هەموو موسڵمانان خۆشحاڵ بوون ، ئیمامی ئەحمەد گەردنی هەموو ئەو کەسانەی ئازاد کرد کە ئازاریان دابوو تەنانەت (معتصم) یش

و هەمیشە دەیفەرموو: چ سوودێك وەردەگریت گەر براكەت بە هۆی تۆوە ئازار بدرێت ، لە رۆژی قیامەتدا بانگ دەكرێت : ئەوانەی كە پاداشتیان لە سەر خوایە با هەستن بۆیە كەس هەڵناسێت تەنها ئەوانە نەبێت كە لێبوردە بوونە .

كاتێ ئازاد كرا چەندین موسڵمان و زانای موسڵمانان سەردانیان كرد وەك (يعقوب بن ابراهيم الزهري) و(سليمان بن داود) و نێو چاوانی ئیمامی ئەحمەدیان ماچ كرد ، ئیمامی ئەحمەد پێی ناخۆش بوو كە(اسحاق بن راهويه) ئازار بكێشێت و بێت سەردانی بكات بۆیە ئیمامی ئەحمەد بڕیاری دا كە ئەم بچێت بۆ سەردانی لە شاری(الری) هەرچەندە لەوەو پێش یەكتریان نەبینی بوو بەڵام ناوی یەكتریان بیستبوو وە یەكتریان خۆش دەویست ، كاتێ ئیمامی ئەحمەد گەیشتە شاری(الری) چووە یەكێك لە مزگەوتەكان بارانێكی زۆر دەباری و بایەكی بەهێز هەڵی كردبوو وەكاتەكەش شەوێكی زۆر تاریك بوو بە ئیمامی ئەحمەدیان فەرموو : دەمانەوێت مزگەوتەكە دابخەین بچۆ دەرەوە ئەویش فەرمووی: ئەمە مزگەوتی خوایە ومنیش بەندەی خوام فەرموویان :دەردەچیت یا بە زۆر دەرت كەین ؟ ئیمامی ئەحمەدیش فەرمووی: سلاما .. .. چووە دەرەوە بەڵام باران و تاریكی شەو زۆر بێ تاقەتی كردبوو و نەیدەزانی بەو شەوە بۆ كوێ بچێت لە ناكاو كابرایەكی بینی لەماڵێكەوە هاتە دەرەوە وفەرمووی : بۆ كوێ دەڕۆیت لەم كاتە ناوەختەدا ؟ ئیمامی ئەحمەد فەرمووی: نازانم . ئەویش فەرمووی: فەرموو وەرە ژوورەوە،ئیمامی ئەحمەدیش چووە ژوورەوە و جلوبەرگەكەی لە بەر داكەند و نانی خوارد لە گەڵیاندا پاشان كابرا پرسی : خەڵكی كوێیت؟ ئیمامی ئەحمەد فەرمووی :خەڵكی بەغدام .كابرا فەرمووی: ئایە (ئیمامی ئەحمەد ی كوڕی حەنبەل) دەناسیت؟ ئیمامی ئەحمەد فەرمووی : من (ئەحمەدی كوڕی حەنبەل)م ،ئەویش فەرمووی :منیش(إسحاق بن راهويه) م*

* المناقب :(٣٨٠) .

ئیمامی (الذهبي) دەڵێت: ئەم چیرۆکە کە (ابن الجوزی) باسی کردووە، چیرۆکێکی هەڵبەستراوە** .

لە ساڵی٢٢٧ ك کە پێشەوا لە بەندیخانە ئازاد کرا دەستی کردەوە بە گێڕانەوەی فەرموودە کەچی(الحسن بن علی بن الجعد) کە قازی بەغدا بوو نامەیەکی ئاگادار کردنەوەی بۆ(ابن ابي دؤاد) نارد کەوا ئیمامی ئەحمەد دەستی کردووەتەوە بە گێڕانەوەی فەرموودە بۆیە ئیمامی ئەحمەد وازی لە گێڕانەوەی فەرموودە هێنا.

ئەوانەی کە لە تاقیکردنەوەکەدا خۆ ڕاگربوون

چەند کەسێك لە کاتی تاقیکردنەوەکەدا خۆڕاگر بوون و مل کەچی قسەکانی خەلیفەو(ابن ابي دؤاد) نەبوون و دەیانفەرموو : قورئان کەلامی خوایەو دروست کراو نی‌یە . جا هەندێکیان کوژران و هەندێکیان لە زیندانەکاندا کۆچی دواییان کرد لەوانە:

١ ـ ئەحمەدی کوڕی نصر ی الخوزاعی: لە سەردەمی (واثق)دا تاقیکرایەوە و وەڵامی نەدایەوە ، بۆیە فەرمانیان کرد کە بکوژرێت و سەری لە لاشەی بکرێتەوە و لە سامەرا لە سێ دارە دراو سەری لە بەغدا هەڵواسرا و پاش شەش ساڵ سەر و لاشەکەی کۆ کرایەوە و لە بەغدا نێژرا واتە ساڵی ٢٣٧ ك .[٢٠٤]

٢ ـ محمدی کوڕی نوح.

٣ ـنعیم ی کوڕی حماد[٢٠٥]: لە ساڵی ٢٢٨ ك لە لە بەندینخانەدا لە سامەرا کۆچی دوایی کرد ، ابن ابي دؤاد فەرمانی دا کە کفن نەکرێت و نوێژی لە سەر نەکرێت .

** .(سير أعلام النبلاء: ٥٣٦/٧) .

[٢٠٤] المناقب:(٣٩٨) ، سير أعلام النبلاء :(٤٤٨/٧) .

[٢٠٥] ابن حنبل:(٦٦) ، المناقب:(٣٩٧).

٤ ـ ابو نعيم الفضل ى كوڕى دكين[٢٠٦] .

٥– عبد الاعلى ى كوڕى مسهر الدمشقي[٢٠٧]: له سالّى ٢١٨ ك له بەندينخانەدا له بەغدا كۆچى دوايى كرد .

٦– عفان ى كوڕى موسليم[٢٠٨] .

٧– ابو يعقوب يوسف ى كوڕى يحيى البويطي[٢٠٩] :له سالّى ٢٣٢ ك له بەندينخانەدا له بەغدا كۆچى دواى كرد كۆت و كەلەپچەى له دەستدا بوو.

٨–اسماعيل ى كوڕى ابى اويس .

٩–ابو مصعب المدنيان .

١٠–يحيى الحماى.

١١–الحارث كوڕى مسكين ابو عمر الضبي[٢١٠] .

ئيمامى ئەحمەد و واثق باللە

پاش كۆتايى هێنانى هەشت سالّ و هەشت مانگ بە سەر خيلافەتى معتصم دا معتصم كۆچى دوايى كرد و واثق باللە بوو بە خەليفەى موسلّمانان بۆيە ئيمامى ئەحمەد له سەردەمى ئەمدا خۆى دەشاردەوەو زۆر خۆى دەرنەدەخست وە هەموو سىّ رۆژ جارێك جێگاكەى خۆى دەگۆڕى چونكە واثق له سەرەتاى خيلافەتى دا خەڵكى تاقيدەكردەوە پاشان وازى هێنا چونكە جارێكيان له پێش واثق دا گفتو گۆيەكى درێژ كرا له نێوان(احمد بن ابي دؤاد) و پيره مێردێكدا له كۆتاييدا پيرەمێردەكە سەر كەوت بە سەريدا و(ابن ابي دؤاد) هيچ بەڵگەيەكى پىّ نەما بۆيە لەوە بە دواوە بە هيچ شێوەيەك واثق باسى

---

[٢٠٦] المناقب:(٣٩٥).

[٢٠٧] المناقب:(٤٠١).

[٢٠٨] المناقب:(٣٩٤).

[٢٠٩] المناقب:(٣٩٧) ، ابن حنبل:(٦٦).

[٢١٠] المناقب:(٤٠٠).

نەدەکرد و خەڵکی تاقی نەدەکردەوە خۆیشی لەو قسەیە گەڕایەوەو تەوبەی کرد.[٢١٢]

دەرچوون لە دژی سوڵتان

حەنبەل ی کوڕی اسحاق دەفەرمووێت :(لە سەردەمی (واثق باللە) دا فەقیهەکانی بەغدا کۆ بوونەوە و چوون بۆ لای ئیمامی ئەحمەد لەوانە (ابوبكر بن عبيد و ابراهيم بن علي المطبخي و فضل بن عاصم) بە ئیمامی ئەحمەدیان فەرموو:– ((ئەی باوکی عبداللە ئەم کار و قسەیە بڵاوبووەوە(واتە بڵاو بوونەوەی قسەی کە قورئان دروستکراوەو چەند شتێکی تر) باوکی عبداللە فەرمووی :– چیتان دەوێت ؟ فەرموویان :– هاتووین راوێژت لە گەڵدا بکەین کە ئێمە رازی نین بە ئەمارەت و خیلافەت و سوڵتانی ئەو (واتە: واثق باللە) . بۆیە ئیمامی ئەحمەد دەستی کرد بە تێڕاوانین لە گەڵ ئەواندا پاشان فەرمووی :– دەبێ بە دڵ ئینکاری لێ بکەن بەڵام نابێت دەستی گوێڕایەڵی لێ ببچرن و یەکریزی موسڵمانان تێك مەدەن و خوێنی خۆتان و خوێنی موسڵمانان مەڕێژن و تەماشای ئەنجامی کارەکەتان بکەن و ئارام بگرن تاکو چاکەکار دەکەوێتە ئیسراحەتەوە و خراپەکاریش خەڵکی لێی دەکەوێتە ئیسراحەتەوە، وە وتووێژێکی زۆر لە نێوانیاندا روویدا کە من لە بیرم نەماوە ، ئەمجار ئەوان رۆیشتن ، من و باوکم چووینە ژوورەوە بۆ لای ئیمامی ئەحمەد باوکم فەرمووی :– داوا دەکەین لە خوا کە ئێمە و ئوممەتی محمد (ﷺ) سەلامەت بکات وە من حەز ناکەم هیچ کەسێك ئەو کارە بکات ،ئەی باوکی عبداللە ئایە ئەم کارە بە لای تۆوە راستە ؟ (واتە دەرچوون دژی سوڵتان) فەرمووی :– نەخێر ئەمە دژی ئەو فەرموودانەن کە فەرمانی پێ کردووین بە ئارامگرتن ، ئەمجار باوکی عبداللە

[٢١٢] ابن حنبل:(٦٧)، المناقب:(٣٤٨، ٣٥٦) ، سير أعلام النبلاء :(٥٠٤/٧، ٥٠٥) .

فەرمووی ئەوەتا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :– ((ئەگەر ئازار ی تۆی دا (واتە سوڵتان) ئەوا ئارام بگرە و ئەگەر ....ئەگەر .... ئارام بگرە)) *

تەماشای ئەو هەڵوێستە بکەن بە راستی شوێنکەوتنی فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بەو شێوە دەبێت و زانایان و موسڵمانی شوێکەوتەی پێغەمبەر(ﷺ) دەبێ وابن ، لە کاتی وەرگرتنی هەڵوێستێك بیر لە تۆڵە سەندنەوە ناکاتەوە و بە ئارەزووی خۆی فەتوا بدات بەڵکو دەبێ شوێن کەوتەی شەرعی خوا بێت نەك هەواو ئارەزووەکانی ئەوەتا لەو کات و ساتەدا کە ئیمامی ئەحمەد ئازار دەدرا ، لێدەدرا ، بەند دەکرا ، کەچی ئەو رازی نابێت بە دەرچوون دژی سوڵتان و ئەو هەڵوێستەی سوڵتان بەرانبەر بە ئەو هیچ لە قسەکانی ئیمامی ئەحمەدی نەدەگۆری ، تەماشای حاڵی خۆی نەدەکرد بەڵکو تەماشای شەرعی دەکرد ، ئایە شەرع بە چی شتێك فەرمان دەکات ئەگەر هاتوو سوڵتانێکی موسڵمان هەرچەندە فاسق و فاجر بێت ئازاری داین ؟؟ وە بە چی شتێك فەرمان دەکات ئەگەر کافرێك پارەو پولی پێ داین و رێزی لێ گرتین ؟؟؟ ئیمامی ئەحمەد نەوەك لە گەڵ ئەوەدا نەبوو کە دژی سوڵتان دەرچن بەڵکو هانی موسڵمانانی دەدا کە دژی نەیارانی سوڵتان بجەنگن ، ئەوانەی کە لە فەرمانی سوڵتان دەرچوون (الخوارج) بەڵگەمان لە سەر ئەوە ئەوەیە کە لەو کاتەدا (بابەك الخرمی) دژی دەوڵەتی عەباسییەکان دەرچوو ئیمامی ئەحمەد هانی موسڵمانانی دەدا و نوسراوی بۆ شارەکان دەنارد کە دژی بابەك جیهاد بکەن ، وە ئاشکرایشە کە (بابەك) لە سەردەمی (معتصم) و (مأمون) دا دەرچوو کە ئەو دوو خەلیفەیە زۆر ئازاری ئیمامی ئەحمەدیان داو ماوەیەکی زۆر بەندیان کرد ، ** بۆمان دەردەکەوێت کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دژی دەرچوونە بە گژ سوڵتانی

---

* رواه الخلال في السنة: (٩٠).

** رواه الخلال في السنة : (١١٥ –١١٩).

موسڵماندا و هانی خەڵکی دەدات کە ئارام بگرن و فەرمان بە چاکە بکەن و نەهی بکەن لە خراپە تەنانەت ئیمامی ئەحمەد وا دەبینێ کە دژایەتی کردنی (الخوارج) چاکترە لە دژایەتی کردنی کافر ، کابرایەك پرسیار لە ئیمامی ئەحمەد دەکات ئەگەر کەسێك ویستی بچێت بۆ غەزا ، ئایە بۆ کام بەرە بچێت باشترە ؟ (واتە بەرەی کافرەکان یان بەرەی بابەك الخرمی) ئیمامی ئەحمەد فەرمووی :– بەرەو ئەو شارە بچێت .. ئەمجار دەستی درێژ کرد بۆ لای بابەك الخرمی ***.

وتەی زانایان دەربارەی ئیمامی ئەحمەد پاش تاقیکردنەوەکە

(علي بن المديني) دەڵێت : ئەوەی ئیمامی ئەحمەد کردی بۆ ئەم دینە کەس نەیکردووە (الميمونى) دەڵێت : زۆر سەر سام بووم لەم قسەیە چووم بۆ لای (ابى عبيد القاسم بن سلام) پێم گوت : کە (على بن المدينى) وادەڵێت ! . فەرمووی: راست دەکات چونکە ابو بکر لە رۆژی ڕدەدا هاوڕێ و هاوەڵ و یارمەتی دەری هەبوو بەڵام ئیمامی ئەحمەد هاوڕێ و یارمەتی دەری نەبوو ، ئەمجار (ابو عبيد) زۆر مەدحی ئیمامی ئەحمەدی کرد و فەرمووی : لە ئیسلامدا کەس ناناسم وەك ئیمامی ئەحمەد(٢١٣) .

هەروەها (علي بن المديني) لە جێگایەکی تر دا دەڵێت : خوای گەورە ئەم دینەی سەرخست بە دوو کەس سێیەمیان نیە یەکەمیان ابو بکر لە رۆژی (الردة)وە دووەمیان ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە رۆژی تاقیکردنەوە(٢١٤) .

*** رواه الخلال في السنة:(١٢٠).

(٢١٣) البداية والنهاية:(١٠ : ٢٨١) ، الحديث والمحدثون:(٣٥١) ، المناقب:(١١١) ،الطبقات:(١٧) ،تاريخ بغداد : (٤١٨/٤) .

(٢١٤) الائمة الاربعة:(١٨٤) ،الطبقات:(٣) ، المناقب:(١١٠) ، سير أعلام النبلاء :(٤٦٦/٧) ، تاريخ بغداد : (٤١٨/٤)

وەدەڵێت : گەر تووشی بەڵایەك بووم بە شتێك و ئیمامی ئەحمەد فەتوای بۆ دام چیتر گوێی پێ نادەم چۆن دەگەمە خوای خۆم .[٢١٥]

أبو زرعة الرازي دەڵێت : کەسم نەبینیوە وەکو ئیمامی ئەحمەد تێگەیشتوو بێت و ئەوەی ئەو کردی کەس نەیکردووە .[٢١٦]

المزنـي دەڵێت : احمد بن حنبل لە ڕۆژی تاقیکردنەوە ابو بکر الصدیق ڕۆژی هەڵگەڕانەوە لە دین(الردة) وە عمر ڕۆژی (السقیفة) و عثمان بن عفان ڕۆژی(الدار) وە علي بن ابي طالب ڕۆژی (الجمل والصفین)[٢١٧]

(ابو عمر هلال بن المعلي الرقي) دەڵێت :خوای گەورە منەتی کردووەتە سەر ئەم ئوممەتەدا بە چوار کەس یەکەمیان(ابو عبید) ە کە فەرموودە غەریبەکانی پێغەمبەری(ﷺ)شی کردەوە دووەمیان ئیمامی الشافعی یە کە فیقهی لە فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە(ﷺ)دەرهێناو ڕوونی کردەوە سێیەمیان یحیی بن معین کە ئەو فەرموودانەی بە زاری پێغەمبەرەوە(ﷺ)دانرابوو دیاری کرد چوارەمیان ئیمامی (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل)ە لە ڕۆژی (المحنة)دا خۆڕاگربوو گەر (ئەحمەد) نەبوایە خەڵکی تووشی کوفر دەبوون وەئەگەر ئەو چوار کەسە نەبوایەن ئەوا خەڵکی بە هەلاکەتدا دەچوون[٢١٨]

بشر بن الحارث الحافي دەڵێت : ئیمامی ئەحمەد خرایە ناو کورەوە وەکو ئاڵتونێکی سوور و پاك دەرچوو[٢١٩] ، ئەم قسەیە گەیشتە ئیمامی ئەحمەد فەرمووی : سوپاس بۆ خودا کە ئەوەی من کردم بشر پێی ڕازییە[٢٢٠]،

---

[٢١٥] البداية والنهاية:(١٠ : ٢٨١).

[٢١٦] البداية والنهاية:(١٠ : ٢٨٢) ،المناقب:(١٢٢).

[٢١٧] البداية والنهاية:(١٠ : ٢٨١) ،المناقب : (١٢٣) ، سير أعلام النبلاء :(٧/ ٤٦٩) .

[٢١٨] البداية والنهاية:(١٠:٢٨٢) ،المناقب:(١٢٧).

[٢١٩] الحديث والمحدثون:(٣٥١) ،الطبقات:(١٣) ،البداية والنهاية:(١٠ : ٢٨١) ، علوم الحديث ومصطلحه :(٣٩٤)، سير أعلام النبلاء :(٤٦٦/٧) .

[٢٢٠] المناقب:(١١٧).

وەفەرموويان بە بشر بۆ دەرناچيتە دەرەوە تۆيش وەكو ئيمامى ئەحمەد بكەيت ؟ فەرمووى: دەتانەوێت من وەكو پێغەمبەران بكەم ؟ من ناتوانم ،بەلاَم ئيمامى ئەحمەد دەتوانىَ[٢٢١] . خوايە بيپاريزيت لە پێشەوە و لە پاشەوە و لە سەرەوە و لە ژێرەوە و لە راستييەوە و لەچەپييەوە[٢٢٢]، ئەو لە هەموومان زاناترەو پێشەوايەكە لە پێشەوايانى موسلْمانان[٢٢٣]، وەكاتىَ بە بشر يان فەرموو : تاكو ئێستا ئيمامى ئەحمەد حەڤدە قامچى لێدراوە ئەويش هەردوو پێى خۆى راكشان و تەماشاى كردن و فەرمووى: چەند ناشرينن ئەم دوو پێيە گەر كۆت و زنجيرى پێوە نەبێت بۆ سەرخستنى ئەو پياوە .[٢٢٤]

اسحاق بن راهويه دەلْێت : ئيمامى ئەحمەد حوججەيە لە نێوان خوداو خەلْكيدا ئەگەر ئەو نەبوايە و لە خۆ بوردنى ئەو نەبوايە ئەوا ئيسلام دەڕۆيشت .[٢٢٥] محمد بن مصعب دەلْێت : هەر قامچيەك دەدرا لە ئيمامى ئەحمەد لە بەر خوا لە رۆژەكانى (بشر بن الحارث) باشترە .[٢٢٦]

محمد بن ابراهيم البوسنجي دەلْێت : لاى من ئيمامى ئەحمەد لە سفيان باشترە و فەقيهترە چونكە سفيان تاقينەكرايەوە بەلاَم ئيمامى ئەحمەد تاقيكرايەوە ، وەزانيارى سفيان و ئەوانى دى وەكو ئيمامى ئەحمەد نييە چونكە ئيمامى ئەحمەد لە هەموو چاو ساغ ترە ، بشر بن الحارث فەرموويەتى : ئيمامى ئەحمەد كارى پێغەمبەرانى كرد و چوار خەليفە تاقيان كردەوە مأمون و معتصم و واثق بە لێدان و حەپس و ترساندن كەچى هەر لە سەر دينەكەى خۆى خۆڕاگر

---

[٢٢١] المناقب:(١١٨) ، الائمة الاربعة:(١٨٤) ، سير أعلام النبلاء :(٤٦٦/٧) .

[٢٢٢] الطبقات:(١٣) ، سير أعلام النبلاء :(٤٩٩/٧) .

[٢٢٣] المناقب:(١١٧).

[٢٢٤] المناقب :(١١٩).

[٢٢٥] البداية والنهاية:(١٠ : ٢٨١) ،الطبقات:(١٣)المناقب:(١١٦) ، سير أعلام النبلاء :(٤٦٦/٧) .

[٢٢٦] المناقب:(١٣٠) ، سير أعلام النبلاء :(٤٦٩/٧) .

بوو ئەمجار المتوكل تاقيكردەوە بە رێز لێ گردن و پايە بەرزكردن و هەموو خۆشييەكى دونياى بۆ ئاسان كرد كەچى رووى تێ نەكرد و هەر لە سەردينەكەى خۆى مايەوە بەڵام سفيان بە شێوەيەك لەو شێوانە تاقينەكرايەوە .(٢٢٧)

حجاج بن الشاعر دەڵێت : خواى گەورە منەتى كردووەتە سەر ئەم ئوممەتە بە ئيمامى ئەحمەدى كوڕى حەنبەل لە سەر قورئان خۆراگر بوو ئەو نەبوايە خەڵكى بە هەلاكەتدا دەچوون ، وەجارێكيان نێو چاوانى ماچ كرد و فەرمووى : خوا پايە بەرزت كات وەكو مالك وسفيان ، سوێند بە خوا پێشەوايەتى ئيمامى ئەحمەد لە هەردوكيان پايە بەرز ترە ، وەهيچ گيان لە لاشەيەكم نەبينيوە لە ئيمامى ئەحمەد باشتر بێت .(٢٢٨)

علي بن شعيب الطوسي دەڵێت : ئيمامى ئەحمەد لاى ئێمە نمونەى ئەو فەرموودەيەى پێغەمبەرە (ﷺ) كە دەڵێت : (لە ئوممەتەكانى پێش ئێوە دا كەسى وا هەبوو بە منشار دەيانكردە دوو لەتەوە كەچى لە دينەكەى پاشە گەز نەدەبووەوە) ئەگەر ئيمامى ئەحمەد ئەو كارەى نەكردايە ئەوەشەرمەزارييەكى گەورە بوو بۆ ئێمە لە رۆژى قيامەتدا (٢٢٩)

ابى حاتم دەڵێت : پاش سێ ساڵ لە ئازاد كردنى ئيمامى ئەحمەد لە بەندينخانە چووم بۆ سەردانى بينيم شوێنەوارى لێدانەكە بە لاشەيەوە ماوە .

ئيمامى ئەحمەد و المتوكل*

لە مانگى ذي الحجة ى ساڵى ٢٣٢ ك (المتوكل على الله) كە كوڕى خەليفە معتصم بوو، بوو بە خەليفەى موسڵمانان لە تەمەنى بيست وشەش

(٢٢٧) المناقب:(١٣٣) ، سير أعلام النبلاء :(٤٦٩/٧) .

(٢٢٨) المناقب:(١٣٥).

(٢٢٩) الطبقات :(١٧) ، المناقب:(١٣٦) ، سير أعلام النبلاء :(٤٧٠/٧) ، تاريخ بغداد : (٤١٨/٤) .

* سير أعلام النبلاء :(٧/ ٥٠٥-٥٧١) .

ساڵيدا[٢٣٠]. له سەردەمی پێشەوای ئیمانداران المتوكل دا سوننەت و ئەهلی سوننە بووژانەوە و سەركەوتن و بیدعە و ئەهلی بیدعە پشت گوێ خران چیتر بایەخیان پێ نەدەدرا بۆیە موسڵمانان زۆر خۆشحاڵ بوون، ئەم كارەی متوكل بووە مایەی سوپاس گوزاری خەڵكی ،واتە كێشەكە بیست ساڵی خایاند لە ساڵی ٢١٢ك تاكو ٢٣٢ك ، ابراهیم بن محمد التیمی دەڵێت : خەلیفەكان سێ دانەن یەكەمیان (ابو بكر الصدیق)ە كە سەر كەوت بە سەر ئەوانەی لە دین هەڵگەڕابوونەوە ، دووەمیان (عمری كوڕی عبد العزیز)ە كە ئەو دەست بە سەراگردنەی هەندێ لە خەلیفە ئەمەوێكان كردبوویان گەڕانییەوە بۆ خاوەنەكانیان ، سێیەمیان (المتوكل)ە كە سوننەی ئاشكرا كردوو بیدعەی نەهێشت[٢٣١] تەنانەت دەڵێن پاش كۆچی دوایی المتوكل موسڵمانێك (متوكل) ی بینی بووە خەو فەرموبووی : ئەی متوكل خوا چی لێ كردی ؟ فەرمووی : لە تاوانەكانم خۆش بوو . فەرمووی: بەچی ؟ فەرمووی : بە هەندێ لەو سوننەتانەی كە زیندووم كردەوە[٢٣٢] .

جا المتوكل زانایانی ئەهلی سوننەو جەماعەی كۆ كردەوە و پارەیەكی زۆری پێ دان و فەرمانی پێ كردن كە فەرموودە بگێڕنەوە و رووبەرووی موعتەزیلەو جەهەمییەكان ببنەوە ، بۆیە عثمان بن ابي شيبة لە منصور و ابو بكر بن ابي شيبة لە رەصافە دانیشتن بۆ گێڕانەوەی فەرموودە و هەریەكەیان نزیكەی سی هەزار قوتابی گوێی لێ دەگردن[٢٣٣] ، پاشان متوكل ناردی بە شوێن ئیمامی ئەحمەد دا كە سەردانی بكات و دە هەزار دەرهەمی بۆنارد بە مەبەستی خەرج كردنی لە رێگاو بان دا ئەویش بە صالح ی كوڕی فەرموو : ئەو پارەیە ببە

---

[٢٣٠] المناقب:(٣٥٦).
[٢٣١] المناقب :(٣٥٦).
[٢٣٢] المناقب:(٣٥٧).
[٢٣٣] المناقب:(٣٥٧).

لای خۆت ، ئەو شەوە کە پارەکە لە ماڵیاندا بوو ئیمامی ئەحمەد خەوی لێ نەکەوت، سبەینی هەمووی بە سەر هەژاراندا دابەش کرد و هیچی بۆ خۆی نەبرد هەرچەندە لەوپەڕی دەست کورتی دا بوون* .

لەم کاتەدا خەڵکی ئاژاوەچی و دوو زوبان ویستیان نێوان ئیمامی ئەحمەد و متوکل تێك بدەن بۆیە ئەو هەواڵەیان دەگەیاندە متوکل کە ئەو پارەیەی تۆ بۆت ناردووە هەمووی بە سەر خەڵکیدا دابەش کردووە و خۆی هیچی لێ هەڵنەگردووە ، متوکل خوای گەورە بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات فەرمووی : پارەی خۆیەتی چی لێ دەکات ئارەزوی خۆیەتی.(٢٣٤)

وە جارێکیان هەواڵ گەیشتە متوکل کە ئیمامی ئەحمەد لە ماڵەکەیدا چەند (علوی) یەکی شاردووەتەوە بۆیە متوکل بەو شەوە چەند سەربازێکی نارد بۆ ماڵی ئیمامی ئەحمەد و ماڵەکەیان پشکنی کەچی هیچ شتێکیان نەدۆزییەوە بۆیە ئەوانیش بە داوای لێبوردنەوە ئیمامی ئەحمەدیان بە جێ هێشت ، پاشان ئەو کەسەی کە راپۆرتەکەی نوسیبوو کە گوایە (علوی) لە ماڵی ئیمامی ئەحمەد دایە دەست گیر کرا و خەلیفە ئیمامی ئەحمەدی ئاگادار کردەوە کە چی لێ بکەین ؟ ئیمامی ئەحمەدیش فەرمووی : ئازادی بکەن نەوەك دایك و خوشك و منداڵی هەبێ ئێستا دڵیان لایەتی(٢٣٥) .

وەهەندێ کەس بە متوکل یان گوت کە ئیمامی ئەحمەد لەو خواردنەی تۆ بۆی دەنێریت نایخوات و ئەو پارەیەی تۆ بۆی دەنێریت هەمووی دابەش دەکات بەسەر هەژاراندا وە هیچ لەو پارەیە ناخوات ، متوکل فەرمووی : سوێند

---

* سير أعلام النبلاء :(٥٠٧/٧).

(٢٣٤) المناقب :(٣٦٣).

(٢٣٥) المناقب:(٣٦٠)، سير أعلام النبلاء :(٥٠٦/٧) .

بە خوا گەر ئێستا معتصم ی باوکم زیندوو بێتەوە و قسە لە سەر ئیمامی ئەحمەد بکات لێی وەرناگرم .(٢٣٦)

پاشان ئیمامی ئەحمەد چوو بۆ لای متوکل بەڵام پێش ئەوەی بیبینێ جۆرە جلوبەرگێکیان بۆ هێنا کە پیاوە گەورەکانی دەوڵەت لەبەری دەکەن تاکو ئیمامی ئەحمەدیش لە بەری بکات و بچێتە ژوورەوە بۆ لای خەلیفە بەڵام کاتێ لە بەری کرد و چووە ئەو ژوورە تایبەتەی کە بۆیان ئامادە کردبوو بە پەلە جلو بەرگەکەی لە بەر داکەندو دەستی کرد بە گریان و فەرمووی: شەست ساڵە خوای گەورە پاراستومیەتی بەڵام لە دوا ساتەکانی تەمەنمدا تووشی ئەم بەڵایە بووم ، پاشان بە صالحی کوڕی فەرموو: کوڕم ئەم جلوبەرگە بنێرە و بۆ بەغدا و بیفرۆشە و هەموو پارەکەی بە سەر هەژاراندا دابەش بکە .(٢٣٧)

پاشان ئیمامی ئەحمەد داوای کرد لەو ژوورە تایبەتییە دەری بکەن و لە خانویەکی دەرەوەی کۆشکی خیلافەت نیشتەجێ بێت ئەوانیش فەرمانەکەیان جێ بە جێ کرد و خانویەکیان بە کرێ بۆ گرد و چووە ئەوێ پاشان متوکل داوای لێ کرد کە ئەو خانووەی بۆ بکرێت و لەوێ نیشتەجێ بێت بەڵام ئیمامی ئەحمەد ڕازی نەبوو.(٢٣٨) وە ئەو شازدە ڕۆژەی کە ئیمامی ئەحمەد لای خەلیفە بوو هیچی نەدەخوارد بەڵکو بەڕۆژوو بوو وە ئەگەر بیخواردایە هێندەی دەخوارد کە نەمرێت بۆیە زۆر بێ هێز و لاوازی کرد بوو کاتێ گەڕایەوە ماڵی خۆی پاش شەش مانگ هاتەوە سەر خۆی و دەیفەرموو: من تووشی دوو تاقیکردنەوە بووم یەکێکیان تاقیکردنەوەی دین بوو کە دەمتوانی بەرگری لێ بکەم بەڵام ئەمە تاقیکردنەوەی دونیایە .(٢٣٩)(هارون بن سفیان المستملی) دەڵێت : چووم بۆ لای

---

(٢٣٦) ابن حنبل:(٧٨) ،الالمناقب:(٣٦٩) سير أعلام النبلاء :(٥١٢/٧) .

(٢٣٧) المناقب:(٣٦٥) ، سير أعلام النبلاء :(٧/ ٥١١) .

(٢٣٨) الطبقات:(١١) ، المناقب:(٣٦٨).

(٢٣٩) البداية والنهاية :(١٠: ٢٧٥) ، سير أعلام النبلاء :(٤٧٧/٧) .

ئیمامی ئەحمەد لەو کاتەدا کەدەیویست پارەکانی متوکل دابەش بکات به سەر هەژاراندا ، دوو سەد دەرهەمی بە من دا منیش ووتم : ئەم پارەیە بەشم ناکات ، ئیمامی ئەحمەد فەرمووی: هەر ئەوەندەت دەکەوێت ، بەڵام ئەو سێ سەد دەرهەمە بە سەر هەژاراندا دابەشی بکە هارون دەڵێت : کاتێ پارەکەم لە دەست وەرگرد ووتم : ئەی باوکی عبدالله سوێند بێ بە خوا دەبێ یەك دەرهەمی بە کەس نەدەم ، هارون دەڵێت : ئیمامی ئەحمەد پێکەنی[٢٤٠]،متوکل زۆر ڕێزی لە ئیمامی ئەحمەد دەگرد و زۆر خۆشی دەویست و ئەو خواردنەی کە خۆی دەیخوارد هەموو رۆژێك بۆ ئیمامی ئەحمەدیشی دەنارد بەڵام ئیمامی ئەحمەد نەیدەخوارد و دەیدا بە خەڵکی و خۆی بە رۆژوو دەبوو ، هەردوو کوڕەکەی ئیمامی ئەحمەد کە عبدالله و صاڵح بوون و یەکێك لە مامەکانی ئەوخەڵات و پارەیەی کە متوکل دەینارد وەریان دەگرد بە بێ ئەوەی ئیمامی ئەحمەد بزانێت وەکاتێ زانی پێی وتن کە وەری نەگرن کەچی ئەوان هەر وەریان دەگرد بۆیە ئەو دەرگایەی کە لە نێوان خانۆکانیاندا بوو ئیمامی ئەحمەد گردی و چیتر نانی لە ماڵی ئەوان نەدەخوارد و لە پشتی مامی یە وە نوێژی نەدەکرد کە ئیمامی مزگەوتێکی نزیکی ماڵی ئیمامی ئەحمەد بوو وە دەچوو بۆ مزگەوتێکی تر.[٢٤١] هەرچەندە جارێکیان عبدالله بە باوکی فەرموو: ئایە بۆم هەیە بەو پارەیەی کە متوکل بۆی ناردووین حەج بکەم ؟فەرمووی: بەڵێ ، عبدالله فەرمووی: ئیدی بۆ وەرت نەدەگرد ؟ ئیمامی ئەحمەد فەرمووی : کوڕی خۆم ، من ئەو پارەیە بە حەرام نازانم بەڵکو خۆم لێی دەپاراست[٢٤٢] . وە هەر لە سەردەمی متوکل دا هیچ کەسێك لە سەر کار دانەئەنرا بە بێ پرسی ئیمامی ئەحمەد بۆ نمونە : بە پرسی ئیمامی ئەحمەد

---

[٢٤٠] المناقب:(٢١٩) ، سير أعلام النبلاء :(٤٨١/٧) .

[٢٤١] البداية والنهاية:(١٠ : ٢٧٥) ، المناقب:(٣٨٢) ، سير أعلام النبلاء :(٥١٣/٧) .

[٢٤٢] ابن حنبل:(٧٩) ، المناقب:(٣٨٥) ، سير أعلام النبلاء :(٥٣٨/٧-٥٣٩) .

(احمد بن ابي دؤاد) له سەر كارەكەى لادرا و يحيى بن اكتم له جێگەى دانرا ،متوكل نامەيەكى بۆ ئيمامى ئەحمەد نارد به مەبەستى پرسيار كردن دەربارەى قورئان بەلاَم ئەم جارەيان پرسيارى تاقيكردنەوە نەبوو بەڵكو پرسيارى فێربوون بوو ، بۆ ئەوەى خۆى و موسڵمانان له مەسەلەكه به تەواوى بگەن ئەويش به شێوەيەكى رێكو پێك و زانستيانه وەلاَمى دايەوەو زياتر بايەخى دەدا به بەڵگەى قورئانى پيرۆز و فەرموودە . وه هەروەها ئيمامى ئەحمەد پرسى پێ كرا كه ئايه ئەم كەسانه چۆنن و ئايه شياوى ئەوەن بخرێنه سەر كار ئەوانيش :

أحمد بن رباح و ابن الخلنجي و شعيب بن سهل و عبيدالله بن احمد و ابي شعيب ، ئيمامى ئەحمەد له وەلاَمدا فەرمووى : هەموويان جەهەمين . پرسيارى لێ كرا دەربارەى محمد بن منصور فەرمووى : هاورێى ابن ابي دؤاد ه ،وه پرسيارى لێ كرا دەربارەى ابن على بن الجعد فەرمووى :جەهەمييه وەدەڵێن له قسەكانى خۆى پاش گەز بووەتەوە ، وەپرسيارى لێ كرا دەربارەى الفتح بن سهل فەرمووى : جەهەمىيه و هاورێى (المريسى) ه ، وەپرسيارى لێ كرا دەربارى ابن الثلجي فەرمووى :بيدعەچييەو ئارەزوو پەرستە ، وەپرسيارى لێ كرا دەربارەى ابراهيم بن عتاب فەرمووى: نايناسم بەلاَم هاورێى (المريسى) ه،[٢٤٤]

متوكل ويستى كه (المعتز)ى كورى بنێرێت بۆ فێربوونى زانست و گوێ گردن له فەرموودە لاى ئيمامى ئەحمەد بەلاَم ئيمامى ئەحمەد فەرمووى : من سوێندم خواردووە كه چيتر فەرموودە نەگێرمەوە تاكو دەمرم[٢٤٥]، چونكه ئيمامى ئەحمەد پێش مردنى به ماوەيەك وازى له فەرموودە گێرانەوە هێنا[٢٤٦] .

---

[٢٤٤] المناقب:(١٨٣) ، سير أعلام النبلاء :(٥٢٣/٧) .

[٢٤٥] المناقب:(٣٧٥).

[٢٤٦] المناقب :(٣٦٩).

ژن و منداڵەکانی ئیمامی ئەحمەد *

ئیمامی ئەحمەد لە ژیانیدا سێ ژنی هێناوە یەکەمیان لە تەمەنی چل ساڵیدا هێنای ناوی عباسە ی کچی الفضل بوو ، ئیمامی ئەحمەد دەڵێت : بیست ساڵ لە گەڵ عباسە دا پێکەوە بووین لە سەر یەك وشە جیاوازیمان نەبوو ، لەم خیزانە تەنها(صالح) ی بوو کە پێیان دەگوت (ابو الفضل) گەورەترین کوڕی ئیمامی ئەحمەدە ساڵی ٢٠٣ ك لە دایك بووەو ساڵی ٢٦٥ ك کۆچی دوایی کردووە واتە لە تەمەنی ٦٢ ساڵیدا ، ئیمامی ئەحمەد زۆر صاڵح ی خۆش دەویست و ڕێزی لێ دەگرد ، صاڵح منداڵێکی زۆری بوو خەریکی بە خێو کردنیان بوو بۆیە ریوایەتی فەرموودەی لە باوکییەوە کەمە ، هەروەها صالح لە ابوالولید الطیالسي و ابراهیم بن فضل الدراع و علي بن المدیني ریوایەتی فەرموودەی کردووە ، هەروەها زوهێری کوڕی خۆی و البغوی و محمد بن مخلد فەرموودەیان لێ گێڕاوەتەوە ، کرا بە قازی لە سەر (ئەصفەهان) و لەوێ کۆچی دوایی کرد ، صاڵح کاتێ کرا بە قازی اصفهان ڕۆیشت بۆ ئەوێ چووە مزگەوتێك و دوو رکات نوێژی کرد خەڵکی کۆبوونەوە لە گەڵ مامۆستاکاندا (شیوخ) وە ئەو پەیمانەی کە خەلیفە بۆی نوسی بوو خوێنرایەوە ئەویش دەستی بە گریان کرد تاکو بورایەوە ئەمجار مامۆستاکان دەستیان بە گریان کرد ، کاتێ پەیمانەکە خوێنرایەوە مامۆستاکان دوعای خەیریان بۆ دەکرد .

لە کوڕەکانی صالح : ئەحمەد و زوهێر کە لە ساڵی ٣٠٣ ك کۆچی دوایی کردووە .

پاش مردنی عەباسە ئیمامی ئەحمەد دووەم ژن دەهێنێ کە ئەویش ناوی ریحانەی کچی عومەر بووە کە دایکی عبدالله یە، وە عبدالله ساڵی ٢١٣ ك لە دایك بووەو ساڵی ٢٩٠ ك کۆچی دوایی کردووە .

---

* سير أعلام النبلاء :(٤٥٩/٧ ، ٥٤١-٥٤٢) .

پاش مردنی ریحانە ئیمامی ئەحمەد سێیەم ژن دەهێنێ کە ئەویش ناوی حوسن بووە کە جاریە بووە وخواستویەتی دایکی (الحسن و الحسین) کە بە منداڵی مردن .

هەروەها ئیمامی ئەحمەد لە حوسن چەند منداڵێکی دی بووە کە ئەوانیش الحسن و محمد و فاطمة و زینب(کە بە دایکی علی ناسراو بووە) و (عبد) کە ساڵی ٢٩٠ کۆچی دوایی کردووە پێی دەگوترا ابو عبد الرحمن و(سعید) کە ساڵی ٢٤١ لە دایك بووەو ساڵی ٣٠٣ کۆچی دوایی کردووە .

نوسینەکانی ئیمامی ئەحمەد*

ئیمامی ئەحمەد چەند کتێبێکی نوسیوە کە تاکو ئێستا بوونەتە سەرچاوەی زانیاری خەڵك و زانایان وەتاکو ئێستا لە بەر دەستدان لەو کتێبانە :

١ ـ (المسند) [٢٤٧]: پێش ئەوەی دەست بکەینە باسی (مسند)ەکەی ئیمامی ئەحمەد با بزانین مسند چیە ؟ مسند : یەکێکە لەو جۆرە کتێبانەی کە زانایانی فەرموودەناس دایدەنێن کە ئەویش سێ جۆرە :

یەکەم : بەشێکی رێك خراوە بە گوێرەی پیتی هجائی واتە ئەو فەرموودەناسە دێت هەر فەرموودەیەك کە(ابو بکر الصدیق) گێڕاویەتیەوە دەینوسێ چونکە پیتی یەکەمی بە (أ) دەست پێ دەکات پاشان هاوەڵێکی دی تاکو ئەو هاوەڵانەی بە پیتی (أ) دەست پێدەکات نامێنێ ، پاشان پیتی (ب) ئەمجار پیتی (ت) .. ..هتد

دووەم : بەشێکی دی رێك خراوە بە گوێرەی پێشینی بوون بە موسڵمانی ئەو هاوەڵە کە فەرموودەکە دەگێڕێتەوە بۆ نمونە لە پێش

* سير أعلام النبلاء :(٥٣٩/٧) .

[٢٤٧] مباحث في التدوين السنة المطهرة:(١٩٣) ،ابن حنبل:(١٥٩ –١٦٧).

هەموویانەوە ئەو دە کەسە دێن کە موژدەی بەهەشتیان پێ دراوە پاشان ئەوانەی بەشداری جەنگی بەدریان کردووە ..هتد

سێیەم : بەشێکی دی رێك خراوە بە گوێرەی نزیکی هاوەڵەکە کە فەرموودەکەی گێڕاوەتەوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) واتەپێش هەمویان بنەماڵەی عبد المطلب پاشان بنی هاشم ...هتد

جا ئیمامی ئەحمەد کە بە (أمير المؤمنين في الحديث) ناسراوە مسند ێکی داناوە کە بووەتە سەرچاوەیەکی گرنگ لە فەرموودەدا ، ئەم کتێبە لە نزیکەی ٢٨٠ کەسەوە ریوایەتی کردووە و شەش مجلدە و سی هەزار فەرموودەی لە خۆ گردووە بە بێ دووبارە بوونەوە و چل هەزار فەرموودە بە ئەو فەرموودانەی کە دوو بارە بووەتەوە ئیمامی ئەحمەد لە نێو ٧٥٠حەوت سەدو پەنجا هەزار فەرموودەدا گوڵبژێری کردووە ،لەساڵی ١٨٠ ك دەستی کرد بە کۆکردنەوەی فەرموودە کە بووە بناغەیەك بۆ ئەم (مسند) ە ئیمامی ئەحمەد بە عبدالله کوڕی فەرموو : کوڕم ئەم (مسند)ە بپارێزە چونکە دەبێتە سەرچاوەیەك و پێشەوایەك بۆ خەڵکی .

عبد الله ی کوڕی ئیمامی ئەحمەد هەستاوە بە رێکخستنی ئەم (مسند)ە وە زۆربەی ریوایەتەکان لە ئەوەوە بووە هەروەها صالح و حنبل ی کوڕی لێوەی گێڕاوەتە، وە ئەگەر تەماشایەکی (مسند) بکەین دەبینین لە شەش بەش پێك هاتووە کە زانایان رێکیان خستووەو بەم شێوە دایان ناوە :

١–بەشێکی عبد الله ی کوڕی ئیمامی ئەحمەد لە باوکیەوە ریوایەتی کردووە کە سێ لە سەر چواری مسندەکەیە .

٢–بەشێکی عبدالله لە باوکییەوە و چەند شەیخێکی ترەوە ریوایەتی کردووە.

٣–بەشێکی عبدالله لە خەڵکی ترەوە ریوایەتی کردووە نەك لە باوکیەوە ئەمەیش پێی دەڵێن (زوائد عبدالله).

٤–بەشێکی عبدالله خوێندویەتی یەوە بە سەر باوکیدا و باوکی پێی رازی بووە بەڵام لە باوکییەوە نەیبیستووە .

٥–بەشێکی تر عبدالله لە کتێبێکدا لە کتێبەکانی باوکییەوە بینیویەتی کە بە دەست و خەتی باوکی بووە .

٦–بەشێکی دی ابوبکر القطیعي ریوایەتی کردووە لە خەڵکی ترەوە نەك لە عبدالله و باوکییەوە ئەمەش پێی دەڵێن(زوائد القطیعي) ئەم بەشەیش زۆر کەمە .

زانایانی فەرموودەناس دەربارەی صیحەتی فەرموودەکانی ناو مسند بوونە بە سێ بەشەوە :

١–کۆمەڵێك دەڵێن هەموو فەرموودەکانی مسند(صحیح) ن لەو زانایانە (ابوموسی المدینی) و (احمد بن عبدالرحمن البنا)

٢–کۆمەڵێك دەڵێن (صحیح و حسن و ضعیف) ی تێدایە وەکو(ابن الجوزی) کە ٢٩ فەرموودەی(موضوعي) لە مسند دەرهێناوە وەهەروەها العراقی کە ئەویش ٩ فەرموودەی(موضوع) ی دیاری کردووە جگە لە ٢٩ فەرموودەکەی ابن الجوزی .

٣–کۆمەڵێکی تر دەڵێن فەرموودەکان (صحیح) ن و هەندێ فەرموودەی (ضعیف) ی تێدایە بەڵام نزیکی (حسن) ن لەو زانایانە (ابن تیمیة و سیوطي والذهبي و ابن حجر العسقلاني).

ئیمامی(سیوطي) رەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت : هەر فەرمودەیەك کە لە(مسند) ی ئیمامی ئەحمەد دا هەیە وەردەگیرێت و ئەو فەرموودانەی کە(ضعیف) ن نزیکی (حسن) ن .وە ابن حجر العسقلانی رەحمەتی خوای لێ بێت

كتێبێكى لەم بارەیەوە نوسیوە بە ناونیشانى (القول المسدد في الذب عن مسند الامام احمد) رەدى ئەو كەسانە دەداتەوە كە دەڵێن لە(مسند) دا موضوع هەیە وە دەڵێت (لە مسند دا فەرموودەیەك نییە كە(اصل) ى نەبێ جگە لە سێ فەرموودە نەبێ).وابن تيميه رەحمەتى خواى لێ بێت دەڵێت:–(لە مسند دا فەرموودەى (موضوع) نییە و ئەگەر هەبێت لەو جۆرە (موضوع) ە نییە كە راوى فەرموودەكە درۆزن بێت بەڵكو لەو جۆرەیە كە راوى فەرموودەكە لێى تێك چووە یا لە بیرى چووە) .

هەروەها لە نوسینەكانى ئیمامى ئەحمەد :

٢– التفسير .

٣– الناسخ والمنسوخ .

٤– التاريخ .

٥– حديث الشعبة .

٦– المقدم والمؤخر في القرآن .

٧–جوابات القران.

٨–المناسك الكبير والصغير .

٩– الرد على من ادعى التناقض في القرآن .

١٠– فضائل الصحابة .

١١– الزهد .

١٢–الاشربة .

١٣– المسائل .

١٤ – علل الحديث .

١٥ –الورع .

١٦–نفي التشبيه .

١٧–الرد على الزنادقة .

١٨–الإمامة .

لە خواترسانی ئیمامی ئەحمەد

لە سەرەتای تاقیکردنەوەکەدا ئیمامی ئەحمەد زۆر جۆر لە جۆرەکانی تاقیکردنەوە تاقیکرایەوە ،(مأمون) بە قەید وزنجیر .. (معتصم)بە سجن و حەپس و لێدان ..(واثق) بە تەنگ کردنی ژیان لێی و نەهێشتنی تێکەڵ بوونی لە گەڵ خەڵکیدا ..(متوکل) بە نیعمەت و ڕێز .. پاشان نەفسەکەی دەیویست لەو هەموو شهرەت و بەناوبانگییەو باسکردنەی خەڵکی لە ڕێگای ڕاست لایدا کەچی ئیمامی ئەحمەد لەو هەموو تاقیکردنەوانە بە سەر کەوتووی دەرچوو و سەر ی بۆ هیچیان دانەنواند .

ئیمامی ئەحمەد لە حەفتەیەکدا دوو جار خەتمی قورئانی پیرۆزی دەکرد کە یەکێکیان بە شەو بوو ئەویتریان بە ڕۆژ وە شەوێکیان لە مەککە هەموو قورئانی خوێندەوە لە نوێژدا(٢٤٨) . اسحاق الهانیء دەڵێت : ڕۆژێك ویستم ئەحمەد کتێبی(الزهد) کە خۆی نوسیویەتی بۆ بخوێنێتەوە ، ئەویش حەسیرێکی بۆ ڕاخست لە گەڵ سەرینێکدا ئیمامی ئەحمەد فەرمووی: ئەمە چییە ؟ ووتم : بۆ ئەوەی لە سەر ی دانیشی . ئیمامی ئەحمەد فەرمووی: هەڵی بگرە زوهد چاك نابێت تەنها بە زوهد نەبێت پاشان خۆی هەڵیگردوو لە سەر گڵەکە دانیشت(٢٤٩).وەئیمامی ئەحمەد هەرگیز نەیدەهێشت هیچ کەسێك ئاوی دەستنوێژی بۆ ئامادە بکات(٢٥٠) . وەزۆر جار دەیفەرموو : گەر دەتانەوێت

---

(٢٤٨) الطبقات :(٩).

(٢٤٩) الطبقات:(١٠) ،المناقب:(٢٤٦) ، سير أعلام النبلاء :(٥٣٨/٧) .

(٢٥٠) الطبقات:(١٢) ،المناقب:(٢٨٥) ، سير أعلام النبلاء :(٤٧٤/٧) .

دڵەکانتان نەرم بێت ئەوا بچن بۆ قەبرستان و دەست بە سەر هەتیواندا بهێنن[٢٥١] . ئیمامی ئەحمەد پێناسەی تەمەنی گەنجی دەکرد و دەیفەرموو : تەمەنی گەنجی لای من وەکو شتێك بوو لە کۆشمدا و ئەمجار کەوتە خوارەوە.[٢٥٢]

عبد الصمد بن سليمان بن ابي مطر دەڵێت : شەوێك میوانی ئیمامی ئەحمەد بووم ئەویش هەندێ ئاوی بە تەنیشتمەوە دانا بۆ سبەینی کە لە خەو هەستاین ئیمامی ئەحمەد بینی ئاوەکەم بە کار نەهێناوە ئیمامی ئەحمەد فەرمووی:(صاحب الحديث) شەوانە هەڵناسێت و شەو نوێژ ناکات !!؟ منیش ووتم : لە سەفەردام . ئیمامی ئەحمەد فەرمووی: با لە سەفەریشدا بیت، ئەی نازانیت (مسروق) کاتێ حەجی کرد بە سوجدەوە خەوی لێ کەوت .[٢٥٣]

ئیمامی ئەحمەد لە شەو و ڕۆژێکدا سێ سەد رکات نوێژی دەکرد بەڵام کاتێ نەخۆش کەوت بە هۆی ئازاردانییەوە لە شەو و ڕۆژێکدا سەدو پەنجا رکات نوێژی دەکرد* .

اسماعيل الديلمی دەڵێت : لە ماڵی ئیمامی ئەحمەد بووم درا لە دەرگا چووم دەرگام کردەوە و بینیم گەنجێك راوەستاوە ووتم : فەرموو چ ئەمرێکت هەیە .؟فەرمووی :(ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل)م دەوێ، منیش چوومە ژوورەوە و ووتم : ئەی باوکی عبدالله گەنجێك لە دەرگا راوەستاوە و تۆی دەوێ ، ئەویش دەرچوو سڵاوی لێ کرد و ئەویش فەرمووی : ئەی باوکی عبدالله زوهد لە دونیادا چیە ؟ ئیمامی ئەحمەد فەرمووی : (زوهری) دەڵێت : زوهد لە دونیادا ئەوەیە کە مرۆڤ کەم هیوا بێت فەرمووی : ئەی باوکی عبدالله بۆم روون

---

[٢٥١] الطبقات:(٣٩).

[٢٥٢] المناقب:(١٩٨) ، سير أعلام النبلاء :(٥٢٧/٧) .

[٢٥٣] المناقب:(١٩٩).

* سير اعلام النبلاء (٤٧٦/٧).

بکەرەوە. ئیمامی ئەحمەد فەرمووی:(گەنجەکە لە بەر رۆژەکە راوەستا بوو ئیمامی ئەحمەدیش لەسیبەرەکە) :ئەوەیە کە هیوات بەوە نەبێت کە لە بەر رۆژەکەوە دەگەیتە سێبەرەکە. گەنجەکە ویستی بڕوات ، ئیمامی ئەحمەد فەرمووی : راوەستە ، ئیمامی ئەحمەد چووە ژوورەوە کیسەیەکی (صره) دەرهێنا و دای بە گەنجەکە ، گەنجەکە فەرمووی : ئەی باوکی عبدالله کەسێك کە لە بەر رۆژەکە نەگاتە سێبەرەکە چی بکات بە ئەمە ؟ ئەمجار گەنجەکە رۆیشت [٢٥٤].

(احمد بن محمد التستري) دەڵێت : جارێکیان ئیمامی ئەحمەد سێ رۆژ بوو نانی نەخواردبوو چونکە نەیبوو بۆیە ناردی بۆ لای یەکێك لە برادەرەکانی هەندێ ئاردیان بۆ قەرز کرد جا لەبەر ئەوە لە ماڵەوە زانیان ئیمامی ئەحمەد چەند برسییەتی بە پەلە بۆیان کرد و هێنایانە بەر دەستی ئیمامی ئەحمەد فەرمووی: چۆن وا زوو ئامادەتان کرد ؟ فەرموویان : تەنووری ماڵی صالح ی کوڕت سوور و ئامادە بوو لەوێ کردمان بەنان ، ئەویش فەرمووی: هەڵیبگرن ناخۆم ، وەفەرمانی کرد ئەو دەرگایەی کە لە نێوان خۆیان و ماڵی صالح دا بوو بیگرن چونکە صالح پارەی لە متوکل وەردەگرد[٢٥٥].

ئیمامی ئەحمەد گەر (نەصرانی)یەکی ببینیایە چاوەکانی خۆی دادەخست و دەیفەرموو : ناتوانم تەماشای کەسێك بکەم کە بە ناوی خوداوە درۆی کردبێ[٢٥٦].

(المروزی) دەڵێت : جارێکیان چووم بۆ لای ئیمامی ئەحمەد و لێم پرسی : ئێستا چۆنی ؟ ئیمامی ئەحمەد لە وەڵامدا فەرمووی : چۆن بم ؟ کەسێك

---

(٢٥٤) المناقب:(١٤٨).

(٢٥٥) البداية والنهاية:(١٠ :٢٧٥) ،المناقب:(٢٦١) ، سير أعلام النبلاء :(٤٧٧/٧) .

(٢٥٦) الطبقات:(١٢ ،٥٦) ،المناقب:(٢٦٠).

کەخواکەی داوای جیٚ بەجیٚ کردنی فەرزەکانی لیٚ بکات وپیٚغەمبەرەکەی(ρ) داوای شوێن کەوتنی سوننەتەکانی لیٚ بکات و هەردوو فریشتە داوای چاك کردنی کردەوەکانی لیٚ بکەن و نەفسەکەی داوای بە جیٚ هێنانی ئارەزووەکانی لیٚ بکات و ئیبلیس داوای خراپەکاری لیٚ بکات و فریشتەی مردن داوای وەرگرتنی روحەکەی لیٚ بکات و منداڵەکانی داوای خەرجی لیٚ بکەن[٢٥٧] .

سعيد ی کوڕی يعقوب دەڵێت :ئیمامی ئەحمەد نامەیەکی بۆ نوسیم ئەمە دەقی نامەکەیە (بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان ..امابعد: بزانە کە دونیا وسوڵتان نەخۆشین وەزانا پزیشکە ..گەر بینیت پزیشکێك نەخۆشی بۆ خۆی رادەکێشا ئەوە وریا بە ..والسلام عليكم)[٢٥٨] عبدالله دەڵێت : کەس باوکمی نەدەبینی جگە لە مزگەوت یان لە شوێن کەوتنی جەنازەدا یان لە سەردانی نەخۆشی دا نەبیٚ وەپێی ناخۆش بوو کە بە بازاڕدا بگەڕێت[٢٥٩] .

(اسماعيل بن اسحاق التقي) دەڵێت : یەکەم جار کە ئیمام ئیمامی ئەحمەدم بینی پێم گوت :ئەی باوکی عبدالله رێگەم بدەن کە سەرت ماچ بکەم فەرمووی: من نەگەیشتوومەتە ئەو پلە و پایەیە.[٢٦٠]

کابرایەك نامەیەکی بۆ ئیمامی ئەحمەد ناردبوو تیایدا داوای لیٚ کردبوو کە دوعای بۆ بکات ئیمامی ئەحمەد فەرمووی : گەر ئێمە دوعامان بۆ کردی ئەی کیٚ دوعا بۆ خۆمان بکات؟[٢٦١] . وەزۆر جار ئیمامی ئەحمەد دەیفەرموو : من کێم دێن بۆ لام ؟ من کێم دێن بۆ لام ؟ بڕۆن بۆ فەرموودە وەرگردن.[٢٦٢]

---

(٢٥٧) المناقب:(٢٨٤) ، سير أعلام النبلاء :(٤٨٤/٧) .
(٢٥٨) المناقب:(٢٠٧).
(٢٥٩) المناقب:(٢٠٨).
(٢٦٠) المناقب:(٢٧٥).
(٢٦١) المناقب:(٢٧٥).
(٢٦٢) المناقب:(٢٧٦).

ئیمامی ئەحمەد کاتێ نوێژی دەکرد ئەمجار دەچووەماڵەوە قوتابییان و خەڵکی شوێنی دەکەوتن ئەویش دەیفەرموو : کەس شوێنم نەکەوێت (واتە حەزی نەدەکرد کەس لە دەوری کۆ ببێتەوە) [٢٦٣]

نەخۆش کەوتن و کۆچی دوایی ئیمامی ئەحمەد[٢٦٤]

لە مانگی رەبیعی یەکەمی ساڵی ٢٤١ ك پێشەوا تووشی تایەکی سەخت بوو پاشان بێ هێز و بێ توانا بوو لە جێ کەوت و خەڵکی کۆمەڵ کۆمەڵ دەهاتن بۆ سەردانی و دوعایان بۆ دەکرد و دەڕۆیشتن ، کابرایەك هاتە ژوورەوە وچووە لای سەری ئیمامی ئەحمەد و فەرمووی : لە رۆژی لێدانەکەتدا من ئامادە بووم ئەمجار دەستی بە گریان کرد و فەرمووی: یان تۆڵەی خۆتم لێ بسێنەوە وام لە بەر دەستتدا وەیان گەردنم ئازاد بکە . ئیمامی ئەحمەد فەرمووی: ئایە جارێکی تر دەگەڕێیتەوە بۆ سەر ئەو کارە ؟ فەرمووی : نەخێر .فەرمووی : گەردنت ئازاد بێت ، کابرا دەستی بە گریان کردوو چووە دەرەوە، هەموو ئامادە بوان دەستیان بە گریان کرد . پاشان خەڵکەکە هێندە زۆر بوو بۆیە سوڵتان چەند کەسێکی نارد بۆ پاراستنی هێمنی و ئاسایشی کۆڵان و گەڕەکەکە بۆ ئەوەی خەڵکی بە ریز بچنە ژوورەوە بۆ لای ئیمامی ئەحمەد ، وەکاتێ ئیمامی ئەحمەد وەزعی خراپتر بوو بۆیە چیتر نەیاندەهێشت خەڵکی بچێت بۆ سەردانی و هەموو دەرگاکانیان داخست . کاتێ خزمەتکارێکی (ابو یوسف)ی مامی ئیمامی ئەحمەد هات بۆ لای بۆ ئەوەی باوەشێنی بکات ئیمامی ئەحمەد بە دەستی ئیشارتی کرد کەواز بهێنە و نامەوێ چونکە ئەو خزمەتکارە بە پارەی خەلیفە سنرا بوو ئیمامی ئەحمەدیش پێی ناخۆش بوو [٢٦٥]

---

[٢٦٣] المناقب:(٢٨٢).

[٢٦٤] المناقب:(٤٠٢ –٤٠٩) ، ابن حنبل:(١٢) ، سير أعلام النبلاء :(٥٤٣/٧) .

[٢٦٥] الطبقات:(١٢).

کابرایەك هات بۆلای ئیمامی ئەحمەد و فەرمووی : ئەی ئیمامی ئەحمەد ئەو کاتە بهێنە یادی خۆت کە لە بەر دەستی خوادا راوەستاوی ئیمامی ئەحمەدیش دەستی بە گریان کرد .

پاشان ئیمامی ئەحمەد داوای کرد کە وەسێتەکەی بۆ بخوێننەوە ئەوانیش بۆیان خوێندەوە و ئەویش پێی رازی بوو و داوای کرد کە هەندێ خورما بکڕن و بیدەن بە هەژاران لە جێیی کەفارەتی سوێندەکەی و پاشان سوپاس گوزاری خوا بوو .وەلە ماوەی ئەو چەند رۆژەی کەنەخۆش کەوت بوو ئیمامی ئەحمەد هەموو رۆژێك هەواڵی دەگەیشتە خەلیفە (متوکل) خوای لێ رازی بێت . ئیمامی ئەحمەد وای لێ هاتبوو کە بە دانیشتنەوە نوێژی دەکرد ، لە رۆژی چوار شەممە دا داوای کرد کە منداڵەکانی لێ کۆبکەنەوە ئەویش بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە دەستی بە سەریاندا دەهێنا و بۆنی ئەوانی دەکرد ، پاش ماوەیەك نەخۆشییەکەی هێندە زۆر بوو کە میزەکەی بوو بە خوێن ، لە رۆژی پێنج شەممە دا نەخۆشییەکەی زیاتر بێ تاقەتی کرد وعبدالله ی کوڕی دەست نوێژی بۆ دەگرد.

عبدالله دەفەرمووێت :- کاتێ باوکم لە سەرە مەرگدا بوو من لە نزیکی ئەو دانیشتبووم باوکم چەند جارێك دەبورایەوە و ئەمجار هەڵدەستا و چاوی دەکردەوە و بە دەستی ئیشارەتی دەکردوو دەیفەرموو :- هێشتا نا...هێشتا نا (لا بعد لابعد) سێ جار . لە پاش جاری سێیەم گوتم :- بابە گیان ، ئەوە چیت گوت لەم کاتەدا ؟ فەرمووی :- کوڕم ، نازانیت ؟ ! گوتم :- نەخێر ، فەرمووی :- کوڕم ،، ئەوە (ئیبلیس)ە لەعنەتی خوای لێ بێت لە خواری پێمەوە ، پەنجەکانی خۆی دەگەزێت و دەڵێت :- ئەی ئەحمەد لە دەستم دەرچوویت ،،، منیش دەڵێم :- هێشتا نا تاکو نەمرم * .

* سیر اعلام النبلاء (٥٤٧/٧) .

كاتێ شەوی جومعە بوو زبانی قورس بوو ئەمجار كە ڕۆژ بووەوە واتە ڕۆژی هەینی ١٢ ی ڕەبیعی یەكەمی ساڵی ٢٤١ ك وەلەتەمەنی ٧٧ ساڵیدا ئیمامی ئەحمەد، پێشەوای موسڵمانان ،دوژمنی بیدعەو بیدعەچییەكان ، دۆستی سوننەو سوننییەكان ، ڕووی كردە قیبلەو فەرمووی: (لا إلـــهَ إلاَّ اللهُ) ئەمجار گیانی پاكی دەرچوو[٢٦٦] ،(المروزی) چاوەكانی بە یەك نا[٢٦٧]، ﴿يَا أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ (٢٧) ارْجِعِي إِلَى رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً (٢٨)﴾ خودای گەورە لە گوناهەكانی ئێمە و ئەویش خۆش بێت و هەموومان بە بەهەشتی بەرین شاد بكات . بە مردنی ئیمامی ئەحمەد ئوممەتی ئیسلامی تووشی زەرەرو زیانێكی گەورە بوو چونكە كەڵە پیاوی وەك ئیمامی ئەحمەد دوو بارە بوونەوەی زۆر كەمە بەڵام فەرمانی خودایە و خۆی فەرموویەتی : ﴿مِنْهَا خَلَقْنَاكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ وَمِنْهَا نُخْرِجُكُمْ تَارَةً أُخْرَى﴾ كاتێ خەڵكی زانیان وا پێشەوا كۆچی دوایی كردووە هەموویان دەستیان بە گریان كردوو هاواروناڵەیان بەرز بووەوە ، ئەمجار هەموو دانیشتن بۆ ئەوەی بیبەن بۆ گۆڕستان .(عبدالله ی كوڕی ئیمامی ئەحمەد) دەڵێت : لەوە ترسام كە ئەو هەموو خەڵكە نوێژی جومعەیان لە دەست بچێت بۆیە بە خەڵكەكەی فەرموو كە پاش نوێژی جومعە دەینێژین . لە پاش شوشتنی ئیمامی ئەحمەد ئەو سێ تەڵە قژەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) كەلای ئیمامی ئەحمەد بوو هەرچاوەی تەڵێكیان تێ كرد و ئەویتریان خستە سەر زبانی چونكە خۆی وەسێتی كردبوو .

ئەمجار (محمد بن عبدالله الطاهر) نوێژی لە سەر كرد ، بۆیە چەند جارێك متوكل خەلیفەی موسڵمانان پێی دەفەرموو : موژدە بۆ تۆ ئەی محمد كە نوێژت لە سەر ئیمامی ئەحمەد كرد[٢٦٨] . پاشان بردیان بۆ گۆڕستان نزیكەی یەك ملیون

---

[٢٦٦] حلية الاولياء:(٩ :١٦٢).

[٢٦٧] الطبقات:(٦٩).

[٢٦٨] الطبقات:(١٦).

و نيو كەس لە دواى جەنازەكەى بوون و نوێژيان لە سەر كرد جگە لە شەست هەزار ئافرەت . (عبدالوهاب الوراق) دەڵێت : لە مێژوودا نەبووە هيچ كەسێك بەو ژمارەيە نوێژى لە سەر بكرێت جگە لە كابرايەكى بنى اسرائيلى نەبێت[٢٦٩]. وە لە كاتىَ ناشتنيدا خەڵكى بە دەنگى بەرز لەعنەتيان دەكرد لە (كرابيسي) و (المريسي) كە دوو كەسى ئەهلى بيدعە بوون دژايەتى ئيمامى ئەحمەديان دەكرد وە ئەو رۆژەى كە ئيمامى ئەحمەد كۆچى دوايى كرد دەڵێن لە شارى بەغدادا نوێژى عەسر لە مزگەوتەكاندا نەكرا تەنها لە مزگەوتى (حارث) نەبێت .

بيروباوەڕى ئيمامى ئەحمەد*

* ئيمان :

ئيمامى ئەحمەد دەڵێت : ئيمان وتەو كردەوەيە (قولٌ وعمل) زياد دەكات كەم دەكات چاكە هەمووى لە ئيمانەوەيەو ئيمانى پىَ زياد دەكات و خراپە لە ئيمان كەم دەكات[٢٧٠] .

سيفەتى ئيماندار لە ئەهلى سوننەو جەماعە ئەوەيە شايەتى بدات كە هيچ پەرستراوێك نىيە شايستەى پەرستن بێت جگە لە (الله) خوا نەبێت ، تەنها و بىَ هاوەڵە،وە (محمد ﷺ) بەندەو نێردراوى ئەوە ، وە باوەڕى هەبێت بەوەى كە هەمووپێغەمبەران (سەڵات و سەلامى خواى لە سەر بێت) هێناويانە وە دڵى گرىَ دابێت لە سەر ئەوەى كە بە زارى دەيلێت وە گومانى لە ئيمانەكەى خۆى نەبێت ، ئەوەى يەكتاپەرست بێت بە گوناه(تاوان) كافر نابێت ، وەئەو شتەى كە غەيبە دەيگێڕيتەوە بۆ لاى خوا[٢٧١] ، وە بزانێت كە هەموو شتێك بە قەزا و

---

[٢٦٩] الطبقات:(١٦) ، تاريخ بغداد : (٤٢٢/٤) .

* سير اعلام النبلاء (٥١٧/٧-٥١٩) .

[٢٧٠] البداية والنهاية:(١٠: ٢٧٤) ،الطبقات:(٢٥) ،ابن حنبل:(١٢٥) ،المناقب:(١٥٣) ، سير أعلام النبلاء :(٥١٧/٧)

[٢٧١] ابن حنبل:(١٢٥) ،المناقب:(١٦٥-١٦٦).

قەدەری خوا دەبێت(چ خەیر بێت یا شەڕ) وەنابێت حوکم بدات بە سەر کەسدا بە بەهەشت بە چاکەیەك کە بیکات وەبە ئاگر بە تاوانێك کە کەسێك دەیکات تاکو ئەو ڕۆژەی کە خوای گەورە خەڵکی دەکاتە بەهەشتەوە یان دۆزەخەوە[٢٧٢]، وە حەقی پێشینەکان (سەلەف) بزانێت ئەوانەی کە خوای گەورە هەڵیبژاردوون بۆ هاوەڵی و هاوڕێتی پێغەمبەرەکەی(ﷺ)[٢٧٣]، وە کەسی وا هەیە لە ئیمان دەردەچێت بۆ ئیسلام (واتە : لە ئیماندارەوە دەبێت بە موسڵمان) وە ئەگەر تەوبە بکات دەگەڕێتەوە بۆ ئیمان وە لە ئیسلام دەرناچێت تەنها شیرك نەبێت یان فەرزێك لە فەرزەکانی خوا ڕەد بکاتەوە و باوەڕی پێی نەبێت وە ئەگەر بە هۆی تەمەڵییەوە ئەرکێك لە ئەرکەکان نەکات ئەوا دەکەوێتە ئارەزووی خوای گەورەوە گەر ئارەزووی بوو سزای بدات ئەوا سزای دەدات و گەر ئارەزووی بوو لێی خۆش بێت ئەوا لێی خۆش دەبێت[٢٧٤]، ئیماندار دەبێت باوەڕی بە سزای ناو گۆڕ و (نکیر و منکر) و حەوز و شەفاعەت هەبێت ، وە دەبێت باوەری بەوە هەبێت کە ئەهلی بەهەشت لە بەهەشتدا خوای خۆیان دەبینن[٢٧٥] وەیەکتاپەرستان لە ئاگر دەردەچن پاش تاقیکردنەوەیان هەروەکو چۆن فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ) لە سەریان هاتووە و زانایان لە سەر ئەمە یەك دەنگن .[٢٧٦]

ئیمامی ئەحمەد دەڵێت : شایەتی بە سەر ئەهلی قیبلەدا نادەین بە بەهەشت یاخود بە ئاگر بە کردەوەیەك کە بیکەن ، وەرجامان هەیە بۆ پیاو چاکان و لە گوناهباران دەترسین و رجامان هەیە لای خوا کە رەحمیان لێ بکات

---

[٢٧٢] ابن حنبل:(١٢٦).

[٢٧٣] المناقب:(١٦٥).

[٢٧٤] ابن حنبل:(١٢٥-١٢٦).

[٢٧٥] ابن حنبل:(١٣١).

[٢٧٦] المناقب:(١٦٦).

، وەچ کەسێك گەیشتە لای خوای گەورە بە تاوانێکەوە کە تەوبەی لیٚ کردبوو وە سوور نەبوو بوو لە سەری ئەوا خوای گەورە لیٚی خۆش دەبێت و تەوبە لە بەندەکانی خۆی وەردەگرێت و لە گوناهەکان دەبورێت ، وەچ کەسێك گەیشتەلای خوای گەورە و لە دونیادا سنوورێك لە سنوورەکانی خوای بە سەردا جیٚ بە جیٚ کرابوو بە تاوانێك کردبێتی کە سزای دونیایی لە سەر بوو ئەوا خوای گەورە خۆی دەزانێت یا لیٚی خۆش دەبێت وەیا سزای دەدات [٢٧٧] وەدەڵێت : کەسێکی ئەهلی یەکتاپەرست بە کافر نازانین گەر گوناهێك لە گوناهە گەورەکانی کردبوو (الکبائر) وە هیچ کردەوەیەك تەرك کردنی کوفر نییە تەنها نوێژ نەبێت ، چ کەسێك وازی لە نوێژ هێنا ئەوا کافرەو خوای گەورە کوشتنی حەڵاڵ کردووە[٢٧٨].ئیمامی ئەحمەد دەڵێت : حەفتا پیاو لە (تابعین) و پێشەوای موسڵمانان و فەقیهی شارەکان یەك دەنگ بوون لە سەر ئەوەی کە ئەو سوننەتەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە سەری مردووە ئەوەیە : یەکەمیان رازی بوونەبە قەزای خوای گەورە و ملکەچی فرمانەکانی بێت و ئارامگرتنە لە سەر حوکمەکانی و ئەوەی کە فرمانی پیٚ کردووە بکرێت و دوور کەوتنەوە لەوەی کە نەهی لیٚ کردووە و دڵسۆزی لە کارەکاندا مەبەستی تەنها خوا بێت و ئیمانی هەبێت بە قەدەر (خەیر و شەڕ) و واز هێنان لە(المراء و الجدال والخصومات) لە دیندا[٢٧٩]. وەدەڵێت : من خاوەنی کەلام نیم و نابینم قسە کردن لەم شتانەدا کردنی باش بێت جگە لەوەی کە لە کتێبەکەی خواو فەرموودەکانی پێغەمبەردا(ﷺ) هەبێت یان لە هاوەڵانەوە ئیدی جگە لەوانە ئەوا قسە کردن تیایدا باش نییە[٢٨٠].

---

[٢٧٧] ابن حنبل:(١٢٧).

[٢٧٨] ابن حنبل:(١٢٧).

[٢٧٩] ابن حنبل:(١٢٨).

[٢٨٠] ابن حنبل:(١٣٠).

* قورئانی پیرۆز :

ئیمامی ئەحمەد دەڵێت : هەرکەسێك بڵێت قورئان دروست کراوە(مخلوق)ـە ئەوا کافرە[٢٨١]، قورئان کەلامی خوایەو دروست کراو نی‌یە[٢٨٢]

* کۆمەڵەکان (الفِرَق) :

ئیمامی ئەحمەد دەڵێت : (رافضي) ئەو کەسەیە کە جوێن بە ابو بكر و عمر دەدات[٢٨٣]. وە نوێژ مەکەن لە پشتی (القدرية و الرافضي) یەوە گەر جوێنیان بە هاوەڵان دا[٢٨٤]. وەزاناکانی موعتەزیلە زەندیقن[٢٨٥]. صالح دەڵێت : پرسیارم کرد لە ئیمامی ئەحمەد : ئایە نوێژ کردن لە پشت (قدری) یەوە دروستە ؟ فەرمووی : ئەو دەڵێت کە خوای گەورە نازانێت بەندەکانی چی دەکەن تائەو کاتەی دەیکەن بۆیە نوێژ لە پشتیانەوە مەکەن[٢٨٦] .

* ناو و سیفاتەکانی خوای گەورە :

ئیمامی ئەحمەد دەڵێت : ئەو فەرموودانەو ئایەتانەی کە باسی سیفات دەکەن ئێمەش باسی دەکەین چۆن هاتووە هەروەها وە کاتێ پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەڵێت : ئەهلی بەهەشت خوای خۆیان دەبینن ئەوا دەبێت باوەڕی پێ بکەین و کێ بڵێت خوای گەورە نابینین لە دوا رۆژدا ئەوا کافرە وە نمونەیشی بۆ ناهێنینەوەو ئەمەش ئیجماعی زانایانە[٢٨٧] .

---

[٢٨١] البداية والنهاية:(١٠:٢٧٤) ،المناقب:(١٥٤) ،ابن حنبل:(١٣٣) ، سير أعلام النبلاء :(٥١٧/٧) .

[٢٨٢] البداية والنهاية:(١٠:٢٧٤) ،المناقب:(١٦٦).

[٢٨٣] المناقب:(١٦٥) ، ابن حنبل:(١٤٦).

[٢٨٤] المناقب:(١٥٩).

[٢٨٥] المناقب:(١٥٨).

[٢٨٦] ابن حنبل:(١٣٠).

[٢٨٧] البداية والنهاية:(١٠: ٣٢٨) ،المناقب:(١٥٦) ،ابن حنبل :(١٣٠).

وەئیمامی ئەحمەد باوەڕی بەوە هەیە کە خوای گەورە (قدیم) ە و سەرەتای نییە هەروەها سیفەتەکانی ، وە کەلامیش بەشێکی ئەو سیفاتانەیە .[٢٨٨]

* هاوەڵان :

ئیمامی ئەحمەد دەڵێت : باشترین کەس لەم ئوممەتەدا دوای پێغەمبەری خوا (ﷺ) (ابو بكر الصديق)ـە ئەمجار (عومەری کوڕی خەتتاب)ە و ئەمجار(عوسمان ی کوڕی عەففان)ە پاش ئەم سێ کەسە ئەمجار ئەو پێنج کەسەی شووران کە ئەوانیش (علي بن ابي طالب و زبير و طلحة و عبد الرحمن بن عوف و سعيد) ە هەمویان شایەنی ئەوەن کە بکرێنە خەلیفەی موسڵمانان[٢٨٩] پاش ئەوانە ئەهلی بەدر دێت لە کۆچکەران(المهاجرين) و ئەمجار ئەهلی بەدر لەپشتیوانان (الانصار) ئەمجار پاش ئەمانە هاوەڵانی دی دێن ئەوەی کە هاورێتی پێغەمبەری خوای کردبێت (ﷺ) گەر بۆ یەك چرکەیش بووە و گەر کەسێك یەکێکیان عەیبدار بکات یان ڕقی لە یەکێکیان بێت ئەوە (مبتدع) ە ، وەدەبێت رەحمەتیان بۆ بنێرین[٢٩٠] . وەئەگەر کەسێك بڵێت (على) لە (عوسمان) باشترە ئەوا بیدعەی کردووە چونکە هاوەڵان رێك کەوتون و فەرموویانە کە (عوسمان) لە (على) باشترە .[٢٩١]

وەدەڵێت : چ کەسێك بڵێت (على) لە (ابو بكر) باشترە ئەوا توانج (طعن) ی لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) داوە ، وەکێ بڵێت (على) لە (عومەر) باشترە ئەوا توانج (طعن) ی لە پێغەمبەرو(ﷺ) (ابو بکر) داوە و کێ بڵێت (على) لە (عوسمان) باشترە ئەوا توانج (طعن) ی لە پێغەمبەر(ﷺ) و(ابو بكرو عومەر) هەموو کۆچکەران داوە . وە دەبێت رێزی هەموو هاوەڵانی پێغەمبەری خوا(ﷺ)

---

(٢٨٨) ابن حنبل:(١٣١).

(٢٨٩) ابن حنبل:(١٤٦ –١٤٧) ، المناقب:(١٦١).

(٢٩٠) المناقب:(١٦٦،١٦١).

(٢٩١) المناقب:(١٦٢).

بگرين بە گەورەو بچووكەوە و باسى باشەكانيان بكەين و باسى ئەوەى كە لە نێوانيانيدا رووى داوە نەكەين .

وەابوبكر و عومەرو عوسمان و عەلى و زوبير و عبدالرحمن ى كوڕى عوف و سعد ى كوڕى ابى وەقاس و سەعيد ى كوڕى زەيد لە گەڵ پێغەمبەرى خوادا(ﷺ) بوون لە سەر كێوى (حراء) پێغەمبەر (ﷺ)فەرمووى : ئەى (حراء) هێور بە بزانە

كە هيچ كەس لە سەرت نييە تەنها پێغەمبەر و صديق و شەهيد نەبێت[٢٩٢] .

ئيمامى ئەحمەد دەڵێت : ابن مسعود فەرموويەتى : هەر شتێك موسڵمانان بە باشيان زانى ئەوا لاى خوايش باشە و هەر شتێك موسڵمانان بە خراپيان زانى ئەوا لاى خوايش خراپە . وە هەموو هاوەڵانى پێغەمبەر (ﷺ)رازى بوون كە ابو بكر ببێت بە جێنشينى پێغەمبەر (ﷺ).

ابن كثير دەڵێت : ئەم وتەيەى سەرەوە (اثر) ە باسى ئيجماعى هاوەڵان دەكات لە پێش خستنى ابوبكر بۆ جێنشين .[٢٩٣]

وەپرسيار كرا لە ئيمامى ئەحمەد ئەگەر كەسێك جوێن بە يەكێك لە هاوەڵان بدات ؟ فەرمووى : نايبينم لە سەر دينى ئيسلام بێت[٢٩٤] .

* خيلافەتى عەلى :

ئيمامى ئەحمەد دەڵێت : باش بزانن كە خيلافەت عەلى نەڕازاندەوە بەڵكو عەلى خيلافەتى رازاندەوە[٢٩٥] . وەپرسيار كرا لە ئيمامى ئەحمەد دەربارەى عەلى و مەعاويە فەرمووى: ﴿تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا

---

[٢٩٢] المناقب:(١٦٦).

[٢٩٣] البداية والنهاية:(١٠: ٢٧٥).

[٢٩٤] المناقب:(١٦٥) ، ابن حنبل :(١٤٦).

[٢٩٥] المناقب:(١٦٣) ، ابن حنبل:(١٤٨).

كَسَبْتُمْ وَلاَ تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾[٢٩٦] وەدەڵێت : هیچ شتێك دەربارەیان ناڵێم لە چاکە زیاتر رەحمەتی خوا لە هەموویان (معاوية و عمرو بن العاص و أبو موسى الأشعري) هەموویان خوای گەورە لە کتێبەکەیدا وەسفی کردوون فەرمووویەتی :﴿سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ السُّجُودِ﴾[٢٩٧] وەدەڵێت : چ کەسێك دان نەنات بە ئیمامەتی عەلی دا ئەوە لە گوێدرێژ گومڕاترە، سبحان الله سنورەکانی خوای جێ بە جێ دەکرد و زەکات و صدقەی کۆ دەکردەوە و دابەشی دەکرد بە سەر خەڵکیدا بە رێك و پێکی ، پەنا بە خوا کەسێك کە باش ناڵێت با خراپیش نەڵێت ، باشترین خەلیفە بوو هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) رازی بوون و نوێژیان لە پشتەوە دەکرد و غەزا و جیهاد و حەجیان لە گەڵدا دەکرد پێیان دەفەرموو(أمير المؤمنين) رازی بوون بەوە بە بێ ئەوەی زۆریان لێ کرا بێت و نارازی بن ئێمەیش شوێن کەوتووی ئەوانین .[٢٩٨]

وەدەڵێت : عەلی کوڕی ابو طالب لە (ئەهلی بەیت)ە هیچ کەسێکی لە گەڵدا قیاس ناکرێت[٢٩٩] . وە هیچ کەسێك لە هاوەڵان هێندە باسی فەزڵ و چاکەی نەکراوە چۆن باسی ئیمام عەلی کراوە لە فەرموودە راست و دروستەکان[٣٠٠] .

*** فیقه :**

ئیمامی ئەحمەد دەڵێت : ئیماندار دەبێت باوەڕی بە هەردوو نوێژی جەژن و نوێژی ترس و جومعە و جەماعەت هەبێت لە گەڵ هەموو ئەمیرێکی چاك و خراپدا وە باوەڕی بە مەسح لە سەر خوف هەبێت لە سەفر ولە شاردا (الحضر)[٣٠١] .

---

[٢٩٦] المناقب:(١٦٤).

[٢٩٧] ابن حنبل:(١٤٨) ،المناقب:(١٦٤).

[٢٩٨] ابن حنبل:(١٤٧) ،المناقب:(١٦٤).

[٢٩٩] ابن حنبل:(١٤٨).

[٣٠٠] المناقب:(١٦٣) ،ابن حنبل:(١٤٨).

[٣٠١] المناقب:(١٦٦).

وە جیهاد لەو رۆژەوە کە خوای گەورە پێغەمبەری(ﷺ) ناردووە تاکو رۆژی دوایی بەردەوامە تاکو ئەو رۆژەی دەججال دەکوژرێت ، وە خراپەی خراپەکاران زیانیان پێ ناگەیەنێت واتە لە موجاهیدان . وە کڕ ین و فرۆشتن حەلالە تا رۆژی قیامەت بە پێی قورئان و فەرموودە . وە تکبیر کردن لە نوێژی مردوو دا چوار(الله اكبر)ە و ئیماندار دەبێت دوعای خەیر بکات بۆ پێشەوای وموسڵمانان و نابێت بە روویاندا دەرچێت بە شیر (شمشێر) و نابێت لە رۆژی فیتنە دا شەڕ بکات و دەبێت لە ماڵی خۆیدا دانیشێت[٣٠٢]. وەئارام بگرێت لە ژێر ئالای سوڵتانی موسڵماندا هەرچەندە خراپە و نادادپەروەری لێ بووەشێتەوە و نابێ بە شیر دەرچێت و رووبەرویان ببێتەوە هەرچەندە خراپە بکەن[٣٠٣].

نامەیەك . . . .

کاتێك کە فیتنە دەستی پێ کرد و خەڵکی تووشی دوو بەرەکی هاتن لە سەر مەسەلەی (القدر و الرفض و الاعتزال و خلق القران و الارجاء) ، (مسدد)ی کوڕی (مسرهد) نامەیەکی بۆ ئیمامی ئەحمەد نووسی تیایدا هاتبوو (سوننەتەکەی پێغەمبەرم بۆ بنووسە(ﷺ)) ، کاتێ نامەکە گەیشتە ئیمامی ئەحمەد ، ئیمامی ئەحمەد دەستی بە گریان کرد و فەرمووی : (انا لله وانا اليه راجعون) ، ئەم (بەصری)یە دەڵێت : پارەیەکی زۆرم خەرج کردووە بە مەبەستی فێربوونی زانست و زانیاری کەچی رێگا و سوننەتەکەی پێغەمبەر(ﷺ) نادۆزمەوە و ڕێی پێ نابەم ، ئەمجار ئیمامی ئەحمەد نامەیەکی بۆ نووسی کە تیایدا هاتبوو ...

---

(٣٠٢) المناقب:(١٦٦).

(٣٠٣) المناقب:(١٧٦) ،ابن حنبل:(١٥١).

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە کە لە هەموو سەردەمێکدا لە ئەهلی عیلم چەند کەسانێك دەهێڵێتەوە بۆ ئەوەی بانگەوازی ئەوانە بکەن کە لە ڕێ لایان داوە بۆ سەر ڕێگەی ڕاستی و نەهی بکەن لە خراپە ، بە قورئانی پیرۆز مردووەکان زیندوو دەکەنەوە ، بە سوننەتەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ڕێنیشاندەری ئەهلی نەفامی و خراپە دەبن، چەند کەسانێکیان زیندوو کردەوە کە ئیبلیس کوشتبویانی ، وەڕێ نیشاندەری چەند کەسانێك بوون کە ماڵ و دەرگای خۆیانیان بزر کردبوو تەماشاکەن چاکەیان چەند زۆرە بە سەر خەڵکی یەوە ڕێگرن بەرانبەر ئەوانەی کە دەیانەوێت دین بگۆڕن و بیدعەی بیدعەچییەکان پوچەڵ دەکەنەوە ، ئەوانەی کە فیتنە بڵاو دەکەنەوە و دوو بەرەکی لە قورئاندا دروست دەکەن وە شت دەڵێن بە ناو خوداوە و بە سەر خوداوە ، پاکی و بێ گەردی بۆ خوای گەورە کە ستەمکاران بە وتنی ئەو قسە کە دەیکەن (عما یقول الظالمون علوا کبیرا) وە قسە کردن لە کتێبەکەیدا بە بێ زانیاری ، پەنا دەگرین بە خوا لە هەموو فیتنەیەکی لە ڕێ لادەر بێت ، وە سەڵات و سەلام لە سەر پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی ......

أما بعد .....

خوای گەورە ئێمەو ئێوەش موفەق بکات بۆ هەر شتێك کە خۆی پێی ڕازییە ، و دوورمان بکاتەوە لە هەر شتێك کە تووڕەیی ئەوی تیادایە وە کاری (خاشع) ەکانمان پێ ببخەشێت کە خوای گەورە دەناسن و خۆی بەر پرسە ... وە سێتتان دەکەم پێش ئێوە خۆم کە لە خوا بترسن و تەقوای خواتان هەبێت وە دەست بگرن بە ئەهلی سوننەو جەماعەوە وە باش دەزانن ئەوەی کە سەر پێچی کرد چی بە سەر هات و ئەوەی شوێنی کەوت چی دەستکەوت ،

پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) دەفەرموێت : خوای گەورە بەندەیەك دەخاتە بەهەشتەوە بە هۆی سوننەتێکەوە دەستی پێوە گردبێت .

وە فەرمانتان پێ دەکەم (أنْ لا تؤثروا على الله شيئا) چونکە ئەوە کەلامی خوایەو ئەوەی خوا وتبێتی دروستکراونییە و ئەوەی باسی سەدەکانی پێشوو دەکات دروست کراو نییە و ئەوەی کە لە (اللوح المحفوظ)دا هەیە دروستکراو نییەو کێ بلێت دروستکراوە ئەوا کافرە و ئەوەی بە کافری نەزانێت ئەویش کافرە ، ئەمجار پاش قورئانی پیرۆز سوننەتەکانی پێغەمبەر(ﷺ) دێت ، وە فەرموودە دەربارەی ئەو و هەڵبژێراوەکان لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەمجار (تابعين) ، وەباوەڕ هێنان بەوەی کە پێغەمبەران(سەڵات و سەلامی خوایان لێ بێت) هێناویانە ، وە شوێن کەوتنی سوننەت رزگار بوونە ، سوننەتیش ئەوەیە کە ئەهلی عیلم گێڕاویانەتەوە لە زانا بەرز و بەڕێزەکان ئەوانیش لە زانا بەرز و بەڕێزەکانەوە ، وە ئاگاداری بۆچوونەکانی (جهم) بن چونکە ئەو خاوەنی بۆچوون و دژایەتییە ، بەڵام (الجهمية) هەموو ئەهلی عیلم کە من بە خزمەتیان گەیشتووم یەك دەنگن لە سەر ئەوەی کە دەڵێن :

(الجهمية) سێ بەشن :

هەندێکیان دەڵێن قورئان کەلامی خوایەو دروستکراوە .وەهەندێکیان دەڵێن قورئان کەلامی خوایە و بێ دەنگ بوون ئەوانە (الواقفه) ن ، وە ئەوانی دی دەڵێن بێژەمان بە قورئان دروستکراوە . ئەوانە هەموو (الجهميه) ن زانایان یەك دەنگن لە سەر ئەوەی کە سەر بڕاوەکانیان حەڵاڵ نییە و نابێت بکرێن بە قازی ، ئیمانیش وتەو کردەوەیە (قول و عمل) زیاد دەکات و کەم دەکات زیاد کردنی ئیمان بە چاکە دەبێت کەم کردنیشی بە خراپە دەبێت ، وەکەسی وا هەیە لە ئیمانەوە دەردەچێت بۆ ئیسلام ئەگەر تەوبەی کرد دەگەڕێتەوە بۆ ئیمان وە لە ئیسلام دەری ناکات تەنها شیرك نەبێت بە خوای گەورە یان رەد کردنەوەی یەکێك لە

فەرزەکانی خوا بە بێ باوەری بەڵام ئەگەر لە بەر تەمەڵی و تەوەزەلی بوو ئەوا دەکەوێتە ئارەزووی خوای گەورەوە یان سزای دەدات وە یا لێی خۆش دەبێت وە (موعتەزیلە) هەموو ئەهلی عیلم کە من بە خزمەتیان گەیشتووم یەك دەنگن لە سەر ئەوەی کە بەو کەسە دەگوترێت (المعتزلە) کە بە خاوەن تاوانێك دەڵێن کافر . وەچ کەسێك وا بڵێت ئەوا باوەڕی وایە کە ئادەم (علیە الصلاة والسلام) کافرە وەبراکانی یوسف(علیە الصلاة والسلام) کافرن چونکە لە گەڵ باوکیاندا دروویان کرد وە زانایانی (معتزلە) یەك دەنگن لە سەر ئەوەی کە ئەگەر کەسێك دەنکە تۆمێك بدزێت ئەوا لە ئاگردایە ، خیزانەکەی لێی جودا دەکرێتەوە وەحەجەکەی دوو بارە دەکاتەوە ئەگەر حەجی کردبێت ، وە چ کەسێك وابڵێت ئەوا کافرە و دەبێت قسەیان لە گەڵدا نەکرێت و سەربڕاوەکانیان نەخورێت تاکو تەوبە نەکەن .

وە (الرافضة) هەموو ئەوانەی (ئەهلی عیلم)ن من بەخزمەتیان گەیشتووم یەك دەنگن لە سەر ئەوەی کە (الرافضة) دەڵێن : علی لە ابو بکر باشترە (خوایان لێ رازی بێت) وە ئیسلام بوونی عەلی کۆنترە لە ئیسلام بوونی ابو بکر، وەچ کەسێك بڵێت عەلی لە ابو بکر باشترە ئەوا قورئان و سوننەتی رەد کردووەتەوە چونکە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ﴾ (أبو بکر)ی پێش هەموو هاوەڵان خستوە کەچی عەلی پێش نەخستووە ، وەپێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : ئەگەر هاوڕێیەکی تایبەتیم(خلیل)م هەڵبژێردایە ئەوا ابو بکرم هەڵدەبژارد بەڵام خوای گەورە منی بە هاوڕێی تایبەتی خۆی هەڵبژاردووە ، وە چ کەسێك بڵێت عەلی پێش ابو بکر ئیسلام بووە ئەوا هەڵەی کردووە چونکە کاتێك ابوبکر ئیسلام بوو تەمەنی سی و پێنجساڵ بوو کەچی تەمەنی عەلی حەوت ساڵ بوو کە ئەحکام و سنوور و فەرزەکانی لە سەر نەبووە .

وەدەبێت ئیمانی هەبێت بە قەزاو قەدەر چ خەیری بێت یا شەڕی ، خۆشی و ناخۆشی ، خودای گەورە بەهەشتی دروست کردووە پێش دروستکردنی

خەڵکی و ەخەڵکێکی بۆ دروست کردووە وە خۆشییەکانی بەهەشت بـەردەوامن و چ کەسێك بڵێت هەرشتێك لە بەهەشـتدا نـامێنی ئـەوا کـافرە ، وەئـاگری دروسـت کردووە و خەڵکێکی بۆ دروست کردووە وە سزاکەی بەردەوامە ، خەڵکانێك لە ناو ئاگردا دەردەکرێت بـە شـەفاعەتی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ)، وە ئـەهلی بەهەشـت خوای خۆیان دەبینن بە چاوەکانیان بە بێ گومـان ، وە خـوای گـەورە لـە گـەڵ (موسی)دا (علیه الصلاة والسلام) قسـەی کـردووە بـە قسـەکردن ، وە(ابـراهیم)ی (علیه الصلاة والسلام) هەڵبژاردووە بە هاوڕێی تایبەتی خۆی (خلـیلا) ، وەتـرازوو حەقە و راستە و سیرات حەقە و پێغەمبەران(سەلات و سەلامی خوایان لـێ بێـت) حـەقن و راسـتن ، و(عیسـی ی کـوڕی مەریـەم) (علیـە الصـلاة والسـلام) بەنـدەو نێـردراوی خوایـە ، وەئیمـان بـە حـــوض و شـەفاعەت و عـەرش و کورسـی و فریشـتەی گیـان کێشـان کـە گیانـەکان دەکێشـی ئـەمجار گیانـەکان دەکـرێن بـە لاشـەکانیانەوە پاشـان پرسـیاریان لـێ دەکرێـت لـە ئیمـان و یەکتاپەرسـتی و پێغەمبەران ، وە ئیمان بە فووکردن بە بووقدا لە لایەن فریشتەیەکی خوداوە کـە ناوی (اسرافیل) ە ، وەئەو گۆڕەی کە لە شـاری (مدینـە) یـە گـۆڕی پێغەمبـەری نازدارە (ﷺ) ئەوانەی تەنیشتی (ابو بکـر و عومـەر)ە خوایـان لـێ رازی بێـت،وە دڵی بەندەکان لە نێوان دوو پەنجە لە پەنجەکانی خوای گەورەدایە ، وە دەججال دەردەچێت لەم ئوممەتەدا بە بێ گومان و (عیسـی‌ی کوڕی مەریەم) (علیه الصلاة والسلام) دادەبەزێتە سـەر زەوی و لـە دەرگـای (لـد) دەججـال دەکوژێـت . وە ئەوەی زانایانی ئەهلی سوننە فەرموویانە خراپە ئەوا خراپە ، وەئاگاداری هـەموو بیدعەیەك بن ، وەپاش پێغەمبەری خوا (ﷺ) هیچ کەسێك نییە لە ابو بکر باشتر بێت و نایشبێت ، وەپاش ابو بکر کەس نییە لە عومەر باشتر بێت و نایشـبێت وە پاش عومەر هیچ کەسێك نییە لە عوسمان باشتر بێت و نایشبێت .

وەدەمانگوت (ابو بكر و عومەر و عوسمان) و بێ دەنگ دەبووين لە عەلى كاتێك فەرموودەكەى (ابن عمر) مان پێ گەيشت دەربارەى (التفضيل) ، والله ئەو چوارە خەليفەى خوان (راشدين و مهديين) ، وە شايەتى دەدەين بۆ ئەو دە كەسە كە لە بەهەشتدان كە ئەوانيش ئەمانەن : (أبو بكر و عمر و عثمان و علي و طلحة و زوبير و سعد و سعيد و عبدالرحمن بن عوف و أبو عبيدة بن الجراح) ،وەچ كەسێك كە پێغەمبەرى خوا (ﷺ) شايەتى بۆ دابێت كە لە بەهەشتدايە ئەوا ئێمەش شايەتى بۆ دەدەين ، وە دوو دەست بەرزكردنەوە لە نوێژدا خەير و چاكەيە، و دەنگ بەرز كردنەوە بە وشەى(آمين)كاتێك ئيمام دەڵێت(ولا الضالين) خەيرو چاكەيە، وە دوعا كردن بۆ پێشەواى موسڵمانان بە چاكەو دەرنەچوون و رووبەروو بونەوە بە رووياندا بە شير و شەڕ نەكردن لە رۆژى فيتنەدا ، وەنابێت پشتگيرى هيچ كەسێ بكات كاتێ دەڵێن فلان كەس لە بەهەشتدايە يا خود فلان كەس لە دۆزەخ دايە تەنها ئەو دە كەسە نەبێت كە پيغەمبەرى خوا (ﷺ) موژدەى بەهەشتى پێ داون . وە وەسفى خودا دەكەين چۆن خۆى وەسفى خۆى كردووە وە نەفى لەوە دەكەين كە خۆى نەفى لێ كردووە ، وە ئاگادارى جيدال بن لە گەڵ ئارەزوو پەرستان دا و دوور بكەونەوە لە خراپەى هاوەڵانى پێغەمبەر(ﷺ) وباسى نەكەين و تەنها باسى چاكەيان بكەين ، وەهەر دووبەرەكييەك لە نێوانياندا بوو باسى نەكەين وە پرس بە ئەهلى بيدعە نەكرێت لە ديندا ، وەهيچ مارە برينێك نابێت بە بێ ئامادە بوونى خاوەن كچ و دوو شايەت ، وە ژن هێنان بە شێوەى (المتعة) حەرامە تا رۆژى دوايى وە نوێژ كردن لە پشت هەموو ئيمامێكى خراپ و باشەوە ، وەنوێژى جومعە و هەردوو جەژن و نوێژكردن لەسەرهەموو ئەهلى قيبلەيەك كەدەمرێت وە حيسابى لە سەر خوا وەدەرچوون لە گەڵ هەموو پێشەوايەكى موسڵماندا لە كاتى جەنگدا يا لەحەجدا وە تكبير كردن لە نوێژى مردوو دا چوار (الله اكبر)ە بەڵام ئەگەر ئيمام

پێنج (الله اكبر)ی کرد ئەوا تویش دەیکەیت چونکە علي بن ابي طالب پێنج(الله اكبر)ی کردووە ابن مسعود فەرموویەتی:ئەگەر ئیمام چەند (الله اكبر)ی کرد ئەوا تویش ئەوەندە بکە . بەڵام (ئیمامی شافعی) لە گەڵ مندا یەك دەنگ نییە و فەرموویەتی : ئەگەر لە چوار (الله اكبر) زیاتر بوو ئەوا دەبێت نوێژەکەی دوو بارە بکاتەوە ، وەبەڵگەی ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) چوار (الله اكبر)ی کردووە کاتێك نوێژی لە سەر مردوویەك کرد،وە مەسح لە سەر خوف بۆ (مسافر) سێ ڕۆژ و شەوە و بۆ (مقیم) یەك شەو ڕۆژە ، وەشەو نوێژ دوو ركات دوو ركات دەکرێت وەهیچ نوێژێك پێش نوێژی جەژن نییە وە ئەگەر چویتە مزگەوتەوە ئەوا دامەنیشە تاوەکو دوو رکات نوێژی (تـحية المسجد) دەکەیت ، وەنوێژی (وتر) یەك رکاتە وقامەت فەرزە ، وەئەهلی سوننەم خۆش دەوێت هەر شتێکیان کردبێت خوا لەسەر ئیسلام و سوننەت بمانمرێنێت و عیلم و زانستمان پێ ببەخشێت و موفەقمان بکات بۆ ئەوەی کە خۆی پێی خۆشەو پێی ڕازیە[٣٠٤] .

لێرەدا نامەکە تەواو دەبێت ئەگەر ئێمە بەوردی نامەکە بخوێنینەوە دەبینین ئەم نامەیە پڕە لە تەمی و ئامۆژگاری و فێر کردنی موسڵمان بۆ بنەماکانی دینەکەی و فیقە وچۆنێتی نوێژ و قسەکردن دەربارەی کۆمەڵە گومڕاکان و کۆمەڵی ئەهلی سوننە و جەماعە ودەیان ڕێنمایی دی کە کەم کەس دەتوانێت لە نامەیەکی وا بچوکدا جێگای ئەو هەموو زانستە بکاتەوە .

ئیمامی ئەحمەد دەڵێت : لای ئێمە بنەماکانی سوننەت ئەوەیە کە دەست بگریت بەوەی کە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) لە سەری بوون و شوێنکەوتنیان ، و دوور کەوتنە لە بیدعە چونکە هەموو بیدعەیەك گومڕاییە وە دوور کەوتنەوە لە (مراء) و (جیدال) و دژایەتی کردن لە دیندا .

---

(٣٠٤) المناقب:(١٧١).

وه سوننەت لای ئێمه شوێنەواری پێغەمبەره (ﷺ) وه سوننەت قورئان شی دەکاتەوه و رێبەری قورئانه ، و له سوننەت دا قیاس نییه وه نمونەیان له سەر ناهێنینەوه و به عەقڵ و ئارەزوو مامەڵەی له گەڵدا ناکەین بەڵکو ئەوه شوێنکەوتنەو وازهێنانه له ئارەزوو ، وه لەو سوننەتانەی که چ کەسێك وازی لێ بهێنی و پێی رازی نەبێت هەرچەنده ئیمانی پێی هەبێت ئەوه له ئەهلی نی‌یه ئەویش: ئیمان به قەدەر خەیر وشەڕی و باوەڕ هێنان بەو فەرموودانه که دەربارەی هاتوون نابێت بلێیت بۆ ؟ چۆن ؟ بەڵکو ئەوه باوەڕو ئیمان هێنانه پێی ، وه چ کەسێك شی کردنەوەی فەرمودەیەکی نەزانی بەڵام به عەقڵ له یەکی دایەوه ئەوا بەسییەتی و حوکمی له سەر داوه و له سەرێتی ئیمان هێنان پێی و تەسلیم بوون ، وەکو فەرموودەکانی راستگۆی باوەڕ پێکراو (الصادق المصدوق) وه نمونەی ئەو له سەر قەدەرو فەرموودەی بینینی خودا بەڵکو ئیمانی پێ بهێنێ و یەك پیت رەد نەکاتەوه [٣٠٥] ...

سەرچاوەکان

١. العصر العباسي الأول أو (القرن الذهبي في تاريخ الخلفاء العباس) / د . عبد المنعم ماجد .
٢. طبقات الحنابلة / القاضي أبي الحسين محمد بن أبي يعلى /مطبعة السنة المحمدية/١٣٧١-١٩٥٢.
٣. مناقب الامام احمد بن حنبل /الحافظ أبي الفرج عبد الرحمن بن الجوزي / الطبعة الأولى /مطبعة السعادة –مصر.
٤. ابن حنبل حياته وعصره ، آراءه وفقهه/ محمد أبو زهرة.

(٣٠٥) المناقب :(١٧١-١٧٧) .

٥. البداية والنهاية /الحافظ ابن كثير
٦. الأئمة الاربعة /أحمد الشرباصي
٧. علوم الحديث ومصطلحه ، عرض ودراسة / د. صبحي صالح/ مطبعة جامعة دمشق .
٨. الحديث والمحدثون أو عناية الأمة الأسلامية بالسنة النبوية /محمد محمد ابو زهرة /الطبعة الأولى /١٣٧٨-١٩٥٨/ مطبعة مصر – مصر .
٩. مباحث في تدوين السنة المطهرة / أبو اليقظان عطية الجبوري/ المطبعة العربية الحديثة / القاهرة – مصر .
١٠. حلية الولياء /
١١. سير اعلام النبلاء/الامام الذهبي
١٢. تاريخ بغداد/ الخطيب البغدادي.

ناوەرۆك

پێشەكى
ناو و نەسەبى
گەڕان بە دواى زانستدا
گوێ گردن لە فەرموودە
لە كاتى زانست وەرگرتندا
گێڕانەوەى فەرموودە
مامۆستاكانى ئیمامى ئەحمەد
ئیمامى ئەحمەد و شافعى

ڕێزی زانایان لای ئیمامی ئەحمەد
تێگەیشتنی ئیمامی ئەحمەد
چەند نمونەیەك لە فیقهی ئیمامی ئەحمەد
ئیمامی ئەحمەد و سونەتەكانی پێغەمبەر
ئیمامی ئەحمەد و عیزەتی نەفس
بژێوی ژیانی ئیمامی ئەحمەد
ئەو پاڵنەرانەی كە بووە هۆی ئەوەی ئیمامی ئەحمەد ببێتە ئەو زانایە
كۆڕ و مەجلیسی ئیمامی ئەحمەد
چەند ڕەوشتێكی ئیمامی ئەحمەد
قوتابییەكانی ئیمامی ئەحمەد
وتەی زانایان دەربارەی ئیمامی ئەحمەد
دەست پێكردنی تاقیكردنەوە (المحنة)
سەرەتایەك دەربارەی كێشەكە
دەست پێكردنی (المحنة)
لە بەر دەستی (المعتصم)دا
ئەوانەی كە لە تاقیكردنەوەكە خۆڕاگربوون
ئیمامی ئەحمەد و واثق بالله
وتەی زانایان دەربارەی ئیمامی ئەحمەد پاش تاقیكرنەوە
ئیمامی ئەحمەد متوكل
ژن و منداڵەكانی ئیمامی ئەحمەد
نوسینەكانی ئیمامی ئەحمەد

لە خواترسانی ئیمامی ئەحمەد

نەخۆش کەوتن و کۆچی دوایی ئیمامی ئەحمەد

بیروباوەڕی ئیمامی ئەحمەد

نامەیەك

سەرچاوەکان

ناوەڕۆك

==============

سايتى بەهەشت

www.ba8.org